
ڕۆمان
وەرگێڕان:
ئالان محەممەد
ئارسەرکۆنان دۆیڵ
لێکۆڵینەوەیەکی ئاڵ
شێرلۆک هۆڵمز

**ناونیشانی ڕۆمان: لێکۆڵینەوەیەکی ئاڵ**

**جۆری ڕۆمان: پۆلیسی**

**نووسەر: ئارسەر کۆنان دۆیڵ**

**ساڵی نووسین:** 1887ز

**وڵات: بەریتانیا**

**وەرگێڕان لە عەرەبییەوە: ئالان محەمەد**

**کورتە:**

**پیاوێکی خانەدان لە لایان کەسێکەوە لە خانوویەکی بەتاڵی دوورە پەرێزدا کوژراوە و دەستەی پۆلیس دەستی بە لێکۆڵینەوە دەربارەی ئەو دۆسیەیە کردووە. بەڵام وەکو هەمیشە ئەمە لە سەرووی توانای ئەوانەوەیە، بۆیە داوای یارمەتی لە (شێرلۆک هۆڵمز)ی لێکۆڵەری ناوازە دەکەن تاکو ڕاستی ئەم ڕووداوە و ناسنامەی بکوژەکە ئاشکرا بکات و کۆتایی بەم ڕووداوە نامۆیانە بهێنێت.**

# لێکۆڵینەوەیەکی ئاڵ

## بەشی یەکەم

### بەڕێز (شێرلۆک هۆڵمز)

ساڵی 1878ز لە زانکۆی "لەندەن"ی کۆلێژی پزیشکی دەرچووم و بووم بە پزیشک، دواتر ڕۆیشتم بۆ "نێتلی" سەر بە ناوچەی "هامبشەیەر" تاکو بەژداری لە خولی پزیشکانی سوپا بکەم. دوای ئەوەی کە لەوێش دەرچووم، ئەوا بڕیاردرا کە وەکو پزیشکێکی یاریدەدەر بچمە پاڵ دەستەی "پێنجەم" کە ئەو کاتە لە "هندستان" بوو، پێش ئەوەی بڕۆم بۆ ئەوێ، ئەوا جەنگی "ئەفغانی دووەم" دەستی پێکرد. کاتێک گەیشتمە "بۆمبای"، زانیم کە گروپەکەم ڕۆیشتووە بۆ "ئەفغانستان". من و چەند ئەفسەرێک بە سەلامەتی بەرەو ئەوێ ڕۆیشتین، هەر کە بە گروپەکە گەیشتین، ئەوا ڕاستەوخۆ دەستبەکار بووم.

ئەو جەنگە بووە هۆکاری ئەوەی کە چەندین کەسایەتی سەربازی پلەیان بەرز ببێتەوە، جگە لە من کە تەنیا بوو بوو بە مایەی مەینەتی و ئازار و برینداربوونم. دوای ماوەیەک دەستەی باڵا منیان بۆ یەکەی "بیرکشایەر" گواستەوە، کە چووە پاڵیان دووچاری شەڕی "مایواند"ی نەفرەتی بووین کە بوو بە هۆی ئەوەی گوللەیەک بەر شانم بکەوێت و ئێسکەکانی بشکێنێت، هەروەها دەمارێکی سەرەکی خواروو شانیشم پچڕا، ئەگەر (مۆرای)ی یارمەتیدەرم ڕزگاری نەکردبام (ئەو کاتە منی لەسەر پشتی هەڵگرت و دواتر منی خستە سەر ئەسپێک و بەرەو هێڵەکانی سوپای ئینگلیزی بردم) ئەوا لە بەرەکانی جەنگ دەمردم یاخود لە لایان دوژمنانەوە بەدیل دەگیرام. دواتر لەگەڵ کۆمەڵە بریندارێکی زۆر بۆ "بیشاور" گوازراینەوە، تووشی برینێکی زۆر و ماندووییەکی زۆر بووبووم، بە ئەستەم دەمتوانی بوەستم. بەهەرحاڵ دوای ماوەیەک چاک بوومەوە و دەمتوانی بوەستم و بە ناو نەخۆشخانەکەدا بگەڕێم، بەڵام دوای ماوەیەک تووشی "تای تیفۆدی"ی نەفرەتی بووم، ئەمەش نەخۆشییەکی بەربڵاو بوو لە "هندستان"، ئەم "تا"یە بۆ ماوەی چەندین مانگ منی خستە سەر جێگا.

کاتێک چاک بوومەوە، ئەوا زۆر لاواز و کز بوو بووم، توانای ئەوەم نەبوو کە بە شێوەیەکی باش کارەکانم ڕاپەڕێنم، بۆیە دەستەی پزیشکی بڕیاریدا کە من بگەڕێنێتەوە بۆ نیشتیمان، بەم شێوەیە بە کەشتی "ئۆرونتوس" کە سەربازەکانی دەگەڕاندەوە بۆ وڵات گوازرامەوە. دوای مانگێک گەیشتین بە بەندەری "بۆرتسماوث"، تەندروستیم زۆر خراپ بوو بوو، لەوێ دەسەڵاتداران ڕێگەیان پێدام کە بۆ نۆ مانگی تر بمێنمەوە تاکو تەندروستیم باشتر دەبێت.

لە "لەندەن" هیچ خزمێک و هاوڕێیەکم نەبوو، بۆیە بە ئازادی دەسووڕامەوە، ئەو پارەیەی کە حکومەت ڕۆژانە پێی دەدام بریتی بوو لە یازدە شەلن و شەش پێنس. لە شەقامێکی ناوچەی "ستراند"، لە هوتێلێک ژوورێکی گرانبەهام بەکرێ گرتبوو، ئەو پارەیەی کە پێم دەدرا بە تەواوی لە شتی پڕوپووچدا بەفیڕۆم دەدا، بەهەرحاڵ بە هۆی ئەم شێوازی پارە سەرفکردنە خەریک بوو مایەپووچ ببم، بۆیە ڕۆژێکیان بڕیاری ئەوەم دا کە یان "لەندەن" جێبێڵم و بڕۆم لە گوندێک بژیم و ژیانێکی سادە بۆ خۆم دابین بکەم، یان ئەوەتا دەبێت لەم هوتێلە بڕۆم و شوێنێکی هەرزان بەکرێ بگرم و وریای پارەکەم ببم. هەڵبژاردەی دووەمم هەڵبژارد. ئەو ڕۆژەی کە ئەم بڕیارەم دا لە قاوەخانەی "کرایتریۆن" بووم، لەو کاتەدا کەسێک دەستی لەسەر شانی دانام و بینیم کە (ستامفۆرد) بوو، لە کاتی جەنگدا یاریدەدەری پزیشکی من بوو، هەرچەندە ئەو کاتە لە ڕووی هاوڕێیەتییەوە زۆر لێک نزیک نەبووین، بەڵام لەو ساتەدا بە بینینی ئەو زۆر دڵخۆش بووم، چونکە هیچ کەسێکم لە "لەندەن" نەدەناسی و هەستم بە تەنیایی دەکرد. ئەویش بە بینینی من زۆر دڵخۆش بوو، دواتر قسەمان کرد و بڕیارمان دا ژەمی نیوەڕۆ لە چێشتخانەی "هۆلبۆرن" بخۆین، بۆیە لە قاوەخانەکە چووینە دەرەوە و لە ڕێگا گالیسکەیەکی گواستنەوەمان بەکرێ گرت و ڕۆیشتین بۆ ئەوێ. لە کاتێکدا گالیسکەکە بە شەقامە بچووکەکانی "لەندەن"دا دەڕۆیشت، ئەوا (ستامفۆرد) بە سەرسامییەکی زۆرەوە گوتی: ئەوە چیت بەسەرهاتووە (واتسن)؟! بەڕاستی زۆر کز و بێ هێز بوویت!

منیش بە کورتی بۆم باسی ڕووداوەکان کرد، کاتێک گەیشتینە شوێنی مەبەست، ئەوا دابەزین و وەکو ئەوەی بڵێیت بەزەیی پێدا هاتمەوە گوتی: بەڕاستی داماویت، ئەی ئێستا بە تەمای چیت؟

منیش لە وەڵامدا گوتم: لە ئێستادا بە دوای شوێنێکی هەرزاندا دەگەڕێم بۆ ئەوەی لێی نیشتەجێ ببم.

ئەویش گوتی: ئای خوایە! ئەوە ئەمڕۆ تۆ دووەمین کەسیت کە ئەمە بڵێیت.

منیش پرسیم: ئەی یەکەم کەس کێ بوو؟

هاوکارێکمە کە لە بەشی تاقیگەی کیمیایی نەخۆشخانە کار دەکات. ئەم بەیانییە بێزاری خۆی دەردەبڕی بەوەی کە هیچ کەسێک ناناسێت تاکو لەگەڵی ببێتە هاونیشتەجێ و پارەی شوێنەکە بە نیوەیی بەش بکەن.

منیش بە دەنگێکی بەرزەوە گوتم: ئای خوایە! ئەگەر بیهەوێت، ئەوا دەبم بە هاونیشتەجێی ئەو، هەروەها حەزیش ناکەم بە تەنیا لە شوێنێک بژیم.

(ستامفۆرد) بە شێوەیەکی سەیر لە من ڕووانی و گوتی: تۆ باش (شێرلۆک هۆڵمز) ناناسیت، لەوانەیە حەز نەکەیت ببیت بە هاونیشتەجێی هەمیشەیی ئەو.

-بۆچی؟ کێشەی چییە؟

-ناڵێم کە کێشەی هەیە، بەڵکو تەنیا بیرۆکەکانی نامۆن، ئەوەندەی بزانم ئەو هەندێک وانەی زانستی دەخوێنێت، بە ڕای من کەسێکی باشە.

-کەوایە گرنگی بە وانە زانستییەکان دەدات، وەکو زانستی پزیشکی؟

-نازانم کە دەیهەوێت لە چ بوارێکدا بخوێنێت، هەڵە نەبم لە توێکاریدا زۆر باشە، هەروەها لە زانستی کیمیاشدا ناوازەیە، بەڵام هیچ وانەیەکی پزیشکی ناخوێنێت، ئەو لێکۆڵینەوەنانەی ئەنجامیشی دەدات زۆر نامۆن و سەر بە سیستەمی گشتی خوێندن نین، شایەنی باسیشە کە خاوەن زانیاری زۆرە، ئەمەش وای کردووە کە مامۆستایەکانی سەرسام بکات.

-ئایا لێت نەپرسیوە کە ئایا دەیهەوێت لە چ بەشێکدا بخوێنێت؟

-نەخێر، ئەو کەسێک نییە کە بتوانیت بە ئاسانی لەگەڵیدا بدوێیت، هەرچەندە ئەگەر حەز بکات، ئەوا گفتوگۆیەکی سەرنجڕاکێشت لەگەڵ دەکات.

منیش گوتم: دەمهەوێت بە دیداری ئەم هاوکارەت شاد بم، ئەگەر بمهەوێت لەگەڵ کەسێک بژیم، ئەوا حەز دەکەم کەسێکی بێدەنگ بێت، چونکە بە هۆی تەندروستی ئێستامەوە ناتوانم

بەرگەی ژاوە ژاو بگرم، بای پێویست ژاوە ژاوم لە "ئەفغانستان" بیستووە. ئێستا ئەو لە کوێیە؟

-زۆربەی کات لە تاقیگەیە. ڕۆژی وا هەیە کە کەم دەچێت بۆ ئەوێ، بەڵام ڕۆژی واش هەیە کە لە بەیانییەوە تاکو شەو کاری تێدا دەکات. پێم باشە کە دوای ژەمی نیوەڕۆ سەردانی بکەین.

-بیرۆکەیەکی باشە.

دوای ژەمی نیوەڕۆ بەرەو تاقیگەی نەخۆشخانە بەڕێ کەوتین، لە ڕێگادا (ستامفۆرد)ی هاوڕێم زانیاری تازەی دەربارەی ئەو پیاوە پێ گوتم کە بەتەما بووم لەگەڵی بژیم. (ستامفۆرد) گوتی: سەیرکە، ئەگەر پێکەوە نەگونجان، ئەوا لۆمەم مەکە، چونکە منیش زانیارییەکی وام لەسەر ئەو نییە بەوەی کە تەنیا ئەو کاتانە دەیبینم کە لە تاقیگەم، مادام تۆ ویستووتە بیبینیت، ئەوا تکایە دواتر لۆمەم مەکە.

منیش گوتم: ئەگەر لەگەڵ یەکتری نەگونجێین، ئەوا بە ئاسانی ماڵاوایی لە یەکتری دەکەین. دواتر گومانم پەیدا بوو و گوتم: دیارە کە هەندێک زانیاری دەربارەی ئەم پیاوە دەشاریتەوە، ئایا خووی خراپی هەیە یان چی؟!

بە پێکەنینەوە وەڵامی دامەوە و گوتی: ناتوانم شتێکت پێ بڵێم کە نایزانم، بەڕاستی سەر لە (شێرلۆک) دەرناکەم. تاقیکردنەوەکانی بە ڕادەیەک نامۆن کە تێکەڵەی کیمیایی لە ڕووەکەکان دەردێنێت و وەکو چارەسەر یان ژەهر بەکاری دێنێت. دڵنیام مەبەستێکی خراپی نییە، هەر ئەوەیە کە دەیهەوێت زانیاری ورد دەربارەیان بەدەست بێنێت. بە ڕادەیەک بۆ بەدەستهێنانی زانیار بەجۆشە کە ئامادەیە بۆ خۆی ژەهر و دەرمانەکان بخوات تاکو تاقیان بکاتەوە. وەکو گوتم، تاکو زانیاری ورد بەدەست بهێنێت.

-مافی خۆیەتی.

-بەڵێ، بەڵام هەندێک جار زیادەڕۆیی دەکات، جاری وا هەیە کە لە لاشە مردووەکان دەدات.

-لە لاشە مردووەکان دەدات؟!

-بەڵێ، بۆیە ئەم کارە دەکات تاکو بزانێت کە لاشە مردووەکان تاکو کەی شوێنەواری لێدانیان لەسەر دەمێنێتەوە.

-دەشڵێیت کە لە بەشی پزیشکی ناخوێنێت؟!

-تەنیا خودا دەزانێت کە ئامانجی لەو لێکۆڵینەوەنانە چییە! ئەوە گەیشتین، خۆت بڕیار لەسەر کەسایەتی ئەو بدە.

چووینە ناو نەخۆشخانەکە و بەرەو تاقیگەکە ڕۆیشتین، شوێنەکەم لا ئاشنا بوو، بۆیە پێویستم بە (ستامفۆرد) نەبوو تاکو ڕێنوێنیم بکات. بە ڕێڕەوە درێژەکانی نەخۆشخانەکەدا ڕۆیشتین، ڕەنگی دیوارەکانی سپی بوو و خەتێکی قاوەیی بە نانەوەدیدا ڕەنگکرابوو. لە سووچی کۆتایی نەخۆشخانەکە نزیک بووینەوە و دەرگای تاقیگەکەمان بینی.

تاقیگەکە پڕ بوو لە دەفری شووشەیی و مێزەی توێکاری درێژ و گڕی شین کە بۆ تاقیکاری بەکاردێت. تەنیا کەسێکمان لەو تاقیگەیە بینی کە پشتی خۆی چەماندبۆوە و دیار بوو کە سەرقاڵی کارەکەیەتی. هەرکە گوێی لە هەنگاوەکانی ئێمە بوو، ئەوا سەرنجی دایە ئێمە و بە ڕوویەکی خۆشەوە ڕووی کردە هاوڕێکەم و بە دەنگێکی بەرز گوتی: ئەو ماددەیەم دۆزیەوە کە تەنیا لە کاتی بوونی "هیمۆگلۆبین" دزە دەکات!

ئەگەر کانی زێڕی دۆزیبایەوە، ئەوا بەم ئەندازەیە دڵخۆش نەدەبوو. بەهەرحاڵ (ستامفۆرد) بە یەکتری ناساندنین و ئەو پیاوە هاتە بەردەمم و تۆقەی لەگەڵ کردم، ئەو تۆقەیەی خاوەن هێزێکی زۆر بوو، هێزێک کە بڕوام نەدەکرد هەیبێت. دواتر دەستی بە قسە کرد و گوتی: خۆشحاڵم بە ناسینت، دیارە کە لە "ئەفغانستان" بوویت.

منیش بە سەرسامییەکی زۆرەوە گوتم: ئەمەت چۆن زانی؟!

بە پێکەنینەوە گوتی: گرنگی بەوە مەدە، ئێمە دەربارەی "هیمۆگلۆبین" قسە دەکەین، ئەم دۆزینەوەی منت پێ چۆنە؟

-لە ڕووی کیمیاییەوە دۆزینەوەیەکی ناوازەیە، بەڵام لە ڕووی بەکارهێنانەوە زۆر گرنگ نییە.

-ئای خوایە! ئەمە یەکێکە لە گرنگترین دۆزینەوەی زانستی پزیشکی تاوانکاری، بەمە دەتوانین لە پەڵەکانی خوێن دڵنیا ببینەوە. وەرە، ئێستا شتێکت نیشان دەدەم.

ئەو بەجۆشەوە دەستی منی گرت و بەرەو تەختەکەی بردم و گوتی: با خوێن بەکاری بێنین.

دواتر دەرزییەکی لە پەنجەی دا و نموونەیەکی خوێنی خۆی دەرهێنا، دواتر گوتی: ئێستا ئەم قەترە خوێنە دەخەمە ناو لیترێک ئاوەوە، وەکو دەبینیت کە ئاوێکی پاکە، لەوانەیە مەحاڵ بێت کە ئاسەواری خوێنەکە لەناو ئاوەکە دیار بێت، بەڵام دڵنیات دەکەمەوە کە کارلێکێک ڕوودەدات و ئاسەواری خوێنەکە دەردەخات.

دواتر هەندێک بلووری سپی خستە ناو ئاوەکە و هەندێک دڵۆپەی شلەیەکی ڕوونیشی بۆ زیاد کرد، لەپڕ ڕەنگی ئاوەکە گۆڕا بۆ قاوەییەکی کاڵ و ماددەیەکی قاوەیی تۆخ لە ژێرەوە نیشت. دواتر (هۆڵمز) بە دڵخۆشییەکی زۆرەوە سەیری کردم و گوتی: پێت چۆنە؟

منیش گوتم: دیارە کە تاقیکردنەوەیەکی زانستی زۆر وردە.

-بە دڵنیاییەوە! پرۆسەی کۆن چیتر باوەڕ پێکراو نییە بەوەی کە تێیدا ماددەیەکی کەتیرەیی خراپ بەکار دەهێنرێت. هەروەها پشکنینی وردبینیش باش نییە بەوەی کە پاش چەند کاتژمێرێک لە وشک بوونەوەی پەڵەکانی خوێن ناتوانێت پشکنینێکی درووست بۆ وردیلەکانی خوێن بکات. بەڵام ئەم تاقیکردنەوەیە وا نییە بەوەی کە دەتوانێت پشکنین بۆ پەڵە خوێنە تازە و کۆنەکان بکات و ئەنجامێکی باش بڕەخسێنێت. ئەگەر پێشووتر ئەم تاقیکردنەوەیە بوونی هەبووبا، ئەوا ئێستا سەدەها کەسی تاوانبار نەیاندەتوانی بە ئازادی لە شەقامەکان بخوولێنەوە.

به دەنگێکی نزمەوە گوتم: بەڵێ.

-هەمیشە دۆسیە تاوانکارییەکان لەم خاڵەدا دەچەقن، بۆ نموونە با بڵێین کەسێک گومانی ئەوەی لێکراوە کە کەسێکی کوشتووە، دەبینن کە کەسەکە پەڵە لەسەر پۆشاکەکەی یان جێگایەکەیەتی یان هەر شتێک بێت، ئەو کات دڵنیا نابن کە ئایا ئەوە پەڵەی خوێنە یان پەڵە قوڕە یان هەر شتێک بێت، بەڵام هەموو ئەمانە کۆتاییان پێ دێت، چونکە ئێستا خاوەنی ئەم تاقیکردنەوەین کە تەواوی پڕۆسەی لێکۆڵینەوە دەگۆڕێت.

تێبینی ئەوەم کرد کە زۆر بەجۆشەوە قسەی دەکرد، دواتر دەستی لەسەر سنگی دانا و سەری دانواند وەکو ئەوەی جەماوەر چەپڵەی بۆ لێ دەدەن.

دواتر گوتم: کەوایە پێویستە پیرۆزباییت لێ بکەین.

-ساڵی ڕابردوو (ڤۆن بیسکۆف)ی "فڕانکفۆرت" کە سەرنجی هەمووانی ڕاکێشا بوو، بە دڵنیاییەوە لەسێدارە دەدرا ئەگەر ئەم تاقیکردنەوەی من بوونی هەبووبا، یان (مەیسن)ی "برادفۆرت"، یان (مۆلر)ی تاوانبار، یان (لیفیفز)ی "مۆنتبلێ"، هەروەها (سامسۆن)ی "نو ئورلینز". لەگەڵ چەندین دۆسیەی تر کە ئەم تاقیکردنەوەیە تێیدا ڕۆڵێکی کاریگەری دەبوو.

(ستامفۆرد) بە پێکەنینەوە گوتی: هەموو هەواڵێکی تاوانکاریت لایە، باشترە ڕۆژنامەیەکی تایبەت بە خۆت دانێیت و ناوی لێ بنێیت "هەواڵی تاوانکاری."

(شێرلۆک هۆڵمز) گوتی: ڕۆژنامەیەکی خۆش دەبێت.

دواتر پلاستەرێکی هەڵگرت و چەسپاندی بەو پەنجەیەی کە خوێنەکەی لێ دەرهێنا، دواتر ڕووی کردە من و بە خەندەوە گوتی: پێویستە وریابم، چونکە زۆربەی کات دەستەکانم بەم ماددە کیمیاییانە تەڕ دەبن.

کاتێک دەستی بەرز کردەوە، ئەوا تێبینی ئەوەم کرد کە دەستی پڕە لەو جۆرە پلاستەرانە، ڕەنگی پلاستەرەکان بە هۆی ماددە کیمیاییە بەهێزەکانەوە گۆڕابوو.

(ستامفۆرد) لەسەر کورسییەکی بەرز دانیشت و گوتی: بۆیە هاتووین بۆ ئێرە تاکو شتێکت لەگەڵدا باس بکەین. ئەم هاوڕێیەم بە دوای شوێنێک بۆ نیشتەجێبوون دەگەڕێت، تۆش

**دەتویست کەسێکت لەگەڵ بێت تاکو نیوەی خەرجی شوێنی نیشتەجێبوونەکەت لەگەڵ بدات، بۆیە بیرم کردەوە کە بیرۆکەیەکی باش دەبێت ئەگەر بە یەکترتان بناسێنم.**

**دیار بوو کە (شێرلۆک) پێی خۆش بوو ببێت بە هاونیشتەجێی من.**

**-ئایا بۆنی گلیۆن بێزارت دەکات؟**

**-نەخێر، چونکە منیش هەندێک جار دەیکێشم.**

**-زۆر باشە، زۆربەی کات تاقیکردنەوەی کیمیایی دەکەم، بۆیە شووشەی تاقیکردنەوە و کەلووپەلی تاقیگای زۆرم لادەبێت، ئەمە نابێت بە کێشە، وایە؟**

**-نەخێر، کێشە نابێت.**

**-بوەستە با بیر بکەمەوە کە خەوشی چیترم هەیە، ئەها... بیرم هاتەوە، کاتی وا هەیە کە خەمۆک دەبم و بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک قسە ناکەم، وا مەزانە کە توڕەم یان لێت زیزم، تەنیا گرنگیم پێ مەدە و بۆ خۆم باش دەبم. بەهەرحاڵ ئایا هیچ خەوشێکت هەیە کە دەربارەی بزانم؟ پێم وایە کە دوو کەس پێش ئەوەی پێکەوە بژین، ئەوا پێویستە دەربارەی خەوشەکانی یەکتری بزانن.**

**کە گوێم لەوە بوو پێکەنیم، دواتر گوتم: بە هۆی تەندروستیمەوە بەرگەی ژاوە ژاوی زۆر ناگرم، هەروەها کاتی لەخەو هەستانم دیاریکراو نییە و زۆر تەمبەڵم، چەندین خەوشی تریشم هەیە کە دوای چاک بوونەوەم دەردەکەون، بەڵام لە ئێستادا هەر ئەم کۆمەڵە خەوشانەم هەن.**

**بە سەرنجێکی زۆرەوە لێی پرسیم: ئایا ژەنینی کەمان بێزارت دەکات؟**

-نەخێر، هەڵبەتە ئەمە بەندە بە جۆری ژەنینەکە، ئەگەر ژەنینێکی باش بێت، ئەوا پێی دڵخۆش دەبم، بەڵام ئەگەر خراپ بێت...

-بە خۆشییەکی زۆرەوە گوتی: کەوایە تەواوە! لەمەودوا پێکەوە دەژین، ئەوە ئەگەر شوقەکەت بەدڵ بێت.

-کەی بڕۆین بۆ بینینی شوقەکە؟

-سبەی نیوەڕۆ وەرە بۆ ئێرە و بەڕێ دەکەوین.

-زۆرباشە.

دواتر لەگەڵ (ستامفۆرد) لە تاقیگەکە چووینە دەرەوە و بەرەو دەروازەی دەرچوونی نەخۆشخانەکە بەڕێ کەوتین، پێش ئەوەی لە نەخۆشخانە دەربچین، ئەوا گوتم: ئەو چۆنی زانی کە لە "ئەفغانستان" بووم؟!

(ستامفۆرد) بە پێکەنینەوە گوتی: ئەمە یەکێکە لە خووە تایبەتەکانی، کەسانێکی زۆر دەیانهەوێت بزانن کە چۆن ئەم جۆرە شتانە دەزانێت.

-بەڕاستی کەسێکی سەیرە، دەبێت دەربارەی ئەو بکۆڵمەوە و زانیاری لەسەر بەدەست بهێنم.

-لێی بکۆڵەوە، بەڵام دڵنیات دەکەمەوە کە ئەو کەسێکی ئاڵۆزە، هەروەها دڵنیاشم کە ئەوەندەی ئەو دەربارەی تۆ دەزانێت، ئەوا تۆ دەربارەی ئەو نازانیت.

**دواتر ماڵاواییمان لە یەکتری کرد و منیش بەرەو هوتێلەکە گەڕامەوە.**

بەشی دووەم

زانستی دەرەنجام

بۆ ڕۆژی دواتر سەردانی شوقەی ژمارەی "221 B" - شەقامی "بەیکەر"مان کرد کە (هۆڵمز) باسی دەکرد. شوقەکە دوو ژووری خەوتنی باشی هەبوو، هەروەها هۆڵێکی گەورەی دانیشتنی هەبوو لەگەڵ دوو پەنجەرەی گەورە کە ڕووناکی پێدا دەهاتە ژوورەوە، زەوییەکەی فەرشێکی جوانی لەسەربوو، بە گشتی شوقەیەکی زۆر باش بوو و پارەیەکی کەمیشی دەویست کاتێک هەردووکمان پارەکەمان دەدا، بەهەرحاڵ ڕێککەوتین و بڕیارمان دا کە شوقەکە بەکرێ بگرین.

لە هەمان شەودا کەلووپەلەکانی خۆم لە هوتێلەکە بۆ شوقەکە گواستەوە، (هۆڵمز)یش بە ڕۆژی دواتر هەمان کاری ئەنجامدا، هەندێک سندووق و جانتای گەشتکردنی لەگەڵ خۆی هێنابوو. بۆ ماوەی دوو ڕۆژ خەریکی ڕێکخستنی شوقەکە بووین، لە کۆتاییدا تەواوی کەلووپەلەکانمان لە شوێنی خۆی جێگیر کرد و دەستمان کرد بە حەسانەوە لە شوقە تازەکەمان.

ژیان لەگەڵ (هۆڵمز) ناخۆش نەبوو، چونکە زۆربەی کات بێدەنگ بوو، زۆربەی کات کاتژمێر 10 دەخەوت و بەیانییانیش زوو لە خەو هەڵدەستا و نانی بەیانی دەخوارد، هەمیشە پێش من هەڵدەستا و دەڕۆیشت بۆ سەر کارەکەی. زۆربەی کات لە تاقیگە کیماییەکە دەمایەوە، یاخود کاتی واهەبوو لە ژووری پێشوازی خوارەوە کاری دەکرد، هەندێک جاریش پیاسەیەکی دوور و درێژی بۆ شەقامە هەژارەکانی "لەندەن" دەکرد.

کاتێک کاری دەکرد، ئەوا زۆر چالاک بوو، بەڵام کاتی واش هەبوو کە بۆ ماوەی چەندین ڕۆژ بە بێ جووڵە لەسەر قەنەفەکە دادەنیشت و دەکەوتە خەیاڵاتەوە، ئەگەر بە چاوەکانی خۆم نەمبینیبا کە چۆن گرنگی بە ڕێکارە تەندروستییەکان دەدات، ئەوا گومانی ئەوەم لێ دەکرد کە ماددەی هۆشبەر بەکاردێنێت.

چەندین حەفتە تێپەڕی و بە پێی کات سەرنجی زیاتر لەسەری دەبوو، دەمویست بزانم کە ئامانجی ئەو چییە و بیری لە چی دەکاتەوە. کەسێکی زۆر سەیر بوو، تەنها شێوەی دەرەوەی سەرنجی دەوروبەری ڕادەکێشێت بەوەی کە بەرزی باڵایەکەی لە 180سم زیاتر بوو، زۆریش کز بوو، ئەمە وایکردبوو کە درێژتریش دەربکەوێت. دوو چاوی تیژی هەبوون، جگە لەو کاتانەی کە بۆم باس کردن. لووتێکی درێژی و چەناگەیەکی بەهێزی هەبوو. دەستەکانی پڕ

بوو بوون له مەرەكەب و پەڵەی كیمیایی، بەڵام لە هەمان كاتیشدا دەستەكانی نەرم بوون بەوەی كە تێبینی ئەوەم كردبوو كە چەندە بە وریاییەوە دەست لە ئامێرە زانستییەكانی دەدات.

لەوانەیە وابزانن كە كەسێكی زۆر خۆتێهەڵقورتێنەرم، لەوانەیە ڕاست بكەن بەوەی كە زۆربەی كاتەكان ویستوومە بزانم كە ئەو چی دەكات یان بیر لە چی دەكاتەوە. بەڵام تكایە ئەوەش لەبەرچاو بگرن كە كەم شت هەبووە تاكو سەرنجی من ڕاكێشێت، بە هۆی تەندروستیمەوە نەمدەتوانی بچمە دەرەوە، هەروەها هاوڕێشم لە "لەندەن" نەبوون تاكو سەردانم بكەن و پێكەوە كات بەسەر ببەین، بۆیە تەواوی سەرنجی خۆم خستبووە سەر ئەو.

وەكو (ستامفۆرد) باسی كرد، (هۆڵمز) لە بەشی پزیشكی نەیدەخوێند، تێبینی ئەوەم كرد كە هیچ لەو وانانە ناخوێنێت كە لە ڕێیەوە بتوانێت بڕوانامەیەكی زانستی یان پزیشكی پێ بەدەست بهێنێت. بەڵام زۆر حەزی بە خوێندنەوە دەهات و خاوەن زانیاری گشتی زۆر بوو، بە ڕادەیەك كە سەرسامی كردبووم. دڵنیام مەبەستێك لەو زانیاریانەی هەیە، چونكە هیچ كەسێك ئەو زانیاریانە لەبەر ناكات ئەگەر كاری پێ نەبێت.

ئەوەی جێی سەرسامی زیاتر بوو، ئەوە بوو كە زانیاری لە هەندێك بواردا نەبوو، دەتوانم بڵێم كە زانیارییەكی زۆر كەمی دەربارەی ئەدەب و فەلسەفە و سیاسەت هەبوو، بۆ نموونە كاتێك باسی هەندێك لە وتەكانی (تۆماس كارلایل)م دەكرد، ئەوا بە ساویلكەییەكی زۆرەوە لێی پرسیم كە ئایا ئەو كێیە، لە هەمووشی سەیرتر ئەوە بوو كە بە ڕێكەوت زانیم ئەو هیچ شتێك دەربارەی سیستەمی خۆری نازانێت و هەرگیزیش گوێی لە گریمانەی "كۆبرنیكۆس" نەبووە! پێم سەیر بوو كە مرۆڤێك لە سەدەی 19 بژیت و ئەوە نەزانێت كە زەوی بە دەوری خۆردا دەسووڕێتەوە!

)هۆڵمز) بە پێكەنینەوە سەیری كردم و گوتی: ئایا سەرت سووڕماوە؟ بەهەرحاڵ پێویستە ئەم زانیارییە لەبیر خۆم بەرمەوە كە ئێستا پێت گوتم.

-لەبیر خۆتی ببەیتەوە؟!

-سەیركە، بڕوام وایە كە مێشكی مرۆڤ وەكو كۆگایەكی بچووك وایە كە هەرچی حەزت پێی بێت، ئەوا دەتوانیت تێی بهاوێیت، بەڵام زۆربەی مرۆڤەكان هەموو جۆرە زانیارییەكی بە سوود و بێ سوود لە مێشكی خۆیاندا دەهاوێن، ئەمەش دەبێت بە ڕێگر لەوەی كە ئەو زانیارییەی پێویستیان پێیەتی لە كاتێكی دیاریكراودا سوودی لێ ببینن. بەڵام كەسە

**زیرەکەکان ئەوانەن کە دەزانن چ جۆرە زانیارییەک لە مێشکیان بهاوێن و چۆن و کەی سوودی لێ ببینن. بۆیە پێویستە هەمیشە زانیارییەک بخوێنینەوە کە سوودی بۆمان دەبێت، نەوەکو زانیاری پووچ و بێ کەڵک. ئەوەش بزانە کە مێشکی مرۆڤ بە جۆرێک ڕاهێندراوە کە لە بەرامبەر زیادکردنی هەر زانیارییەک بۆ مێشکت، ئەوا زانیارییەکی تر لەدەست دەدەیت.**

**-بەڵام سیستەمی خۆر...**

**-زانینی ئەوە هیچ سوودێکی بۆم نابێت، چونکە زانیاریم دەربارەی ئەوەی کە ئایا زەوی بە دەوری خۆردا دەسووڕێتەوە یان نا هیچ سوودێکی بۆ کارەکەم نابێت.**

**خەریک بوو دەربارەی کارەکەی بپرسم، بەڵام دیار بوو کە حەز ناکات وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە، دواتر ئەوم جێهێشت و بیرم لەو گفتوگۆیە بچووکە دەکردەوە، بیرم لەوە دەکردەوە کە دەیگوت تەنیا گرنگی بەو زانیارییانە دەدات کە لە کارەکەیدا یارمەتیدەر دەبێت، کەوایە ئەو زانیارییانەی کە گرنگی پێ دەدات، دەبێت بە جۆرێک لە جۆرەکان جۆری کارەکەی دیاری بکات.**

**دواتر پارچە کاغەزێک و پێنووسێکم هێنا و دەربارەی ئەو بوارانەم نووسی کە تێیدا شارەزایە، ئەمە ئەو لیستە بوو کە ئامادەم کردبوو:**

1. **ئەدەب: زانیاری دەربارەی نییە.**

2. **فەلسەفە: زانیاری دەربارەی نییە.**

3. **زانستی گەردووناسی: زانیاری دەربارەی نییە.**

4. **سیاسەت: زانیارییەکی زۆر کەمی دەربارەی هەیە.**

**5. زانستی ڕووەکناسی: زانیارییەکی زۆری لەسەر ژەهرەکان هەیە، بەڵام هیچ جۆرە زانیارییەکی دەربارەی کشتوکاڵی نییە.**

**6. جیۆلۆجیا: زانیارییەکی سنووورداری دەربارەی هەیە، بۆ نموونە دەیزانی کە ئەو قوڕەی بەسەریدا ڕۆیشتبووم و بە بنی پێڵاوەکەم نووسابوو هی چ ناوچەیەکی مەودای 50 میلە.**

**7. زانستی کیمیا: زانیارییەکی زۆری لەسەر هەیە.**

**8. زانستی تویکاری: زۆر شارەزایە، بەڵام ڕێگایەکی نامۆ بۆ تویکاری کردن دەگرێتە بەر.**

**9. مێژووی تاوانکاری: زانیارییەکی زۆری دەربارەی هەیە، وەکو ئەوە وایە کە دەربارەی تەواوی ئەو دۆسیەی تاوانکارییانە دەزانێت کە لەم سەدەیەدا ڕوویان داوە!**

**10. یاسا: زانیارییەکی باشی دەربارەی یاسایەکانی "بەریتانیا" هەیە.**

**11. لە ژەنینی کەماندا زۆر بە توانایە.**

**12. وەرزش: مشتەوان و شمشێربازێکی بە توانایە.**

**دوای ئەوەی لیستەکەم تەواو کرد و نەمزانی کە ئامانج لەو توانایانەی چییە، ئەوا بە بێ هیواییەکی زۆرەوە پارچە کاغەزەکەم خستە ناو ئاگر و کۆڵم دا.**

**بۆم باسی ئەوە کردن کە لە ژەنینی کەماندا زۆر نایاب بوو، چونکە دەیتوانی ئاوازی مۆسیقایی قورس بژەنێت، بۆ نموونە جارێکیان داوام لێ کرد کە ئاوازی (میندلسن لیدر)م بۆ بژەنێت و بە سەرکەوتووییەکی زۆرەوە توانی. بەڵام کاتێک بە تەنیا دەبێت، ئەوا هیچ جۆرە ئاوازێکی باو یان بەناوبانگ ناژەنێت، لە ڕاستیدا ئاوازەکانی ڕێک نین. زۆر جار لەسەر کورسییەکەی دادەنیشت و بە بێ باکی کەمانەکەی دەژەنی، کاتی واهەبوو کە ئاوازەکانی بەرز و دڵتەنگ دەبن، بەڵام جاری واش هەبوو کە ئاوازەکانی دڵخۆشکەر بوون، دیار بوو کە ئەم ئاوازانە ڕەنگ دانەوەی بیرۆکە و هەستەکانی ئەو بوون. بەهەرحاڵ نەمزانی کە ئایا کامەیان هۆکارە و کامەیان ئەنجامە، ئایا مۆسیقایەکە یارمەتی ڕێکخستنی بیرۆکەکانی دەدات یاخود بیرۆکەکانی کار لە جۆری ژەنینی مۆسیقایەکە دەکەن؟**

**خەریک بوو بەو جۆرە ئاوازانە توڕە ببم، بەڵام لە کۆتاییدا ئاوازێکی بۆ ژەنیم کە بە دڵی من بوو، ئەوەش وەکو دیارییەک وابوو بەوەی کە بەرگەی ئاوازە بێزارکەرەکانی ئەوم گرتبوو.**

**حەفتەیەک تێپەڕی و هیچ کەسێک سەردانی نەکردین، بۆیە وامزانی کە هاونیشتەجێیەکەم وەکو من هاوڕێی نین، بەڵام دواتر بۆم دەرکەوت کە هەڵە بووم، چونکە چەندین کەسی لە تەواوی چینەکانی کۆمەڵگا دەناسی.**

**یەکێک لەوانەی کە (هۆڵمز) دەیناسی بریتی بوو لە پیاوێکی ئەسمەری ڕووخسار درێژ و کز، چاوەکانیشی زۆر ڕەش بوون. (هۆڵمز) منی بەو ناساند و گوتی کە ناوی بەڕێز (لێستراد)ە، حەفتەیەکییان دوو بۆ سێ جار سەردانی کردین. هەروەها ڕۆژێکیشیان خاتوونێکی گەنجی جوانپۆش سەردانی کرد و بۆ ماوەی نیو کاتژمێر یان زیاتر مایەوە، هەر ئەو پاش نیوەڕۆیەش پیاوێکی قژ خۆڵەمێشی کە لە سواڵکەر دەچوو هات بۆ لای، هەستم کرد کە زۆر پەستە، دواتر ئافرەتێکی پیری پۆشاک ناشیرین بە دوای ئەودا هات. دوای ماوەیەکیش پیاوێکی بە تەمەنی قژ سپی خانەدان سەردانی کرد و تۆزێک لای مایەوە، دواتریش یەکێک لە کرێکارەکانی هێڵی ئاسنین هاتە لای.**

**(هۆڵمز) هەمیشە داوای لێبووردنی لێ دەکردم و پێی دەگوتم: داوای لێبووردن دەکەم کە بێزارت دەکەم، بەڵام ئەمانە پێویستیان بە یارمەتی منە، چونکە ئەمە کاری منە.**

**بەهەرحاڵ زۆربەی کات لە ژوورەکەمدا دەمامەوە و دەخەوتم تاکو ئەوان دەڕۆیشتن. دواتر کاتێک باسی کارەکەی کرد، ئەوا هەلی ئەوەم بۆ ڕەخسا تاکو پرسیار بکەم کە کاری ئەو چییە و چی دەکات، بەڵام بە هۆی ئەوەی نەمویست بێزاری بکەم، ئەوا نەمپرسی، چونکە دیارە هۆکارێک هەبووە کە تاکو ئێستا باسی نەکردووە. بەڵام لە کۆتاییدا بە ویستی خۆی ئەوەی ئاشکرا کرد کە کارەکەی چییە.**

بەرواى چوارى مانگى سێ (هۆكارێكى گرنگم هەیە بەوەى كە ئەم بەروارەم لەبەر كردووە) بەیانى زوو لە خەو هەستابووم، پێشووتر وا زوو لە خەو هەڵنەستابووم، لە ژوورەكەم چوومە دەرەوە و بینیم كە (هۆڵمز) هێشتا ژەمى بەیانى تەواو نەكردووە. بە هۆى ئەوەى كە خاوەن ماڵەكە دەیزانى كە هەمیشە درەنگ هەڵدەستم، ئەوا ژەمى بەیانى و قاوەى بۆ ئامادە نەكردبووم، منیش بە بێ هۆ تورە بووم و لە زەنگەكەم دا تاكو ژەمەكەم بۆ ئامادە بكات. لە كاتێكدا (هۆڵمز) نانى خۆى دەخوارد، ئەوا گۆڤارێكم لەسەر مێزەكە هەڵگرت و هەوڵم دا بە خوێندنەوەى كەمێك كات بەرێ بكەم، ناونیشانێك كە بە پێنووس بازنەیەكى بە دەوردا كێشرا بوو سەرنجى منى ڕاكێشا، بۆیە دەستم كرد بە خوێندنەوەى. ناونیشانى بابەتەكە بریتى بوو لە "پەرتووكى ژیان"، باسى لەوە دەكرد كە چۆن دەكرێت بە سەرنجدانێكى ورد بتوانین لە دەوروبەرمان بكۆڵینەوە. دیار بوو كە بابەتەكە تێكەڵەى زیرەكى و گەمژایەتى بوو، شیكردنەوەیەكى وردى هەبوو، بەڵام دەرەنجامێكى بێ مانا و زیادەڕۆى هەبوو. نووسەرەكە نووسیبووى كە بە سەرنجدانێكى ساتى دەتوانێت بیرۆكەكانى كەسى بەرامبەرى بزانێت و شى بكاتەوە. هەروەها ئەوەشى نووسیبوو كە مەحاڵە فێڵ لە كەسێك بكرێت كە لە بوارى سەرنجدان و شیكردنەوە شارەزا بێت بەوەى كە دەرەنجامەكانى هیچ كاتێك هەڵە نین، وەكو ئەوەى بڵێیت كە "ئیقلیدس"ى هندووسییە. دەرەنجامەكانى ئەو جۆرە كەسە شارەزایانە لەوانەیە بۆ كەسانى ناشارەزا وەكو پەرجوو وابێت، لەوانەشە بڵێن ئەو جادووگەرە، بێ ئەوەى بزانن كە ئەو هەنگاوانە چى بوون كە جێبەجێى كردوون تاكو بەو دەرەنجامە دیاریكراوانە بگات.

نووسەرەكە نووسیبووى:

"مرۆڤى بیرسا" دەتوانێت لە بوونى دڵۆپە ئاوێكەوە بە بوونى زەریاى "ئەتڵەسى" یان تاڤگەكانى "نیاگرا" بزانێت، بێ ئەوەى دەربارەیانى بیستبێت یان چاوى پێكەوتبن. چونكە ژیان زنجیرەیەكى درێژە كە بە دەركەوتنى ئەڵقەیەك، ئەوا ڕاستییەكەمان دەربارەى بۆ شیدەكرێتەوە. وەكو توانایەكانى تر، ئەوا توانستى دەرەنجام دانان و شیكردنەوە بە بێ بوونى مەشقێكى زۆر پەیدا نابێت، پێش ئەوەى كەسى بیرسا لە توانستى مەعنەوى و هزریدا تایبەتمەند بێت، ئەوا بۆ نموونە پێویستە بە یەك نیگا بزانێت كە بەرامبەرى پیشەى چییە یان هەر شتێك لەم بابەتە. لەوانەیە ئەمانە پووچ دەربكەون، بەڵام لە ڕاستیدا ڕاهێنانێكى باشە بۆ ئەوەى سەرنجى تاكێك تیژتر بێت، هەروەها بۆ ئەوەى بزانێت كە بە دواى چیدا بگەرێت و چۆن بە دوایدا بگەرێت. بۆ نموونە دەتوانیت بزانیت كە پیشەى كەسێك چییە، ئەویش لە ڕێگەى نینۆك و ئێقە و پێڵاو و پانتۆڵ و جۆرى پێست و جۆرى

**گرژی پەنجەکانی و چەندین وردەکاری تر... لێکۆڵەری باش ئەوەیە کە دەبێت بە تەواوی پێکهاتەکانی دۆسیەکە بزانێت تاکو ڕووداوەکان شیبکاتەوە و دەرەنجامێکی درووست بخاتە ڕوو.**

**بە دەنگێکی بەرزەوە گوتم: ئەمانە قسەی پووچن!**

**(هۆڵمز) پرسی: چی بووە؟**

**ئەو کاتە لەسەر مێزەی نانخواردن دانیشتبووم و بە کەوچکێک ئاماژەم بە بابەتی گۆڤارەکە دا و گوتم: ئەم بابەتە! دەزانم کە خوێندووتەوە، چونکە تۆ بازنەکەت بە دەوریدا کێشاوە، دان بەوە دادەنێم کە بە شێوەیەکی زیرەکانە نووسراوە، بەڵام زۆر پێی پەستم، دیارە کەسێکی تەمبەڵ ئەمەی نووسیوە تاکو پشتڕاستی بۆچوونەکانی بکاتەوە، ئەویش لە ڕێگەی گریمانە، بەڵام مەحاڵە کە بتوانرێت بە کردەیی تاقی بکرێتەوە. گرەو دەکەم کە ئەوەی ئەمەی نووسیوە با پیشەی ئەو کەسانە بزانێت کە لەناو گالیسکەی هەرزانی شەمەندەفەردان، بە دڵنیاییەوە سەرکەوتوو نابێت.**

**-لە ڕاستیدا گرەوەکەت دەدۆڕێنیت، هەروەها من ئەم بابەتەم نووسیوە.**

**-تۆ؟!**

**-بەڵێ، من شەیدای تێبینی کردن و دەرەنجام دانانم، ئەوەی تۆ پێت گاڵتە بوو، لە ڕاستیدا ڕێگایەکی زۆر سەرکەوتوویە، بە ڕاددەیەک سەرکەوتوویە کە پارەی پێ پەیدا دەکەم.**

**-مەبەستت چییە؟**

-من خاوەن پیشەیەکی تایبەت بە خۆمم، بڕوام وایە کە تاکە کەسم لەم جیهانەدا ئەم جۆرە پیشەیەی هەبێت، من ڕاوێژکارێکی لێکۆڵەرم. لێرە لە "لەندەن" چەندین لێکۆڵەری پۆلیس و لێکۆڵەری سەربەخۆ هەن، کاتێک لە شتێکدا دەچەقن و ناتوانن چارەسەری بکەن، ئەوا دێن بۆ لای من و منیش بەرەو ڕێگای ڕاست ڕێنوێنیان دەکەم. ئەوان تەواوی بەڵگەکانم دەخەنە بەردەم و منیش شییان دەکەمەوە، زۆربەی کاتیش ڕێگایەکی دروستیان بۆ دیاری دەکەم تاکو دۆسیەکەیان تەواو بکەن و ڕاستییەکان بزانن.

ئەوە بزانە کە لێکچوونێکی زۆر لەم جۆرە ڕووداوانەدا هەیە، با بڵێین ئەگەر وردەکاری هەزار ڕووداوت لابێت و نەتوانیت پێشبینی ڕووداوی داهاتوو بکەیت، ئەوا سەرکەوتوو نابیت. بەهەرحاڵ (لێستراد) لێکۆڵەرێکی بەناوبانگە، بۆیە هاتە لام تاکو لە دۆسیەیەکی ساختەکاریدا یارمەتی بدەم.

-ئەی چی دەربارەی ئەوانی تر؟

-زۆربەیان لە ڕێگەی بریکاری تایبەتەوە منیان دۆزیوەتەوە، کە دێن بۆ لام، ئەوا بۆم باسی کێشەکانیان دەکەن و منیش ڕێنوێنیان دەکەم تاکو بتوانن کێشەکانیان چارەسەر بکەن، دواتریش پارەی خۆم وەردەگرم.

-مەبەستت ئەوەیە کە دەتوانیت کێشەی خەڵک چارەسەر بکەیت بێ ئەوەی لە ژوورەکەت بچیتە دەرەوە؟

-ڕێک وایە، من بۆ ئەم جۆرە شتانە زۆر باشم، بەڵام هەندێک جار دۆسیەکان کەمێک ئاڵۆز دەبن، بۆیە دەچمە دەرەوە تاکو چارەسەری بکەم. وەکو ئاگاداریت کە من لەم کام بوارانەدا تایبەتمەندیم هەیە، ئەو زانیارییانەی کە بەدەستم هێناون لەسەر بارودۆخەکەی جێبەجێ دەکەم و بەم شێوەیە ڕاستییەکانم بۆ دەردەکەون. زانستی دەرەنجام بۆ کاری من زۆر گرنگە، هەرچەندە گاڵتەت پێی هات، بەڵام پایەیەکی گرنگی کارەکەمە، هەروەها زۆریش لە سەرنجدان باشم، بۆ نموونە ئەو کاتەی کە بۆ یەکەمین جار بە دیداری یەکتری شاد بووین، ئەوا ڕاستەوخۆ زانیم کە لە "ئەفغانستان" بوویت، بێ ئەوەی پێشووتر تۆم ناسیبێت.

-به دڵنیاییەوە کەسێک ئەوەی پێ گوتبوویت.

-نەخێر، لە ڕێگەی سەرنجدانەوە زانیم کە پێشووتر لە "ئەفغانستان" بوویت، بە پێی کات مێشکم وا ڕاهێنابوو کە خێرا و بە شێوەیەکی ڕوون کار بکات، ئەمەش وای کردووە کە دەرەنجامێکی درووست بێ ماندوو بوون دانێم. شێوازی بیرکردنەوەی ئەو ڕۆژەم ئاوا بوو:

دیارە کە پیاوێکی بەڕێزی دەستەی پزیشکییە، بەڵام شێوەی لە کەسێکی سەربازی دەچێت، کەوایە پزیشکی سوپایە. دیارە کە لە ناوچەیەکی خولگەییەوە هاتووە بەوەی کە پێستی ئەسمەر بووە، لە کاتێکدا ئەمە ڕەنگی پێستی ئاسایی خۆی نییە، چونکە ڕەنگی پێستی سرووشتی خۆی ڕەنگێکی کاڵە. دیارە کە ماوەیەک نەخۆش بووە بەوەی کە ڕووخساری سپی هەڵگەڕاوە، هەروەها شانیشی برینداره بەوەی کە بە شێوەیەکی ناسرووشتی هەوڵ دەدات ڕێک ڕای بگرێت. کەوایە پزیشکێکی بریندار کە لە ناوچەیەکی خولگەیی بووە دەبێت لە کوێ بووبێت؟ وەڵامەکەی ئاشکرا بوو، "ئەفغانستان". ئەمەم بە چەند ساتێکی کەم زانی، تۆش دوای ئەوە سەرسام بوویت.

بە زەردەخەنەیەکەوە گوتم: دوای ئەوەی باست کرد، ئەوا زۆر سادە دەردەکەوێت. تۆ زۆر لە کەسایەتی لێکۆڵەر (دۆبان)ی چیرۆکەکانی (ئێدگار ئالان بۆو) دەچیت، بڕوام نەدەکرد کە ئەم جۆرە کەسانە لە ژیانی ڕاستەقینەدا بوونیان هەبێت.

(هۆڵمز) گلێۆنەکەی پێکرد و گوتی: لەوانەیە وابزانیت کە ستاییشم دەکەیت کاتێک بە (دۆبان) بەراوردم دەکەیت، بەڵام (دۆبان) بەراورد بە من زۆر بێ توانایە، بۆ نموونە کاتێک ویستی بزانێت هاوڕێیەکەی بیر لە چی دەکاتەوە، ئەوا بۆ ماوەی 15 خولەک بێدەنگ بوو و لە کۆتاییدا شتێکی گوت کە گونجاو بوو بۆ ئەوەی بیرۆکەکانی بۆ بدرکێنێت، ئەوە فێڵێکی زۆر سادە بوو، (دۆبان) ئەو زیرەکە نەبوو کە نووسەرەکەی وای تێدەڕوانی.

-ئەی بەرهەمەکانی (گابریۆ)ت خوێندۆتەوە؟ ئایا کەسایەتی (لیکۆک) لێکۆڵەرێکی باش بوو؟

(هۆڵمز) بە شێوەیەکی گاڵتەئامێزانە و کەمێک توڕەییەوە گوتی: (لیکۆک) کەسایەتییەکی شێواو و بێ کەڵک بوو، لە دۆسیەی زیندانییە نەناسراوەکە شەش مانگی پێچوو تاکو بزانێت

کێیە، بەڵام من دەمتوانی لە ماوەی کەمتر لە 24 کاتژمێر بزانم کە ئایا کێ بووە! دەبوایە چیرۆکی ئەو وەکو پەرتووکێکی ڕێنوێنی بووبا بۆ لێکۆڵەرەکان تاکو لە هەڵەکانی ئەو فێربن.

تووڕە بووم کاتێک بەم شێوەیە باسی دوو کەسایەتی کرد کە پێیان سەرسام بووم، بەرەو پەنجەرەکە ڕۆیشتم و سەیری دەرەوەم کرد و گوتم: ئەم پیاوە زۆر بە توانایە، بەڵام زۆریش لەخۆباییە.

دواتر وەکو ئەوەی بۆڵە بکات گوتی: لەم ڕۆژگارەدا تاوان و تاوانکاران نەماون، کەوایە سوودی کەسانی زیرەکی وەکو من چییە؟ باش دەزانم کە دەتوانم بەناوبانگ ببم بەوەی هیچ کەسێک نەبووە و نییە کە وەکو من بتوانێت ئەم هەموو زانیارییە لە بوارێکدا جێبەجێ بکات و سوودی لێ ببینێت. بەڵام لە ئێستادا هیچ سوودێکم نییە بەوەی کە هیچ دۆسیەیەکی تاوانکاری نییە تاکو لێی بکۆڵمەوە.

هێشتا لە لەخۆبایی بوونی ئەو پەست بوو، بۆیە بابەتەکەم گۆڕی و دواتر سەرنجی پیاوێکی بەهێزم دا کە پۆشاکێکی سادەی لەبەردا بوو، بە نیگەرانییەوە بە شەقامەکەدا دەگەڕا و سەیری ژمارەی خانووەکانی دەکرد. زەرفی نامەیەکی شینی پێ بوو، دیار بوو کە دەیویست نامەیەک بۆ کەسێک ببات. لە (هۆڵمز)م پرسی: ئایا دەبێت ئەو پیاوە کێ بێت؟ بە دوای چیدا دەگەڕێت؟

-مەبەستت ئەو ئەفسەرە خانەنیشینەی هێزی دەریایە؟

لە دڵی خۆمدا گوتم: بەڕاستی فێڵبازە! باش دەزانێت کە ناتوانم لەو ئەگەرەی ئەو دڵنیا ببمەوە. تێبینی ئەوەم کرد ئەو پیاوەی نامەکەی پێ بوو سەیری ژمارەی ماڵی ئێمەی دەکرد، بۆ ماوەیەکی کەم تێیڕاما و دواتر بەپەلە بەرەو ماڵی ئێمە هات، لە دەرگای دا و خاوەن ماڵەکە دەرگایەکەی بۆ کردەوە، دواتر زانیمان کە بەرەو نهۆمی سەرەوە دێت بەوەی کە بیستمان بەسەر پلیکانەکاندا سەردەکەوێت. لەو ساتەدا بیرم لەوە کردەوە کە ئەوە هەلێکی باشە تاکو درۆیەکانی ئەو ئاشکرا بکەم، دیارە کە باش بیری نەکردەوە کاتێک ئەو ئەگەرە هەڕەمەکییەی دەربارەی ئەو پیاوە گوت. کاتێک پیاوەکە هاتە لامان، ئەوا بە دەنگێکی میهرەبانەوە لێم پرسی: ئایا دەتوانم بزانم کە پیشەی تۆ چییە؟

-داردەستی دادگام گەورەم، بەڵام پۆشاکی فەرمیم لەبەردا نییە بەوەی کە ئێستا لە شۆرگەیە.

دواتر بە نیگایەکی زۆڵاوە سەیری (هۆڵمز)م کرد و دەمزانی پێی ناخۆش دەبێت کە گریمانەکەی هەڵە بووە، بەهەرحاڵ دووبارە لە پیاوەکەم پرسییەوە: ئەی پێشووتر چ کارێکی ترت هەبوو؟

-ئەفسەر بووم گەورەم، لە هێزی دەریایی شاهانە.

دواتر سەیری (هۆڵمز)ی کرد و گوتی: نامە نانێریتەوە، وایە گەورەم؟

(هۆڵمز)یش ئاماژەی نەخێری پێدا و پیاوەکەش بە شێوازی سەربازی ماڵاوایی لێ کردین و ڕۆیشت.

## بەشی سێیەم

## نهێنی شەقامی "لۆریستن"

دان بەوە دادەنێم کە دوای ئەوەی بینیم قسەکانی (هۆڵمز) ڕاست بوون، ئەوا بەڕاستی سەرسام بووم، هەروەها ڕێزیشم بۆ توانایەکانی ئەو پەیدا بوو، بەڵام تۆزێکیش بە گومان بەوەی کە بیرم کردەوە لەوانەیە پلانی بۆ ئەوە دانابێت تاکو منی پێ سەرسام بکات، بەڵام هیچ هۆکارێک نەبوو تاکو سەرنجی من ڕاکێشێت یاخود سەرسامم بکات. دواتر سەیرم کرد کە نامەکە بە سەرنجێکی زۆرەوە دەخوێنێتەوە، بە ڕادەیەک کە ئاگای لە دەوروبەری نەمابوو و لە خوێندنەوەی نامەکەدا قووڵ بوو بۆوە، دواتر لێم پرسی :چۆنت زانی؟

ئەویش بە بێ باکی گوتی: چیم زانی؟

-چۆنت زانی کە ئەو ئەفسەرێکی خانەنیشینی هێزی دەریایی بوو؟

تۆزێک تووڕە بوو و گوتی: کاتم بۆ ئەم جۆرە قسە پڕوپووچانە نییە!

دواتر زەردەخەنەی کرد و گوتی: داوای لێبووردن دەکەم کە بە شێوەیەکی ناشیرین قسەم لەگەڵدا کردیت، بۆیە وام لێهات، چونکە لە کاتێکدا بیرم دەکردەوە، ئەوا منت وەستاند، بەڵام دیارە کە ئەوە شتێکی باش بووە. بەهەرحاڵ، ئایا بەڕاستی نەتدەزانی کە ئەو ئەفسەرێکی هێزی دەریایی بووە؟

-نەخێر. زانینی ئەوە زۆر ئاسان بوو، لە دوورەوە تێبینی تاتۆیە شینە گەورەکەی سەر دەستیم کرد، دیار بوو کە ئەو تاتۆیە پەیوەندی بە دەریاوە هەیە، هەروەها شێوازێکی ڕۆیشتنی سەربازی هەبوو، سولفەکانیشی ڕێک بوون، بەم شێوەیە بۆم دەرکەوت کە سەر بە هێزی دەریایی بووە. دیار بوو کە کەسێکی بەهێزە، هەروەها لە شێوازی جووڵانی جەستەی وا دەردەکەوت کە متمانەیەکی زۆری بە خۆیەتی. هەموو ئەم ڕاستییانە (لە پاڵ ئەوەی کە پیاوێکی گەورەی بەڕێز و هێمن بوو) ئەوە دەردەخەن کە ئەو ئەفسەرێکی خانەنیشینی هێزی دەریایە.

-بەڕاستی ناوازەیە.

(هۆڵمز) بەم سەرسام بوونەی من دڵخۆش بوو و گوتی: لە ڕاستیدا شتێکی ئاساییە، بەهەرحاڵ، بیرت دێت کە بۆم باسی ئەوە کردیت کە تاوان و تاوانکاران کەم بوونەوە؟ دیارە هەڵە بووم، سەیری ئەمە بکە.

نامەکەی پێدام و خوێندمەوە، دواتر تووشی شۆک بووم بەوەی کە بۆم دەرکەوت چی تێدا نووسراوە!

(هۆڵمز) بە هێمنی گوتی: لەوانەیە تۆزێک نامۆ بێت، تکایە بە دەنگێکی بەرز بیخوێنەوە.

نامەکە ئەمەی تێدا نووسرابوو:

**بۆ بەڕێز (شێرلۆک هۆڵمز)**

**ڕووداوێکی سەیر لە خانووی ژمارە "3"ی شەقامی "لۆریستن"ی سەر ڕێگای "بریکستن" ڕوویداوە. پۆلیسێکی پیادە کە کاتژمێر "2"ی شەو بەو ڕێگایەدا دەڕۆیشت، ئەوا تێبینی ڕووناکییەکی ناو ئەو خانووەی کرد، ئەوەی لا سەیر بوو بەوەی کە خانووەکە بەتاڵ بوو و هیچ کەسێکی تێدا نەدەژیا. بەرەو خانووەکە ڕۆیشت و بینی کە دەرگایەکەی کراوەتەوە، ڕۆیشتە ژوورەوە و لەوێدا لاشەی پیاوێکی جوانپۆشی دۆزییەوە، سەیری باخەڵەکانی کرد و کارتێکی دۆزییەوە کە ئەمەی لەسەر نووسرابوو: (ئینۆش دریبەر) - [کلیڤلاند - ویلایەتی ئۆهایۆ] - "ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا". هیچ شتێکی لێ نەدزرابوو و نەشمان زانی کە چۆن کوژراوە، لە ژوورەکەدا ئاسەواری خوێن هەبوو، بەڵام لاشەکەی هیچ برینێکی پێوە نەبوو. سەرمان لەوە دەرناچێت کە چۆن گەیشتۆتە ئەوێ، لە ڕاستیدا سەرمان لەم دۆسیەیە دەرناچێت. ئەگەر ویستت بێیت، ئەوا تاکو کاتژمێر 12 لەوێ دەبم و هەموو شتێک وەکو خۆیت بۆ جێدێڵم. ئەگەر نەشهاتیت، ئەوا دواتر تەواوی زانیارییەکانت پێ دەڵێم. زۆر سوپاست دەکەم ئەگەر بتوانیت لەم دۆسیەیەدا یارمەتیمان بدەیت.**

**(تۆبایاس گرێگسن)**

دواتر هۆڵمز گوتی: (تۆباياس) زيرەكترين ئەفسەری ئێستگەی پۆليسە، ئەو و (لێستراد) دوو لێکۆڵەری زۆر باشن بەوەی کە زيرەک و چالاکن، بەڵام زۆر کۆنە پەرستن. شايەنی باسە کە ئيرەيی بە يەکتری دەبەن و هەميشە هەوڵ دەدەن لە پێش يەکتری بدەنەوە و يەکتری ببەزێنن، وەکو ئەوە وايە کە دوو کچ لەسەر کڕينی پۆشاکێک پێشبڕکێ بکەن! ئەگەر هەردووکيان بەم دۆسيەيە ڕاسپێردرابن، ئەوا بەزمێکی خۆش دەبێت.

زۆرم لا سەير بوو کە بەم ئاراميييەوە ئەو قسانەی دەکرد، دواتر گوتم: کەوايە نابێت کات بەفيڕۆ بدەيت، بڕۆم بۆ ئەوەی گاليسکەيەکت بۆ بانگ بکەم؟

-نازانم کە ئايا بچم يان نا، چونکە من يەکێکم لەوانەی کە بە ئاسانييەکی زۆرەوە تەمبەڵی دەنوێنم.

-بەڵام ئەمە ئەو هەلەيە کە دەتويست.

-جا ئەمە چ سوودێکی بۆم دەبێت؟ ئەگەر دۆسيەکە چارەسەر بکەين، ئەوا دەڵێن کە (گريگسن) و (لێستراد) و هاوکارەکانيان ئەو سەرکەوتنەيان بەدەستهێناوە، ئەمە بارودۆخی ئەو کەسانەيە کە بە فەرمی لەگەڵ پۆليسدا کار ناکەن.

-بەڵام لێت دەپاڕێتەوە تاکو يارمەتی بدەيت.

-بەڵێ، باش دەزانێت کە لەو باشترم، خۆی بە تايبەتی پێی گوتووم، بەڵام پێی باشترە زمانی خۆی بگەزێت، نەوەکو ئەوە بە کەسێکی تر بڵێت. باشە، ئەگەر ئەم کارە سووديشی نەبێت، ئەوا بە لايەنی کەمەوە هەلێکم بۆ دەڕەخسێت تاکو گاڵتەيان پێ بکەم.

دواتر پاڵتۆيەکەی پۆشی و لەپڕ چالاک بوو، دواتر گوتی: دەی با بڕۆين.

-دەتەوێت لەگەڵت بێم؟

-بەڵێ، چونکە هیچ کارێکی ترت نییە تاکو ئەنجامی بدەیت.

دواتر گالیسکەیەکمان بەکرێ گرت و بەرەو "بریکستن" ڕۆیشتین.

بەیانییەکی تەماوی بوو، خانووەکان ڕەنگێکی تاریکیان هەبوو، (هۆڵمز) زۆر بەجۆش بوو و باسی جۆرەکانی کەمانی بۆ دەکردم، منیش بە بێ دەنگی دانیشتم، شایەنی باسە کە خراپی کەش و هەوا کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر باری دەروونیم هەبوو. لە کۆتاییدا بێ دەنگی خۆم شکاند و قسەم بە (هۆڵمز) بڕی لە کاتێکدا باسی جۆرەکانی کەمانی دەکرد و گوتم: وا دیارە کە سەرقاڵی ئەم دۆسیەیە نیت.

-هێشتا هیچ جۆرە زانیارییەکمان لەسەر نییە، شتێکی باش نییە کە بە بێ بوونی بەڵگە گریمانە دانێیت، ئەمە بە شێوەیەکی خراپ کار لە بۆچوونەکەت دەکات.

-بەمزووانە زانیاریت دەست دەکەوێت، چونکە ئەمە ڕێگای "بریکستن"ە، هەڵە نەبم ئەوە ئەو خانووەیە کە بە دوایدا دەگەڕێین.

-خۆیەتی، لێرە دادەبەزین هەی شۆفێر.

نزیکەی 100 مەتر لە خانووەکە دوور بووین، بەڵام (هۆڵمز) پێداگیری کرد کە دەبێت دابەزین، بەهەرحاڵ ئەو مەودایەی مایەوە بە پێ بڕیمان.

خانووی ژمارە "3"ی شەقامی "لۆریستن" ڕووکارێکی خراپی هەبوو، یەکێک بوو لەو چوار خانووەی کە لە پشت ڕێگایەکی بچووک بوون و لە ڕێگای سەرەکی جیا دەکردنەوە، دوو دانە لەو خانووانە خەڵکی تێدا دەژیا، دوو دانەکەی تریش بەتاڵ بوون. کۆتا خانوو سێ پەنجەرەی

**هەبوون کە پێیانەوە دیار بوو کە خانووەکە بەتاڵە، شایەنی باسە کە ئاگادارییەک لەسەر پەنجەرەکان هەڵواسرابوو، نووسرابوو "بۆ کرێ".**

**کۆمەڵە ڕووەکێکی ڕەنگ کاڵ هەر یەکێک لە خانووەکانی لە ڕێگایەکە جیا دەکردەوە، لە ناوەڕاستیشدا ڕێڕەوێکی بەردکراو هەبوو، باخچەکەش بە دیوارێکی بەردینی یەک مەتری داپۆشرابوو و لە سەرەوەشی تەختەیەکی دارین هەبوو، پۆلیسێکی بەهێز پاڵی بە دیوارەکە دابۆوە و ڕێگەی بە خەڵک نەدەدا کە بزانن لە ژوورەوە چی ڕوو دەدات. وامزانی کە (هۆڵمز) ڕاستەوخۆ دەچێتە ناو خانووەکە تاکو لە دۆسیەکە بکۆڵێتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم کارەی نەکرد، بەڵکو بە بێ باکانە بەسەر شۆستەکاندا دەخوولایەوە، ئەمەم زۆر لا سەیر بوو. دواتر بە ڕوویەکی ساردەوە سەیری ئاسمان و خانووەکانی دەوروبەر و دیوارە دارینەکەی کرد. دوای ئەوەی لە لێکۆڵینەوەی ئەوانە تەواو بوو، ئەوا بە هێواشی بەرەو ئاڕاستەی ڕێڕەوەکە ڕۆیشت، یاخود با بڵێم بە ئاڕاستەی هێڵە ڕووەکییەکە ڕۆیشت، سەیری زەوی کرد و دوو جار وەستا، تێبینی ئەوەم کرد کە دواتر زەردەخەنەی کرد. شوێنی پێی زۆر لەسەر ڕێڕەوە قوڕینەکە هەبوون، نەمدەزانی کە بۆچی (هۆڵمز) بەمە دڵخۆشە، بەڵام ئەوەم بیر هاتەوە کە ئەو خاوەن سەرنجێکی وردە، بۆیە بڕوام وابوو کە ئەو شتانێک دەبینێت کە من نایبینم. لە بەردەم دەرگای خانووەکە پیاوێکی باڵا بەرزی قژ زەردێکی کاڵ وەستابوو، دیار بوو کە تێنووسێکی بە دەستەوە بوو، کە ئێمەی بینی، ئەوا خێرا هاتە لامان و تۆقەی لەگەڵ (هۆڵمز) کرد و گوتی: زۆر سوپاس بەوەی کە هاتیت، هەموو شتێکم وەکو خۆی بۆت بەجێ هێشتووە.**

**(هۆڵمز) گوتی: ئەگەر ڕەوە گایەک بەسەر ئەو ڕێڕەوەدا ڕۆیشتبان، ئەوا بەم ڕاددەیە تێک نەدەچوو! بەهەرحاڵ، دڵنیام کە پێش ڕوودانی ئەوە، ئەوا توانیوتە گریمانەی تایبەت بە خۆت دانێیت، وایە (گرێگسن)؟**

**لێکۆڵەرەکە خۆی دزیەوە و گوتی: کاری زۆرم هەبوو تاکو ئەنجامی بدەم، بۆیە ئەو کارەم بە (لێستراد)ی هاوڕێم سپارد.**

**(هۆڵمز) بە چاوێکی گاڵتەئامێزەوە گوتی: تاکو کەسانی وەکو تۆ و (لێستراد) بەم جۆرە دۆسیانە سپێردرابن، ئەوا پێویست ناکات کەسانی تر لێی بکۆڵنەوە بەوەی کە ئێوە لە زۆربەی شتەکانتان کۆڵیوەتەوە و ڕاستییەکان دەزانن.**

(گرێگسن) لەخۆبایی بوو و گوتی: ئەوەی لەسەرمان بوو، ئەوا ئەنجاممان دا، بەڵام دان بەوە دادەنێم کە ئەمە دۆسیەیەکی سەیرە، بۆیە بانگی تۆم کرد، چونکە دەزانم کە حەزت بەم جۆرە دۆسیە سەیرانە دێت.

(هۆڵمز) پرسی: ئایا بە گالیسکەیەکی بەکرێگیراو هاتیت بۆ ئێرە؟

-نەخێر گەورەم.

-ئەی (لێستراد)؟

-هەمان شتیش بۆ ئەو ڕاستە.

-کەوایە با بچین بۆ ژوورەوە.

دوای ئەو پرسیارە سەیرە، ئەوا (هۆڵمز) بە هەنگاوی فراوانەوە ڕۆیشتە ناو خانووەکە و (گرێگسن)یش بە سەرلێشێواوییەوە بەدوای کەوت. بە ڕێڕەوێکی تۆزاویدا ڕۆیشتین کە ئاڕاستەکەی بەرەو چێشتخانە و ژوورەکانی تر بوو، دوو دەرگا لە لە پێش ڕێڕەوەکە بوون، یەکێکیان دیار بوو کە ماوەی چەندین حەفتەیە داخراوە، ئەوی تریش دەرگای چێشتخانەکە بوو، ئەو چێتشخانەیەی کە پیاوەکەی لێ کوژرابوو. (هۆڵمز) ڕۆیشتە ناو چێشتخانەکە و منیش بە نیگەرانییەوە دوای کەوتم، ئەو کاتە کەمێک پەرێشان بووم، دیارە کە بە هۆی ئەوەوە بوو کە کەسێک لەوێ کوژراوە و ئەوەش کاریگەری لەسەر دەروونم دروست کردبوو.

ژوورێکی چوارگۆشەیی گەورە بوو، بەوەی کە هیچ کەلوپەلێکی نەبوو، ئەوا وا دەردەکەوت کە گەورەتریشە. دیوارەکان بە کاغەزێکی دیواری ڕەنگ کاڵ داپۆشرابوون، دیمەنێکی سەرنجڕاکێشیان نەبوو بەوەی کە تۆزێک دڕابوون. لەوبەریش ئاگردانێکی لێ بوو کە بەشی سەرەوەی مەڕمەری سپی بوو و مۆمێکی سووری لەسەر گۆشەیەکی دانرابوو. پەنجەرەی ئەو

ژووره بە ڕادەیەک پیس بوو بوو کە ڕووناکییەکی کەمی پێدا دەهات، ژوورەکەش تۆزێکی زۆری لەسەر نیشتبوو، ئەمەش وایکردبوو کە ژوورەکە تاریک دەربکەوێت. سەرەتا تێبینی ئەو شتانەم نەکرد، ئەوەی ڕاستەوخۆ سەرنجم ڕۆیشتە سەری ئەو لاشە مردووە بوو کە بە چاوەکانی سەیری سەقفە ڕەنگ کاڵەکەی دەکرد. لاشەکە هی پیاوێکی تەمەن چل ساڵی شان پان بوو، بالایەکی مامناوەندی هەبوو و ڕیشیشی نەتاشیبوو. پانتۆڵێکی ڕەنگ کاڵ و پاڵتۆیەکی ڕەشی درێژی لەبەر کردبوو کە تاکو سەر چۆکەکانی درێژ بووبۆوە. هەروەها کڵاوێکی جوانیشی هەبوو کە لە تەنیشت لاشەکەی فڕێدرابوو. پیاوە مردووەکە دەستەکانی گوشیبوون و چۆکێکیشی بەرەو سەرەوەی بەرز کردبۆوە، ڕووخسارەکەشی ئەوەی دەردەخست کە زۆر تۆقی بوو، شێوەی ڕێک لە مەیموونێکی ترسێنەر دەچوو، شێوازی کەوتنیشی سامناکییەکی زیاتری بەو دەبەخشی، دیارە کە تووشی مەرگێکی سامناک بووە. دەتوانم بڵێم کە مەرگی کەسانێکی زۆرم بینیوە، بەڵام هەرگیز ئەو دیمەنی مەرگە لەبیر ناکەم، چونکە ئەوە سامناکترین دیمەنی مەرگی کەسێک بوو کە تاکو ئێستا بینیبێتم. ئەو کاتە (لێستراد) لە لای لاشەکە بوو و دەیپشکنی، کە ئێمەی بینی، ئەوا هەستا و بەخێرهاتنی هەردووکمانی کرد، دواتر ڕووی کردە (هۆڵمز) و گوتی: ئەم دۆسیەیە سەرنجی خەڵکێکی زۆر ڕادەکێشێت گەورەم، چونکە تاکو ئێستا دۆسیەیەکی وا نامۆ و سەیرم نەبینیوە.

(گرێگسن) گوتی: هیچ جۆرە بەڵگەیەکمان نەدۆزیوەتەوە.

(لێستراد)یش گوتی: ڕاست دەکەیت.

دواتر (هۆڵمز) لە لاشەکە نزیک بۆوە و بە وردی پشکنی، دواتر ئاماژەی بە هەندێک پەڵە خوێنی مەییندراو دا کە لە دەورمان بڵاو بووبۆوە، دواتر ڕووی کردە لێکۆڵەرەکان و گوتی: ئایا دڵنیان کە ئەم لاشەیە هیچ جۆرە برینێکی لەسەر نەبووە؟

هەردووکیان گوتیان: نەخێر، هیچ برینێکی لەسەر نەبوو.

-کەوایە ئەم خوێنە هی کەسێکی ترە، لەوانەیە هی بکوژەکە بێت. ئەمە دۆسیەی مردنی (ڤان جانسن) [ئۆترخت - هۆڵەندا]م بیر دێنێتەوە کە لە ساڵی 1834ز ڕوویدا، ئایا ئەم دۆسیەیەت بیرە (گرێگسن)؟

-نەخێر گەورەم.

-دەربارەی بخوێنەوە، چونکە لەم جیهانەدا هیچ شتێکی تازە ڕوونادات، بەڵکو هەموو شتێک دووبارەیە.

دواتر بە خێراییەکی سەرسامکەرەوە و بە وردی ژوورەکەی پشکنی، بە ڕادەیەک خێرا بوو کە بڕوام نەدەکرد بە وردی ژوورەکەی پشکنیبێت، بەهەرحاڵ کە تەواو بوو، ئەوا بۆنی لێوی کوژراوەکەی کرد و دواتریش سەیری پێڵاوەکانی کرد کە لە پێستێکی ڕەشی توند دروستکرابوون.

(هۆڵمز) لەوانی پرسی: ئایا نەتان جووڵاندووە؟

ئەوانیش گوتیان: تەنیا بە ڕادەی پێویست جووڵاندمان و دواتر وەکو خۆی جێمان هێشت.

-زۆر باشە، ئێستا دەتوانن بیگوازنەوە بۆ مۆرگ (کۆگای لاشەی مردوو)، چونکە ئەوەی پێویستمان بوو، ئەوا زانیمان.

(گرێگسن) ستیانێکی ئامادە کردبوو تاکو لاشەکەی پێ ببەن، هەروەها بانگی چوار پیاویشی کردبوو تاکو هەڵیبگرن. لاشەکەیان لەسەر ستیانەکە دانا و هەوڵیان دا کە بەرەو دەرەوەی ببەن، لە کاتێکدا هەڵیان دەگرت، ئەوا گوێمان لە دەنگی کەوتنی ئەڵقەیەک بوو کە لەسەر

زەوییەکە دەخوولایەوە، دواتر (لێستراد) هەڵیگرت و بە دەنگێکی بەرز گوتی: ئەمە ئەڵقەی هاوسەرگیری ئافرەتێکە! دیارە کە ئافرەتێک لێرە بووە!

دواتر (لێستراد) نیشانی هەموومانی دا و ئێمەش لێی ورد بووینەوە. بە دڵنیاییەوە ئەو ئەڵقە زێڕینە پێشووتر موڵکی ئافرەتێک بووە.

دواتر (گرێگسن) گوتی: ئەمە دۆسیەکە لەچاو پێشووتریش ئاڵۆزتر دەکات!

(هۆڵمز)یش گوتی: ئایا دڵنیایت کە ئەمە دۆسیەکە ئاسانتر ناکات؟ بە سەیرکردنی هیچ شتێکمان بۆ دەرناکەوێت، ئایا هیچ شتێکت لە باخەڵەکانیدا (گیرفان) دۆزییەوە؟

(گرێگسن) ئاماژەی بە هەندێک شت دا و گوتی: ئەمانەن، کاتژمێرێکی زێڕین کە دروستکراوی "بارو"ی "لەندەن"ە، زنجیرەیەکی زێڕین کە دروستکراوی مارکەی "ئالبێرت"ە، شایەنی باسە کە زۆر قورس توندە. ئەنگوستیلەیەکی زێڕین، دەمبوسێکی زێڕین کە لە شێوەی سەگی "بولدۆگ" دەچێت و چاوەکانیشی لە یاقوت دروستکراون، لەگەڵ قووتوویەکی کارت کە لە پێستێکی ڕووسی دروستکراوە و چەند کارتێکی بە ناوی ئەوەوە تێدایە، لە بەشی ناوەوەیدا، لەسەر پێستەکە ئەم پیتانە نووسراون: "ئ ج د". جزدانی پێ نەبوو، بەڵام پارەی پێبوو کە بریتی بوو لە حەوت جونەیهـ و سی پێنس، هەروەها پەرتووکی "دیکامرون"ی (بوکاکسیو)ی پێبوو، ناوی (جۆزف ستانگرسن) لەسەر یەکەم پەڕ نووسرابوو، هەروەها دوو نامەشی پێبوون، دانەیەک بۆ (ئ ج دریبەر) و ئەوی تریش بۆ (جۆزف ستانگرسن).

-ناونیشانەکەی چییە؟

-ئێستگەی پۆستەی ئەمریکی لە "ستراند"، لەسەری نووسراوە کە پێویستە لەوێ بمێنێتەوە تاکو خاوەنەکەی دێت بۆ ئەوەی بیبات. نامەکان لە لایان کۆمپانیای "گۆیۆن"ی کەشتی هەڵمی نێردراون و تێیدا نووسراوە کە کەی گەشتەکەیان دەست پێدەکات. ئەمە مانای ئەوەیە کە ئەم بەدبەختە خەریک بوو بگەڕێتەوە بۆ "نویۆرک."

-ئایا دەربارەی ئەو کەسەتان کۆڵیوەتەوە کە ناوی (ستانگرسن)ە؟

(گرێگسن) گوتی: بیرم لەوە کردەوە، بۆیە ناوی ئەوم لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوکردەوە و یەکێک لە پیاوەکانیشم نارد تاکو بچێت بۆ ئێستگەی پۆستەی ئەمریکی تاکو لەوێ بیدۆزێتەوە و بیهێنێت بۆ ئێستگەی پۆلیس، بەڵام هێشتا نەگەڕاوەتەوە.

-ئایا نامەت بۆ "کلیڤلاند" ناردووە؟

-بەڵێ، ئەم بەیانییە نامەیەکم نارد.

-لە نامەکەدا چیت نووسیبوو؟

-بە کورتی باسی وردەکارییەکانم کرد و داوام کرد کە هەر زانیارییەکی بەسوود هەبوو، ئەوا بۆمانی بنێرن.

-ئایا پرسیارت دەربارەی ئەو شتانە نەکرد کە لەوانەیە گرنگ بن؟

-تەنیا دەربارەی (ستانگرسن)م پرسی.

-ئایا دەربارەی هیچی ترت نەپرسی؟ پێت وانییە کە ئەم دۆسیەیە وردەکاری تریشی هەیە؟ ئایا نامەیەکی تریش نانێریت؟

(گرێگسن) بە بێزارییەوە گوتی: ئەوەی ویستم بیڵێم، ئەوا گوتم.

**(هۆڵمز) تۆزێک پێکەنی و خەریک بوو تانەیەک لە (گرێگسن) بدات، بەڵام لەو ساتەدا (لێستراد) هاتە لامان و بە لە خۆبایییەکی زۆرەوە گوتی: شتێکی زۆر گرنگم دۆزیوەتەوە بەڕێز (گرێگسن)، ئەگەر دیوارەکانم بە وردی نەپشکنیبا، ئەوا هیچ کەسێک ئەوەی نەدەدۆزییەوە.**

**دیار بوو کە (گرێگسن) بەمە زۆر ناڕەحەت بوو و (لێستراد)یش بە ئەستەم دڵخۆشی خۆی پێدەگیرا، بەهەرحاڵ دوای ئەوەی لاشەکە لابردرا، ئەوا بە شێوەیەک لە شێوەکان تاریکی ژوورەکە نەما و دواتر (لێستراد) گوتی: وەرن، لێرە بوەستن.**

**دواتر شقارتەیەکی پێکرد و بەرەو دیوارەکە بەرزی کردوە، دواتر گوتی: سەیری ئەوە بکەن.**

**ئەوەم بۆ باسکردن کە کاغەزی دیوارەکان کەمێک دڕابوو، بەڵام دیوارێکی ئەو ژوورە بەشێکی زۆری کاغەزەکەی دڕا بوو و ئەمەش وایکرد کە دیوارە گەچکراوەکە بە ڕوونی دیار بێت، بەهەرحاڵ (لێستراد) ئاماژەی بەوە کرد کە شتێکی لەسەر نووسراوە، ئەوەی لەسەری نووسرابوو بریتی بوو لە وشەیەکی نامۆ کە بە خەتێکی ناخۆش بە خوێن نووسرابوو [راشی (ڕەیتچ.[ Rache ]**

**دواتر (لێستراد) زیاتر لەخۆبایی بوو و گوتی: هیچ کەسێک سەرنجی ئەمەی نەدا بەوەی کە لە گۆشەیەکی نادیاری خانووەکەدا بوو، هیچ کەسێک بیری لەوە نەکردەوە کە لێرە بە دوای بەڵگەیەکدا بگەڕێت. بکوژەکە ئەم وشەیەی بە خوێنی خۆی نووسیوە. تێبینی ئەوەتان کردووە کە کەمێک خوێن دزەی کردۆتە خوارەوەی پیتەکان، ئەمە مانای ئەوەیە کە مردووەکە خۆی نەکوشتووە. لەوانەیە بپرسن کە بۆچی بکوژەکە ئەمەی لێرە نووسیوە؟ ئێستا هۆکارەکەتان پێ دەڵێم، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو کاتە مۆمەکە لەسەر ڕەفی ئاگردانەکە بووە و هەڵکرابوو، کە هەڵکرابوو، ئەوا ئەم بەشی دیوارەی ڕووناک کردەوە، بە پێچەوانەی ئێستا کە بە تەواوی تاریکە.**

**(گرێگسن) وەکو ئەوەی گاڵتەی پێ بێت گوتی: جا ئەمە چ گرنگییەکی هەیە؟**

**-ئەوە بەڕاستیتە؟ ئەمە مانای ئەوەیە کە ئەوەی ئەمەی نووسیوە ویستوویەتی ناوی (ڕەیتچل) بنووسێت، بەڵام شتێک یان کەسێک ڕێگری لێ کردووە، بۆیە نەیتوانیوە ناوەکەی بە تەواوی بنووسێت. دڵنیاتان دەکەمەوە کە لە کۆتایی ئەم دۆسیەیەدا ئافرەتێک دەدۆزینەوە بە ناوی**

(ڕەیتچل). باشە... دەتوانیت پێبکەنیت بەڕێز (هۆڵمز)، لەوانەیە زۆر زیرەک و وریا بیت، بەڵام ئەنجامی کۆتایی ئەوە دەردەخات کە کێ بەڕاستی هەرە باشترینە.

(هۆڵمز) بە پێکەنینێکی زۆرەوە گوتی: ببورە! پێویستە پیرۆزباییت لێ بکەین بەوەی کە ئەمەت دۆزیوەتەوە. دیارە کە ئەمە مانای ئەوەیە هاوکاری بکوژەکە ئەمەی نووسیوە، بەڵام من هێشتا لە پشکنین و لێکۆڵینەوەی ژوورەکە تەواو نەبووم، بۆیە ئێستا دەست پێ دەکەم.

دواتر (هۆڵمز) پێپی پێوان و هاوێنەی گەورەکەری دەرهێنا و دەست بەکاربوو. شایەنی باسە کە زۆر بە وردی و خێرایی دەستی بە پشکنینی ژوورەکە کرد، جارێک دەڕۆیشت و جارێکیش دەوەستا و لەسەر چۆکێکی دادەنیشت، تەنانەت جارێکیشیان بە تەواوی ڕاکشا، بە ڕاددەیەک لە پشکنین و لێکۆڵینەوە قووڵ بووبۆوە، ئەوا بوونی ئێمەی لەوێ لەبیرکردبوو. زۆربەی کات قسەی لەگەڵ خۆی دەکرد، هەروەها هەندێک جار دەنگی بەرز دەکردەوە وەکو ئەوەی شتێکی دۆزیبێتەوە، جاری واش هەبوو بێدەنگ دەبوو. ئەم دیمەنە ئەو سەگە مەشق پێکراوانەی بیر هێنامەوە کە ڕاوی ڕێوی دەکەن، (هۆڵمز) وەکو ئەوان بە دوای ئامانجەکەی دەکەوێت، وەکو ئەوان دەنگ بەرز دەکاتەوە و دواتریش دەنگ نزم دەکاتەوە، ئەوەش ئاماژەیە بۆ دۆزینەوەی ئامانجەکەی. (هۆڵمز) بۆ ماوەی زیاتر لە 20 خولەک ژوورەکەی بە وردی پشکنی، بچووکترین و نادیارترین مەودایەکانی ژوورەکەی دەپێوا، لە ڕاستیدا تەنانەت بە شێوەیەکی سەیر دیوارەکەشی پێوانە کرد. دواتر لە گۆشەیەکی ژوورەکە تۆپەڵە تۆزێکی ڕەنگ خۆڵەمێشی زۆری کۆکردەوە و لەناو زەرفێکی بچووکی هاویشت. لە کۆتاییدا وشەی سەر دیوارەکەی بە وردی پشکنی و دواتر وەکو ئەوەی شتێکی دۆزیبێتەوە زەردەخەنی کرد و هاوێنەی گەورەکەر و پێپی پێوانەکەی خستە ناو باخەڵییەوە. دواتر گوتی: گوتراوە کە بلیمەتی بریتییە لە بەرگەگرتنی ناڕەحەتییەکی زۆر، هەرچەندە وتەیەکی بێ مانایە، بەڵام بۆ لێکۆڵەرێکی باش ڕاستە.

(لێستراد) و (گرێگسن) بە تەواوی سەریان لێ شێوا بوو و ئەو ڕاستییەیان نەدەزانی کە سادەترین جووڵەی (هۆڵمز) هەمیشە ئەنجامێکی دیاریکراو و درووستی هەیە، ئەمە شتێکە کە لە کۆتاییدا لێی تێگەیشتم.

دواتر دوو لێکۆڵەرەکە پرسیان: ڕات لەسەر ئەم دۆسیەیە چییە؟

-ئەگەر زانیاری زیاترم لەسەر دۆسیەکە پێ بڵێن، ئەوا خۆشحاڵ دەبم ئەگەر بتوانم یارمەتیتان بدەم، بەڵام سەرەتا دەمەوێت بزانم کە ئەو پۆلیسە ناوی چییە کە لاشەکەی دۆزیوەتەوە؟ هەروەها ناونیشانەکەشم دەوێت.

(لێستراد) سەیری تێنووسەکەی کرد و گوتی: ناوی (جۆن رانس)ە، ناونیشانەکەی بریتییە لە خانووی ژمارە "46"ی گۆڕەپانی "ئۆدلی"، [کەننگتۆن - پارک گەیت].

(هۆڵمز) ناونیشانەکەی نووسی و گوتی: دکتۆر، با بڕۆین و بیدۆزینەوە. دواتر (هۆڵمز) ڕووی کردە دوو لێکۆڵەرەکە و گوتی: پێش ئەوەی بڕۆم، ئەوا شتێکتان پێ دەڵێم تاکو لە دۆسیەکەدا سوودی لێ ببینن. تاوانی کوشتن لێرە ئەنجام دراوە، باڵای بکوژەکە بریتییە لە سەرووی 180سم، تەمەنێکی مامناوەندی هەیە و پێیەکانی لەچاو باڵای بچووکن، پێڵاوێکی درێژی سەر تیژی لەپێیە، جگەرەی جۆری "ترینکنوبولی" دەکێشێت، لەگەڵ کوژراوەکە بە گالیسکەیەک هاتووە بۆ ئێرە کە ئەسپێک ڕایدەکێشا، ئەو ئەسپە سێ ناڵی کۆن و ناڵێکی نوێی لە پێی ڕاستی پێشەوەی هەیە، بکوژەکە ڕووخسارێکی سوورهەڵگەڕاوی هەیە و دەستەکانیش درێژن، ئەمانە تەنیا کەمێک ڕوونکردنەوەن، بەڵام یارمەتیدەر دەبن.

دوو لێکۆڵەرەکە زەردەخەنەیان کرد وەکو ئەوەی گاڵتەیان بە قسەکەی بێت، دواتر گوتیان: ئەگەر ئەم پیاوە کوژرابێت، ئەوا چۆن کوژراوە؟

(هۆڵمز) گوتی: لە ڕێگەی ژەهرەوە.

دواتر بە هەنگاوی فراوان ویستی بچێتە دەرەوە و لە دەرگای دەرەوە نزیک بۆوە، دەرگایەکەی کردەوە و پێش ئەوەی بڕوات شتێکی بە دوو لێکۆڵەرەکە گوت: وشەی "راشی" کە بە پیتی لاتینی نووسراوە، ئەوا بە ئەڵمانی بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە: "راخیھـ" کە بە مانای "تۆڵەسەندنەوە" دێت، بۆیە کاتی خۆتان لە گەڕان بە دوای خاتوو (رەیتچل)دا بەفیڕۆ مەدەن.

(هۆڵمز) کە ئەمەی گوت، ئەوا ڕاستەوخۆ ڕۆیشت و دوو لێکۆڵەرەکەی بە سەرسامی جێهێشت.

بەشی چوارەم

قسەکانی (جۆن رانس)

کاتژمێر "1"ی پاش نیوەڕۆ ئەو خانووەمان جێهێشت کە لاشەکەی لێبوو، سەرەتا لەگەڵ (هۆڵمز) ڕۆیشتین بۆ نزیکترین ئێستگەی تەلەگراف و لەوێ نامەیەکی دوور و درێژی نووسی، دواتر هاتینە دەرەوە و گالیسکەیەکی ڕاگرت و بە شۆفێرەکەی گوت کە بمانبات بۆ ئەو ناونیشانەی کە (لێستراد) پێی داین.

کاتێک گالیسکەکە دەستی بە جووڵە کرد، ئەوا (هۆڵمز) گوتی: باشترین ڕێگا بۆ ئەوەی دۆسیەیەک چارەسەر بکەیت، ئەوا پێویستە خودی خۆت بۆ دۆزینەوەی بەڵگەکان بچیت بۆ شوێنی تاوانەکە، لە ئێستادا گریمانەیەکی باشم بۆ ئەم دۆسیەیە داناوە، بەڵام پێویستم بە بەڵگەی زیاترە تاکو پشتڕاستی بکەمەوە.

-بەڕاستی من سەرسام دەکەیت (هۆڵمز)، باوەڕ ناکەم کە خۆشت بڕوات بەو وردەکارییانە بووبێت کە باست کردن.

-لە ڕاستیدا بڕوام پێیانە، کە چووم بۆ ئەوێ، ئەوا یەکەم شت کە تێبینیم کرد بریتی بوو لە پاشماوەی تایەی گالیسکەیەک کە لە نزیک شۆستەکە دیار بوو. بە هۆی ئەوەی کە جگە لە دوێنێ شەو لەم حەفتەیەدا هیچ بارانێک نەباریوە، ئەوا ئاشکرایە کە ئەو پاشماوەی تایەیە هی دوێنێ شەو بووە. هەروەها تێبینی شوێن پێی ئەسپێکم کرد، یەکێک لە ناڵەکانی لەچاو سێیەکەی تر ڕوونتر دیاربوو، بۆیە زانیم کە ئەو دانەیە تازەیە. هەروەها گالیسکەکەی دوای بارانەکە هاتووە و بەیانی لەوێ نەبووە (گرێگسن ئەمەی پشتڕاست کردەوە)، کەوایە گالیسکەکە لە کاتی شەودا ڕۆیشتووە بۆ ئەوێ.

-باشە، ئەمە بیرسایی (مەنتیقی) دیارە، بەڵام چۆن باڵای بکوژەکەت زانی؟

**-لە کۆی 9/10 دۆسیەکان دەتوانرێت باڵای کەسێک لە ڕێگەی هەنگاوەکانی بزانرێت، پڕۆسەیەکی پێوانی زۆر ئاسانە، بەڵام با جارێ واز لەو جۆرە وردەکارییانە بهێنین.**

**شوێن پێی بکوژەکە لەسەر قوڕەکە دیار بوو کە لە دەرەوە بوو، هەروەها لە ژوورەکەش دووبارە شوێن پێی لەسەر تۆزەکە دەرکەوتەوە، دواتریش بۆ ئەوەی دووبارە بە پڕۆسەی پێوانەکەدا دابچمەوە، ئەوا پێوانەی بەرزی نووسینی سەر دیوارەکەم کرد و زانیم چەندە لە زەوی دوورە، ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کاتێک بکوژەکە نووسینەکەی نووسیبوو، ئەوا بە شێوەیەکی سرووشتی نووسینەکەی لە ئاستی بینایی خۆیدا نووسیبوو. شتێکی زۆر سادە و ئاسانە.**

**-ئەی تەمەنی ئەوت چۆن زانی؟**

**-مادام کەسێک بتوانێت بە یەک هەنگاو مەترێک نیو ببڕێت، ئەوا ئاشکرایە کە زۆر پیر نییە، شایەنی باسە کە ئەو گۆمەی لە دەرەوە بەسەریدا بازدا هەمان ئەو درێژییە بوو، کوژراوەکە کە پێڵاوە توندەکەی لەپێ بوو بە دەوری گۆمەکەدا سووڕایەوە، بەڵام بکوژەکە کە پێڵاوێکی سەر تیژی لەپێ بوو بەسەر گۆمەکەدا بازیدا. ئەمانە زۆر ڕوون و سادەن، من تەنیا زانیاری و توانایەکانم لەم جۆرە بارودۆخانەدا بەکاردێنم، ئێستا هیچ شتێک ماوە کە بتهەوێت دەربارەی بپرسی؟**

**-ئەی چی دەربارەی نینۆک و جگەرەی "ترینکنوبولی" بکوژەکە؟**

**-بکوژەکە بە پەنجەی دۆشاوەمژەی وشەکەی لەسەر دیوارەکە نووسیبوو، بە هاوێنەکە تێبینی ئەوەم کردبوو کە دیوارە گەچکراوەکە پاشماوەی ڕووشانی لەسەرە، ئەگەر نینۆکەکانی درێژ و تیژ نەبووبان، ئەوا ئەو ڕووشانەی لەسەر نەدەبوو. سەبارەت بە جگەرەکەش، وەکو تێبینیت کرد کە تۆزێکی ڕەنگ خۆڵەمێشیم هەڵگرت، بە هۆی ئەوەی کە لە ناسینەوەی تۆزی جگەرەکان شارەزام، ئەوا زانیم کە ئەو جگەرەیە لە مارکەی "ترینکنوبولی"یە، شایەنی باسیشە کە بابەتێکی زانستیم لەسەر ئەوە نووسیوە، بۆیە بە یەک نیگا دەتوانم بزانم کە جگەرەکە لە**

چ جۆرێکه. ئەم جۆرە توانایانە لێکۆڵەرێکی ناوازەی وەکو من لە لێکۆڵەرە ئاساییەکانی تری وەکو (گرێگسن) و (لێستراد) جیا دەکاتەوە.

-ئەی چی دەربارەی ڕووخسارە سوور هەڵگەڕاوەکەی؟

-ئەمە گریمانەیەکی قورس بوو، بەڵام لێی بە گومان نیم. بەڵام لە ئێستادا لێم مەپرسە، با بۆ دواتر بێت.

دەستێکم لەسەر برۆیەکانم دانا و گوتم: ئەم دۆسیەیە بەڕاستی زۆر سەیر و نامۆیە، ئەو دوو پیاوە (ئەوە ئەگەر دوو پیاویش لەوێ بووبن) لەناو ئەو خانووە بەتاڵەدا چییان دەکرد؟ ئەو شۆفێرەی کە ئەوانی بۆ ئەو خانووە برد چی بەسەر هات؟ ئەی چۆن کەسێک دەتوانێت کەسێکی تر ناچار بکات کە ژەهر بخوات؟ ئەو هەموو خوێنە لە کوێوە هاتووە و هی کێیە؟ ئەگەر مەبەستی بکوژەکە دزی نەبووبێت، ئەوا مەبەستی لە کوشتنی ئەو پیاوە چی بووە؟ ئەو ئەڵقەی ئافرەتە هی کێیە و لەوێ چی دەکات؟ لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە کە بکوژەکە پێش ئەوەی ڕاکات بۆچی وشەی (راشی - تۆڵەسەندنەوە)ی ئەڵمانی لەسەر دیوارەکە نووسیبوو؟

دان بەوە دادەنێم کە ناتوانم ئەم ڕاستییانە بە یەکەوە بلکێنم و دەرەنجامێکی درووستیان بۆ دانێم.

(هۆڵمز) زەردەخەنەیەکی میهرەبانی کرد و گوتی: تەواوی کێشەکانت بە وردی باس کرد، هێشتاش زانیاری زۆر ماوە کە بیزانین، بەڵام دەتوانم بڵێم کە بۆچوونێکم لەسەر ئەم دۆسیەیە هەیە. سەبارەت بە دۆزینەوەکەی (لێستراد)یش، ئەوە تەنیا ڕێگایەکە بۆ ئەوەی بکوژەکە پۆلیس لە خۆی دوور بخاتەوە و سەریان لێ بشێوێنێت، دەیهەوێت دۆسیەکە وا دەربخات کە پەیوەندی بە لایەنی سیاسەمەتدار و گروپی نهێنییەوە هەیە. بکوژەکە بە ڕەگەز ئەڵمانی نەبوو، چونکە ئەڵمانییەکان بەم شێوەیە پیتەکانی خۆیان نانووسن، بەڵکو بکوژەکە بە شێوازی ئینگلیزی پیتەکانی نووسیوە، بۆیە دەتوانین دڵنیا بین کە بکوژەکە ئەڵمانی نییە، بەڵکو تەنیا لاساییکەرەوەیەکی پووچە کە نەیزانیوە چۆن وشەکە بنووسێت. چیتر ناتوانم

بۆت باسی وردەکارییەکان بکەم، چونکە وەکو خۆت دەزانیت کە دوای ئەوەی جادووگەرێک نهێنییەکانی ئاشکرا کرد، ئەوا هیچ کەسێک پێی سەرسام نابێت، بۆیە ئەگەر بۆت باسی شێوازەکانی خۆم بکەم، ئەوا بە کەسێکی ئاساییم هەژمار دەکەیت.

-هەرگیز کاری وا ناکەم، تۆ وات لە دانانی گریمانە و دەرەنجام کردووە کە ببێت بە زانستێکی درووست و ورد.

(هۆڵمز) بەم قسەیەم زۆر دڵخۆش بوو و بۆم دەرکەوت کە حەز دەکات کەسێک ستاییشی کارەکانی بکات، وەکو ئەوە وابوو کە ستاییشی کچێک بکەیت بەوەی کە بڵێیت پۆشاکەکەی جوانە.

-باشە، شتێکت پێ دەڵێم، ئەو پیاوەی کە پێڵاوە پێست توندەکەی لەپێدابوو لەگەڵ ئەو پیاوەی کە پێڵاوە سەر تیژی لەپێدا بوو پێکەوە بە هەمان گالیسکە بەرەو خانووەکە ڕۆیشتبوون. هەردووکیان بە هەمان ڕێڕەودا ڕۆیشتن و بە ئەگەرێکی زۆرەوە قۆڵی یەکتریان گرتبوو. دواتر هەردووکیان چوونە ناو خانووەکە و توزێک بە ناویدا گەڕان، یاخود با بڵێم ئەو پیاوەی کە پێڵاوە پێست توندەکەی لەپێدا بوو لە شوێنی خۆی وەستا و ئەوی تریش هەر بەوێ و بەوێدا دەڕۆیشت. لە ڕێی تۆزی سەر زەمینەکە تێبینی ئەوەم کرد کە بکوژەکە هەنگاوەکانی فراوان کردبوون و زیاتریش دەجوولا، ئەوەش مانای ئەوەیە کە توڕە بووبوو، دواتر کارەساتەکە ڕوویدا. ئەوەی ماویشە تەنیا ئەگەر و گریمانەن. بەهەرحاڵ ئێستا بنچینەیەکی باشمان هەیە تاکو کاری لەسەر بکەین، ئێستا با خێرا بکەین، چونکە ئەمشەو دەمهەوێت بڕۆم بۆ ئاهەنگی مۆسیقایی (نۆرمان نیرودا).

دواتر گالیسکەیەکمان بەکرێ گرت و بە چەند شەقامێکی پیس و پۆخەڵدا ڕۆیشتین، دواتر گەیشتینە شەقامێک کە لە زۆربەی شەقامەکانی تر پیستر و قێزەونتر بوو، لەوێ شۆفێرەکە گالیسکەکەی ڕاگرت و گوتی: ئەمە "ئۆدلی کۆرت"ە، تاکو دەگەڕێنەوە، ئەوا چاوەڕێتان دەکەم.

دواتر بە ڕێڕەوێکی تەسکدا ڕۆیشتین و گەیشتین بە گۆڕەپانێکی فراوان کە بینایەکان لە هەر چوار لاوە دەوریان دابوو و شایەنی باسیشە کە گۆڕەپانێکی قەرەباڵغ بوو. دواتر زیاتر بە گۆڕەپانەکەدا گەڕاین و خانووی ژمارە "46"مان دۆزییەوە، لە بەشی سەرەوەی دەرگایەکە نووسرابوو (ڕانس). دواتر دەربارەی ئەومان پرسی و بۆمان دەرکەوت کە خودی ئەو

پۆلیسەیە کە بە دوایدا دەگەڕێین، دواتر ئێمەیان بۆ ژووری میوانەکان ڕێنوێنی کرد و چاوەڕێی هاتنی ئەومان کرد. ئەو کاتەی کە بانگمان کرد خەوتبوو، بۆیە کە لە خەو هەستا و هات بۆ لامان کەمێک پەست بوو، دواتر گوتی: ڕاپۆرتی خۆم بە ئێستگەی سەرەکی داوە.

دواتر (هۆڵمز) دراوێکی نیو جونەیهی دەرهێنا و لەسەر پەنجەکانی یاری پێدەکرد، ئەو پارەیە سەرەنجی پۆلیسەکەی ڕاکێشا بوو، دواتر (هۆڵمز) گوتی: پێمان باش بوو کە ڕاستی ڕووداوەکان لە دەمی تۆوە ببیستین.

پۆلیسەکە هەر چاوی لەسەر دراوەکە بوو و گوتی: خۆشحاڵم دەبم ئەگەر بتوانم یارمەتیتان بدەم.

(رانس) بڕیاریدا کە هیچ شتێک نەشارێتەوە و تەواوی ڕووداوەکانمان بە وردی پێ بڵێت، دواتر گوتی: لە سەرەتاوە بۆتان باسی هەموو شتێک دەکەم. دەوامەکەم لە کاتژمێر "11"ی شەو دەست پێدەکات و "6"ی بەیانی کۆتایی پێدێت. کاتژمێر "11"ی شەو شەڕێک لە مەیخانەی "وایت هارت" ڕوویدا، جگە لەمە، ئەوا ناوچەکە هێمن بوو. کاتژمێر "1"ی شەو باران باری، دواتر پۆلیسێکی هاوکارم بینی کە ناوی بریتی بوو لە (هێنری مۆرشر)، ئەو بەرپرسیاری ناوچەی "هۆلند گرۆڤ" بوو، ماوەیەک لەسەر سووچی شەقامی "هێنریتا" وەستاین و قسەمان کرد، دواتر بڕیارم دا کە تۆزێک بە ناوچەکەدا بگەڕێم و لەوە دڵنیا ببمەوە کە شەقامی "بریکستن" ئارامە. ڕێگایەکە زۆر قوڕاوی بوو و هیچ کەسێک و شتێک لە دەرەوە نەبوو، جگە لە چەند گالیسکەیەک کە بەوێدا دەڕۆیشتن.

دواتر تۆزێک وەستا، وەکو ئەوەی شتێک بە خەیاڵیدا هاتبێت، دواتر دەستی بە قسە کردەوە و گوتی: بە هێواشی بە ڕێگادا دەڕۆیشتم و بیرم لە خواردنەوەیەکی گەرم و خۆش دەکردەوە، دواتر تێبینی ڕووناکییەکی کزم کرد کە لەوماڵەدا دەهاتە دەرەوە. دەمزانی کە ئەو خانووەی شەقامی "لۆرستن" بەتاڵ بوو، چونکە هیچ کەسێک تێیدا نەدەژیا بەوەی کە خاوەن ماڵەکە ڕەتی دەکردەوە کە ئاوەڕۆ بۆ خانووەکە دانێت، شایەنی باسە کە کۆتا نیشتەجێی ئەو ماڵە بە هۆی "تا"ی "تیفۆدی" ژیانی لەدەستدا. لام سەیر بوو کە ئەو ڕووناکییەم بینی، بۆیە گومانم بۆ پەیدا بوو و بڕیارم دا کە بڕۆم تاکو بزانم چ شتێک لەوێ ڕوودەدات، وردە وردە لە دەرگایەکە نزیک بوومەوە و...

لەو ساتەدا (هۆڵمز) قسەی بە پۆلیسکە بڕی و گوتی: کە گەیشتییە لای دەرگایەکە، ئەوا کشایتەوە و بەرەو دەروازەی باخچەکە گەڕایتەوە، بۆچی ئەو کارەت ئەنجام دا؟

(رانس) بە سەرسامییەکی زۆرەوە سەیری (هۆڵمز)ی کرد و گوتی: ئای خوایە! ئەمەت چۆن زانی؟! ڕاستت فەرموو گەورەم، کاتێک لە دەرگایەکە نزیک بوومەوە، ئەوا سەیری ژوورەوەم

کرد و بینیم کە زۆر بێدەنگ و تاریکە، بۆیە بیرم لەوە کردەوە کە نابێت بە تەنیا بچمە ژوورەوە. هەرچەندە کەسێکی ترسنۆک نیم گەورەم، بەڵام لەو ساتەدا ئەو پیاوەم بیرهاتەوە کە بە "تا"ی "تیڤودی" مردبوو، بیرم لەوە دەکردەوە کە ئێستا بووە بە خێو و لەناو ماڵەکەدایە! بۆیە ترسام و بەرەو دەروازەکە کشامەوە، ویستم چرایەکە لە (مۆرشر) وەربگرم و ئینجا بچم بۆ ناو خانووەکە، بەڵام (مۆرشر) لەوێ نەمابوو.

-ئایا لەو کاتەدا هیچ کەسێک لە شەقامەکە نەبوو؟

-نەخێر گەورەم، تەنانەت سەگێکی بەرەڵڵاشم لەوێ نەبینی، بەهەرحاڵ دواتر بوێریم بۆ پەیدا بوو و گەڕامەوە بۆ لای خانووەکە، دەرگایەکەم کردەوە و بەرەو ئەو ژوورە ڕۆیشتم کە ڕووناکییەکەی لێبوو، کە چوومە ژوورەکە، ئەوا زانیم کە ئەو ڕووناکییە بریتی بوو لە مۆمێکی سوور کە لەسەر ئاگردانەکە دانرابوو، لە ڕێگەی ڕووناکییەکەوە سەیری...

-بەڵێ، دەزانم کە چیت کردووە و چیت بینیوە، کەمێک بەناو ژوورەکەدا گەڕایت و دواتر لە لاشەکە نزیک بوویتەوە و لەسەر چۆکت دانیشتیت تاکو بە ڕوونی بیبینیت، دواتر هەستایت و ویستت دەرگای چێشتخانەکە بکەیتەوە و...

(رانس) لەو کاتەدا بە سەرسامییەکی زۆرەوە هەستایە سەر پێیەکانی و بە دەنگێکی بەرزەوە گوتی: دڵنیام کە تۆ لەوێ بوویت! چونکە زۆر شت دەزانیت!

(هۆڵمز) پێکەنی و کارتی کارەکەی پێدا و گوتی: نیگەران مەبە، من ئەو کەسە نیم کە بیری لێ دەکەیتەوە، دەتوانیت لە (لێستراد) و (گرێگسن) بپرسیت کە من کێم، ئێستا بەردەوامبە، دواتر چیت کرد؟

(رانس) کەمێک هێمن بۆوە و دانیشت، دواتر گوتی: دواتر فیکەم لێدا و (مۆرشر) و دوو پۆلیسی تر هاتن.

**-ئایا ئەو کاتە شەقامەکە چۆڵ بوو؟**

**-هیچ کەسێکی گرنگی لێ نەبوو.**

**-مەبەستت چییە؟**

**پۆلیسەکە زەردەخەنەیەکی گەورەی کرد و گوتی: بە درێژایی ژیانم کەسانێکی سەرخۆشی زۆرم بینیون، بەڵام هەرگیز کەسێکم نەبینیبوو کە بەو ڕاددەیە وەکو ئەو پیاوە سەرخۆش بووبێت. کە لە خانووەکە هاتمە دەرەوە، ئەوا پیاوێکی سەرخۆشم بینی کە بە دەنگێکی بەرزەوە گۆرانی دەگوت، خۆی بە دیوارە دارینەکە گرتبوو تاکو نەکەوێت، بارودۆخی زۆر خراپ بوو، بۆیە نەیدەتوانی باش بوەستێت.**

**-پیاوێکی چۆن بوو؟**

**-سەرخۆشێک بوو کە نەمدەناسی، ئەگەر سەرقاڵی ئەو لاشەیە نەبووباین، ئەوا دەمانخستە ناو زیندانەوە.**

**-ئەی چی دەربارەی ڕووخسار و پۆشاکی؟ تێبینی هیچت نەکرد؟**

**-کاتێک من و (مۆرشر) یارمەتیمان دا تاکو بوەستێت، ئەوا سەرنجی شێوەیم دا، پیاوێکی باڵا بەرز بوو، ڕووخساری سوور هەڵگەڕابوو و چەناگەیەکی خڕی هەبوو...**

**-ئەمەندە بەسە، دواتر چی بەسەرهات؟**

-بە هۆی سەرقاڵیمانەوە کاتی ئەوەمان نەبوو کە چاودێری بکەین، بۆیە پشتگوێمان خست، وابزانم گەڕایەوە بۆ ماڵەوە.

-پۆشاکەکەی چۆن بوو؟

-پاڵتۆیەکی ڕەشی لەبەردابوو.

-قامچی پێبوو؟

-قامچی؟ نەخێر.

-دیارە کە جێی هێشتووە. ئەی دواتر گوێت لە دەنگی گالیسکە نەبوو؟

-نەخێر گەورەم.

(هۆڵمز) هەستا و گوتی: ئەمەش نیو جونەیهەکەت، بەڵام هەرگیز باوەڕ ناکەم کە پلەت بەرز بێتەوە. مێشک بۆ ئەوە دروستکراوە تاکو بەکاری بهێنیت، نەوەکو تەنیا لەناو کەللە سەرتدا هەڵی بگریت. ئەو پیاوەی کە بینیوتە کلیلی ئاشکراکردنی ڕاستییەکانی ئەم دۆسیەیە، هەر ئەویشە کە دەمانهەوێت بیدۆزینەوە. دڵنیام کە ئەو پیاوەیە کە بە دوایدا دەگەڕێین، با بڕۆین دکتۆر.

پۆلیسکە سەرلێشێواو و بێزار بوو، بۆیە ئەومان جێهێشت و بە گالیسکەکە ڕۆیشتین.

که بەرەو ماڵەوە دەگەڕاینەوە، ئەوا هۆڵمز بە بێزاری گوتی: ئەو گەمژەیە هەلێکی زێڕینی لە دەست خۆی داوە! ئەمە من بەڕاستی تورە دەکات!

-هێشتا سەرشێواوم، ئایا بۆچی گەڕایەوە بۆ ناو خانووەکە؟ ئەمە خووی تاوانباران نییە.

-ئەڵقەکە! بۆ ئەڵقەکە گەڕایەوە! ئەگەر نەتوانین ئەم پیاوە بدۆزینەوە، ئەوا ئەم ئەڵقەیە وەکو تەڵەیەک بەکاردێنین تاکو قۆڵبەستی بکەین، گرەوت لەگەڵ دەکەم کە بەم شێوەیە قۆڵبەستی دەکەین دکتۆر.

دواتر تۆزێک هێمن بۆوە و گوتی: پێویستە سوپاسی تۆ بکەم بەوەی کە ئەگەر تۆ نەبووبایت، ئەوا گرنگیم بە دۆسیەکە نەدەدا و لێکۆڵینەوەیەکی چێژ بەخشم لە قیست خۆ دەدا. ئێستا با ژەمی نێوەڕۆ بخۆین و دواتریش بڕۆین بۆ ئاهەنگی مۆسیقی (نۆرمان نیرود)!.

## بەشی پێنجەم

## ئەوەی کە بۆ ئەلقەکە هات

**بۆ شەو بە تەواوی ماندوو بووبووم، تەندروستییە لاوازەکەم بەرگەی ئەو هەموو جوڵەیەی نەدەکرد، بۆیە کاتێک (هۆڵمز) بۆ ئاهەنگی مۆسیقایەکە ڕۆیشت، ئەوا من لە ماڵەوە مامەوە، ویستم پشوویەک بدەم و بخەوم، بۆیە لەسەر قەنەفەکە ڕاکشام و هەوڵی خەوتنم دا. بەڵام ئەوە سوودی نەبوو بەوەی کە زۆر بیرم لە ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژە دەکردەوە، هەر کاتێک چاوەکانم دادەخست، ئەوا ڕووخساری قێزەونی کوژراوەکەم دەهاتە پێش چاو.**

**بە شێوەیەکی زۆر خراپ بیرم لە کوژراوەکە دەکردەوە، بڕوام وابوو کە کەسێکی خراپ بووە بەوەی کە ڕووخسارێکی وا قێزەونی هەیە، بەڵام ئەوەم هەر بیر بوو کە نابێت هەست و بۆچوونەکانم لەگەڵ دۆسیەکەدا تێکەڵ بکەم، چونکە ئەمە نابێت بە بیانوو تاکو بکوژێک لە دەستی یاسا ڕزگاری بێت. دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر هەستم کرد کە (هۆڵمز) ڕاست دەکات کاتێک گوتی ئەو پیاوە بە هۆی ژەهرەوە مردووە، ئەوەم بیر هاتەوە کە چۆن بۆنی لێوەکانی کرد، ئەمەش مانای ئەوەیە کە (هۆڵمز) شتێکی دۆزیبۆوە، بۆیە بۆنی لێوەکانی کرد. لە ڕاستیدا بیرۆکەی بوونی ژەهر لە هەمووی بیرسایتیرە (مەنتیقی) بەوەی کە بکوژەکە هیچ جۆرە نیشانەیەکی برین یان خنکاندنی پێوە دیار نەبوو. بەڵام ئەگەر ئەوە ڕاست بێت، ئەوا ئەو خوێنەی کە لەوێ بوو هی کێ بوو؟ ژوورەکە هیچ جۆرە ئاسەوارێکی شەڕکردنی پێوە دیار نەبوو، هەروەها کوژراوەکەش هیچ جۆرە چەکێکی پێ نەبوو تاکو بەرگری لە خۆی بکات و بکوژەکەی پێ بریندار بکات. تاکو ڕاستی ئەم وردەکارییانە ئاشکرا نەبن، ئەوا خەو ناچێتە چاوەکانی من و (هۆڵمز)ەوە. شایەنی باسە کە ڕەفتاری (هۆڵمز) ئەوەی دەردەخست کە گریمانەیەکی بۆ دۆسیەکە داناوە، بەڵام نازانم کە چییە.**

**دواتر (هۆڵمز) درەنگ گەڕایەوە و بۆم دەرکەوت کە ئاهەنگەکە هۆکاری درەنگ گەڕانەوەی ئەو نەبووە. بەهەرحاڵ خواردنەکەی بۆ ئامادەکرابوو و لەسەر مێزی نانخواردن دانیشت، دواتر منیش ڕۆیشتمە لای.**

**(هۆڵمز) گوتی: ئاهەنگەکە بەڕاستی ناوازە بوو، بەڵێ...**

**کێشە چییە؟ ئایا دۆسیەی "بریکستن" بێزاری کردوویت؟**

-بەڵێ، ڕێک وایە. هەرچەندە پێویستە خۆڕاگرتر بم بەوەی کە دیمەنی لەمە قێزەونترم لە "ئەفغانستان" بینیوە، لە شەڕی "مایواند" هاوڕێیەکانم پارچە پارچە بوون و هیچیش تێک نەچووم.

-لێت تێدەگەم، ئەم دۆسیەیە مەتەڵێکی تێدایە، مەتەڵیش خەیاڵاتت بۆ دروست دەکات. ئەگەر خەیاڵاتت نەبوو، ئەوا ترسیشت نابێت. بەهەرحاڵ، ئایا سەیری هەواڵی ڕۆژنامەکانی ئەمڕۆت کردووە؟

-نەخێر.

-بە وردی باسی دۆسیەکە کراوە، بەڵام باسی ئەو ئەڵقەیە نەکرابوو کە لە لاشەکە بەربووبۆوە. بەهەرحاڵ دواتر خۆم لە ڕۆژنامەکاندا ئاگادارییەکم دەربارەی ئەو ئەڵقەیە بڵاو کردەوە.

دواتر ڕۆژنامەیەکی هێنا و ئەو ئاگادارییەی نیشان دام کە باسی دەکرد، نووسرابوو: ئەڵقەیەکی زێڕینی هاوسەرگیری لە نێوان ڕێگای "وایت هارت تاڤیرن" و "هۆڵند گرۆڤ" دۆزراوەتەوە، تکایە با خاوەنەکەی لە نێوان کاتژمێر "8 - 9"ی شەو بێت بۆ لای دکتۆر (واتسن) لە شەقامی "بەیکەر" - خانووی ژمارەی "221.B"

دواتر گوتی: داوای لێبووردن دەکەم بەوەی کە ناوی تۆم بەکارهێناوە، ئەگەر ناوی خۆمم نووسیبا، ئەوا لەوانەیە پۆلیسێکی گەمژە منی ناسیبایەوە و ئەم پلانەی لێ تێک دابایەن.

-کێشە نییە، بەڵام چی دەبێت ئەگەر کەسێک بەڕاستی هات لە کاتێکدا ئەڵقەکەم لا نییە؟

دواتر ئەڵقەیەکی پێدام و گوتی: کێشە نابێت، چونکە ئەم ئەڵقەیەی کە ئێستا بە تۆم دا ڕێک لەبەرگیراوەی ئەڵقە ڕاستەقینەکەیە.

-پێشبینی کێ دەکەیت کە بۆ ئەڵقەکە بێت؟

-پێشبینی دەکەم کە خودی ئەو کەسە بێت کە بە دوایدا دەگەڕێین، ئەگەر خۆشی نەیەت، ئەوا هاوکارێکی دەنێرێت.

-ئایا پێت وا نییە کە ئەو وا بیر بکاتەوە کە ئەمە مەترسیدارە؟

-نەخێر، چونکە بڕوام وایە کە ئەم پیاوە هەموو شتێک دەکات بۆ ئەوەی ئەڵقەکە بەدەست بهێنێتەوە. بڕوام وایە کە لە کاتێکدا بەسەر لاشەی کوژراوەکەدا دەڕۆیشت، ئەوا ئەڵقەکەی لێ کەوت و دواتر ڕۆیشتە دەرەوە، کاتێک لە دەرەوە سەیری باخەڵی دەکات، ئەوا بۆی دەردەکەوێت کە ئەڵقەکەی لێ کەوتووە و دواتر دەگەڕێتەوە بۆ لای خانووەکە تاکو ئەڵقەکە هەڵبگرێتەوە، بەڵام بۆی دەردەکەوێت کە پۆلیس لەوێیە و ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بە شێوەیەکی گەمژانە مۆمەکەی نەکوژاندبۆوە، بۆیە خۆی وەکو سەرخۆشێک دەرخست تاکو پۆلیس گومانی لێ نەکات بەوەی کە لەو خانووە نزیکە. ئێستا خۆت لە جێی ئەو پیاوە دانێ: دیارە زانیویەتی کە ئەڵقەکەی لە ڕێگادا ون کردووە، بۆیە بە زووترین سەیری ڕۆژنامەکان دەکات تاکو هەواڵێک لەسەر دۆزینەوەی ئەڵقەکە بزانێت. دوای ئەوەی کە زانی ئەڵقەکەی دۆزراوەتەوە، ئەوا زۆر دڵخۆش دەبێت و دێت بۆ ئێرە، چونکە لە تێڕوانینی ئەو هیچ پەیوەندییەک لە نێوان ون بوونی ئەڵقەکە و تاوانی کوشتنەکە نییە، بڕوای وایە کە هیچ کەسێک بەو ڕاستییە نازانێت. شایەنی باسە کە تاکو کاتژمێرێکی تر لێرە دەبێت.

-ئەی دواتر؟

-چارەی ئەوە دەکەم، ئایا چەکت پێیە؟

-چەکە کۆنەکەی سەربازیم لا ماوە.

-کەوایە چەکەکەت ئامادە بکە، چونکە لەوانەیە هێرشمان بکاتە سەر، هەرچەندە قۆڵبەستی دەکەم، بەڵام با هەر ئامادەبین.

بە قسەی ئەوم کرد و ڕۆیشتمە ژوورەکەم تاکو چەکەکە بهێنم، دواتر بۆ چێشتخانەکە گەڕامەوە و بینیم کە مێزی نانخواردنەکە پاک کراوەتەوە و (هۆڵمز)یش لەسەری دانیشتووە، بینیم کە کەمانەکەی دەژەنێت. کە منی بینی، ئەوا گوتی: هەر ئێستا نامەیەکم لە لایان ئێستگەی پۆستەی ئەمریکی پێگەیشت کە تێیدا وەڵامی پرسیارەکانم دراوەتەوە، دەتوانم بڵێم کە تێڕوانینم بۆ دۆسیەکە ڕاست بووە.

-تێڕوانینەکەت چییە؟

-با بۆ کاتێکی تر بێت، ئێستا چەکەکەت لەناو باخەڵت باوێ، دواتر کە پیاوەکە هات، ئەوا بە شێوەیەکی ئاسایی قسەی لەگەڵدا بکە و بە شێوەیەکی گوماناوی سەیری مەکە، چونکە نامانهەوێت ڕابکات.

-زۆر باشە، شایەنی باسە کە ئێستا کاتژمێر "8"ە.

-بەڵێ، ڕاستت فەرموو. پاش چەند خولەکێکی تر لێرە دەبێت، بڕۆ دەرگایەکە بە نیوەیی دابخە و کلیلکەش با لە دیوی ژوورەوە بێت، ئاوا زۆر باشە، سوپاس. بەهەرحاڵ، ئەم پەرتووکە کۆن و سەیرە دەبینیت کە دوێنێ لە دوکانێکی بچووک کڕیم؟ ناوەکەی بریتییە لە "مافداری وڵاتان"، بە زمانی لاتینی لە ساڵی 1642ز لە "بەلجیکا" بڵاو کرایەوە و... دیارە ئەو پیاوەی چاوەڕێمان دەکرد هاتووە.

لەو کاتەدا کەسێک بە توندی زەنگی لێ دەدا و (هۆڵمز) کورسییەکەی بە ئاڕاستەی دەرگایەکە جووڵاند. دواتر گوێبیستی دەنگی شوێن پێیەکانی خزمەتکاری ماڵەکە بووین کە بەرەو دەرگایەکە دەڕۆیشت تاکو بیکاتەوە، گوێمان لە دەنگێک بوو کە گوتی: ئایا دکتۆر (واتسن) لە ماڵەوەیە؟

گوێبیستی وەڵامی خزمەتکارەکە نەبووین، بەڵام دواتر گوێمان لە دەنگی داخستنی دەرگایەکە بوو و هەروەها گوێشمان لە دەنگی شوێن پێیەکانی کەسێک بوو کە بە پلیکانەکاندا بەرەو سەرەوە دەهات، هەنگاوەکانی ناڕێک بوون، ئەمەش ئەوەی دەردەخست کە ئەم کەسە قاچەکانی باش کار ناکەن. دواتر بەرەو ژووری ئێمە هات و لە دەرگای دا.

منیش گوتم: فەرموو، وەرە ژوورەوە.

دواتر سەرسام بووم بەوەی کە ئافرەتێکی پیر هاتە ژوورەوە، نەوەکو پیاوێک کە لەوانەیە مەترسیدار بێت. دواتر سەیری (هۆڵمز)م کرد و تێبینی ئەوەم کرد کە کەمێک ناڕەحەتە بەوەی کە پێشبینی هاتنی کەسێکی وای نەدەکرد، ئیتر دواتر منیش وەکو ئەو بێدەنگ بووم. دواتر ئافرەتە پیرەکە بە پەشۆکاوییەوە لەناو جانتایەکەیدا گەڕا و ڕۆژنامەیەکی دەرهێنا، دواتر گوتی: بۆ ئەمە هاتووم بەڕێزان، ئەڵقەیەکی زێڕینی هاوسەرگیری کە لەسەر ڕێگای "بریکستن" ون بووە. ئەم ئەڵقەیە هی (سالی)ی کچمە کە لەو ڕێگایەدا ونی کردووە، ساڵێک پێش ئێستا شووی بە پیاوێک کرد کە کەشتیوانێکی سەر کەشتییەکی بازرگانییە. ئەگەر بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە و ببینێت کە (سالی) ئەڵقەکەی لە پەنجەدا نییە، ئەوا زۆر توڕە دەبێت، خۆی لە کاتی ئاساییدا قسەکانی جەرگ بڕن، بەڵام کاتێک سەرخۆش دەبێت، ئەوا زۆر خراپتر دەبێت و...

بە دەنگێکی بەرزەوە گوتم: ئەمەیە؟

ئەویش بە دەنگێکی بەرزەوە وەڵامی دامەوە و گوتی: بەڵێ، خۆیەتی! سوپاس بۆ خوا! (سالی) بەمە زۆر دڵخۆش دەبێت.

**دواتر پێنووسێکم هێنا و لێم پرسی: دەتوانیت ناونیشانەکەتم پێ بڵێیت؟**

**-ڕێگای "هاوندسدیچ" - شەقامی "دەنکن"، خانووی ژمارە 13، لێرەوە زۆر دوورە.**

**(هۆڵمز) کەمێک توند بوو و گوتی: بەڵام ڕێگای "بریکستن" لە "هاوندسدیچ"ەوە نزیک نییە.**

**ئافرەتە پیرەکە سووڕایەوە و بە چاوێکی تیژ سەیری (هۆڵمز)ی کرد و گوتی: ئەم پیاوە بەڕێزە پرسیاری دەربارەی ناونیشانی من کرد، بەڵام ناونیشانی (سالی) بریتییە لە ڕێگای "بێکهام" - شەقامی "مێفیلد بڵێس"، خانووی ژمارە 3 دەژیت.**

**-ئەی ناوی تۆ چییە؟**

**-ناوم (سوێر)ە، ناوی خانەوادەیی کچەکەشم بریتییە لە (دێنس)، ئەو شووی بە (تۆم دێنس) کردووە. کاتێک لەسەر کەشتییە، ئەوا زۆر دڵخۆش و کەشخەیە، بەڵام کاتێک دەگەڕێتەوە نیشتیمان، ئەوا هەڵسوکەوتی خراپ دەبێت و تەنیا دەچێتە ناو ئافرەتان و دواتریش سەرخۆش دەبێت...**

**(هۆڵمز) بە بێدەنگی ئاماژەی ئەوەی پێکردم کە ئەڵقەکەی پێ بدەم، بۆیە قسەم بە ئافرەتە پیرەکە بڕی و گوتم: فەرموو خاتوو (سوێر)، ئەمە ئەڵقەی کچەکەتە، خۆشحاڵم بەوەی کە توانیومانە یارمەتیت بدەین.**

**ئافرەتە پیرەکە ئەڵقەکەی لێ وەرگرتم و دواتر لەناو جانتایەکەی هاویشت، دواتریش نزای بۆ کردین و سوپاسی کردین. لە کۆتاییدا ڕۆیشت، بەڵام هەر لە ساتی دەرچوونی ئافرەتە پیرەکە، ئەوا (هۆڵمز) بە خێراییەکی زۆرەوە ڕۆیشتە ژوورەکەی و دواتر کە هاتە دەرەوە بینیم کە ملپێچێکی گەورەی بەستووە، دواتر گوتی: بە دوای ئەم ئافرەتە دەکەوم، دڵنیام کە هاوکاری تاوانبارەکەیە، تاکو دێمەوە، ئەوا مەخەوە.**

لە پەنجەرەکەوە ئافرەتە پیرەکەم بینی کە بە هێواشی بە ڕێگادا دەڕوات و (هۆڵمز)یش لە دوورەوە بە دوای دەکەوێت.

تەنانەت ئەگەر (هۆڵمز)یش داوای ئەوەی لێ نەکردبام، ئەوا خەوم لێ نەدەکەوت بەوەی کە دەمویست گوێبیستی قسەکانی ببم و بزانم چی ڕوویداوە، کاتژمێر 9 بوو کە ڕۆیشت، نەمدەزانی کە کەی دەگەڕێتەوە، بۆیە لەسەر کورسییەک دانیشتم و پەرتووکی "دیمەنەکانی ژیانی فەڕەنسا"م لە نووسینی (هێنری مۆرگەر) دەخوێندەوە، بەم شێوەیە کاتم تێپەڕاند.

کاتژمێر 10 خزمەتکاری ماڵەکە بەرەو ژوورەکەی دەڕۆیشت تاکو بخەوێت، کاتژمێر "11"ش گوێم لە دەنگی شوێن پێیەکانی خاوەن ماڵەکە بوو کە بەرەو ژوورەکەی دەڕۆیشت تاکو بخەوێت، کاتژمێر بوو بە 12 کاتێک گوێم لە دەنگی کردنەوەی دەرگایەکە بوو، بینیم کە (هۆڵمز)ە. دیار بوو کە ئەرکەکەی (هۆڵمز) سەرکەوتوو نەبوو، وا دیاربوو کە هەستی خۆشی و بێزاری تێکەڵاو بوو، لە کۆتاییدا هەستی یەکەمی بەسەر دووەمیدا زاڵ بوو و دواتریش زۆر پێکەنی.

لەسەر کورسییەکەی دانیشت و گوتی: نامەوێت پۆلیسەکان بەم ڕووداوە بزانن، چونکە پێشووتر گاڵتەیەکی زۆرم بەوان کردووە، ئەگەر ئەوان بزانن، ئەوا تۆڵەم لێ دەکەنەوە و گاڵتەیەکی زۆرم پێ دەکەن!

-چی ڕوویدا؟

-باشە، کێشەم لە باسکردنی چیرۆکێک نییە کە تێیدا سەرکەوتوو نەبووم. ئافرەتە پیرەکە تۆزێک بە ڕێگادا ڕۆیشت و ماندوو بوو، نیشانەکانی ئازاری پێیەکانی پێوە دیاربوو، بەهەرحاڵ دواتر گالیسکەیەکی وەستاند و سواری بوو. تۆزێک لێی نزیک بوومەوە و ئەو ناونیشانەم بیست کە دەیویست بۆی بچێت، شایەنی باسە کە ئەمە شتێکی گرنگ نییە، چونکە بە دەنگێکی وا بەرز گوتی کە لە سووچی شەقامەکەی ترەوە گوێت لێ دەبوو.
هاوارەکەی بریتی بوو لەمە: بڕۆ بۆ ڕێگای "هاوندسدیچ" - شەقامی "دەنکن"، خانووی ژمارە 13!

بیرم کردەوە کە بەڕاستی لەوێ دەژیت بەوەی کە بینیم سواری گالیسکەکە بوو و بەرەو ئەو ناونیشانە دەڕۆیشت، بەهەرحاڵ کە گالیسکەکە بەڕێ کەوت، ئەوا بە خێراییەکی زۆرەوە بەرەو گالیسکەکە ڕام کرد و خۆم بە پشتەوەی گالیسکەکە بەستەوە. گالیسکەکە بە

خێراییەکی زۆرەوە گەیشتە شەقامەکە و منیش پێش ئەوەی گالیسکەکە بگاتە بەردەم ماڵەکە، ئەوا بازم دا و بە خێرایی بەرەو سووچی شەقامەکە ڕۆیشتم. دواتر بینیم کە شۆفێرەکە دابەزیوە و چاوەڕێی هاتنە دەرەوەی ئافرەتە پیرەکە دەکات، بەڵام ئەو نەهاتە دەرەوە! دواتر لێی نزیک بوومەوە و بینیم کە شۆفێرەکە بە توڕەییەکی زۆرەوە بە دوای ئافرەتە پیرەکەدا دەگەڕێت، شایەنی باسیشە کە جنێوی زۆری دان. شۆفێرەکە پارەی خۆی وەرنەگرت بەوەی کە ئافرەتەکە ون بوو، هەروەها دەربارەی ناونیشانەکەشم کۆڵییەوە، بۆم دەرکەوت کە خانووی ژمارە 13 موڵکی بەڵێندارێکی بەڕێزە بە ناوی (کیسویک)، دواتر دەربارەی ئافرەتە پیرەکە و کچەکەی و مێردی کچەکەیم پرسی، بۆم دەرکەوت کە لەو شوێنە کەسێک بە ناوی (سوێر) یان (دێنس) بوونی نییە.

-ئای خوایە! چۆن دەکرێت کە ئافرەتێکی وا پیر بە شێوەیەکی نهێنی و خێراییەکی زۆرەوە لە گالیسکەکە بڕواتە دەرەوە و لە دەستی تۆ ڕابکات؟!

-نەفرەت! بەڕاستی ئێمەی هەڵخەڵەتاند! دڵنیام کە ئەو ئافرەتە پیرە کوڕێکی گەنج و بەهێز بووە کە جلوبەرگێکی وەهای لەبەرکردووە تاکو هەڵمان بخەڵەتێنێت. دڵنیام زانیویەتی کە کەسێک بەدوای دەکەوێت، بۆیە بە شێوەیەک لە شێوەکان ڕایکرد. ئەمە ڕاستی ئەوە دەردەخات کە ئەو پیاوەی بە دوایدا دەگەڕێین تەنیا نییە، بەڵکو هاوڕێی بە توانای هەن کە یارمەتی دەدەن. بەهەرحاڵ دکتۆر، دیارە کە زۆر ماندوویت، پێم باشە بخەویت و تۆزێک پشوو بدەیت.

منیش بە قسەم کرد و ڕۆیشتمە سەر جێگایەکەم تاکو بخەوم، پێش ئەوەی بخەوم، ئەوا تێبینی ئەوەم کرد کە (هۆڵمز) ڕۆیشتە بەردەم ئاگردانەکە و دانیشت، دواتر بە شێوەیەکی هێمنانە دەستی بە ژەنینی کەمان کرد، ئەوە نیشانەی ئەوە بوو کە بیری لەو ڕووداو و دۆسیەیە دەکردەوە.

## بەشی شەشەم

### لەخۆبایی بوونی (گرێگسن)

بۆ ڕۆژی دواتر چەندین ڕۆژنامە باسی دۆسیەی "بریکستن"یان کرد، هەندێکیان لە بەشی هەواڵی بەپەلەیان نووسیبوو، شایەنی باسیشە کە زانیاری نوێی تێدا باسکرابوو کە ئێمە پێمان نەدەزانی، بۆیە ئەو زانیاریانەم لای خۆم هەڵگرت.

لە ڕۆژنامەی "دەیلی تەلەگراف" نووسرابوو: ئەمە نامۆترین جۆری دۆسیەیە کە تاکو ئێستا بینیبێتمان یاخود دەربارەیمان بیستبێت. نووسینی سەر دیوارەکە ئەوە دەردەخات کە کەسی تاوانبار کۆچبەر یاخود شۆڕشگێڕێکی سیاسییە. سۆسیالیستەکان لە "ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا" خاوەنی چەندین گروپ و دەستەی جیاوازن، لەوانەیە کەسی کوژراو یەکێک لە یاسایەکانی ئەوانیان شکاندبێت و بەم جۆرە ئەشکەنجە درابێت. لە کۆتاییشدا تیشک خرایە سەر هەندێک گریمانە و دۆسیەی بەناوبانگ، بۆیە داوایان لە حکومەتی "ئینگەلترا" کرد کە بە شێوەیەکی ورد چاودێری بێگانەکان بکەن.

بەڵام ڕۆژنامەی "ستاندارد" باسی لەوە کرد کە هۆکاری کوشتنی ئەم ئەم پیاوە بریتییە لە لاوازی دەسەڵات و بوونی هزرێکی لاوازی جەماوەری. ئەم بەڕێزە ئەمریکییە بۆ ماوەی چەند حەفتەیەک لە "لەندەن" ماوەتەوە، لە میوانخانەیەک (مۆتێل) لە "تۆرکای ترانس" لە "کامبرۆیل" ماوەتەوە کە موڵکی خاتوونێکە بە ناوی (چاربەنتەر). سکرتێرەکەشی کە ناوی (جۆزف ستانگرسن)ە لەگەڵی گەشت دەکرد، هەردووکیان لە ڕۆژی سێ شەممە کە دەکاتە بەرواری چواری ئەم مانگە لە میوانخانەکە ڕۆیشتن و بەرەو ئێستگەی "ئیستن" بەڕێ کەوتن تاکو بە شەمەندەفەری خێرای "لیڤەرپول" ڕابگەن. کۆتا جار کە بینران، ئەوا هەردووکیان لەسەر شۆستەی ئێستگەکە وەستابوون و دواتر هیچ هەواڵێکیان لەسەر نەما، تاکو ئەو ساتەی کە لاشەی مردووی (دریبەر) لە خانوویەکی چۆڵ لە شەقامی "بریکستن" دۆزرایەوە. ئایا دەبێت چۆن بەوێ گەیشتبێت؟ ئەمە پرسیارێکە کە وەڵامەکەی هێشتا ڕوون نییە. بەهەرحاڵ شایەنی باسە کە شوێنی (ستانگرسن) دیار نییە و (گرێگسن) و (لێستراد) کە دوو لێکۆڵەری بەناوبانگن، ئەوا بەم دۆسیەیە ڕاسپێردراون. بە دڵنیاییەوە ئەم دوو لێکۆڵەرە ئەم دۆسیەیە تەواو دەکەن و تەواوی ڕاستییەکانمان دەخەنە بەردەست. ڕۆژنامەی "دەیلی نوز"یش نووسیویەتی: ئەمە بە دڵنیاییەوە دۆسیەیەکی سیاسییە، چونکە دەسەڵاتی ڕەها و دەمارگیری لیبرالی هۆکارێک بووە بۆ ئەوەی ئەمریکییەکان ڕووبکەنە وڵاتە ئەوروپییەکان. ئەگەر ئەو جۆرە گروپە دەمارگیرانە بوونیان نەبووبا، ئەوا ئەمریکییەکان لە "ئینگەلترا" دەیانتوانی ببن بە

دانیشتوویەکی بێخەوش، بەڵام هەمیشە ڕێگرێکی لەو جۆرە بوونی هەبووە. پێویستە هەموو هەوڵێک بۆ دۆزینەوەی (ستانگرسن) بدرێت و بە وردی لەم دۆسیەیە بکۆڵدرێتەوە، زانینی شوێنی مانەوەشیان یەکەمین هەنگاوی چارەسەرکردنی ئەم دۆسیەیە، ئەمەش بۆ توانای بەڕێز (ستانگرسن) سەر بە دەستەی پۆلیسی بەریتانی دەگەڕێتەوە کە توانی بە شوێنی مانەوەی پێشووتری ئەوان بزانێت.

من و (هۆڵمز) پێکەوە ئەوەمان دەخوێندەوە و تێبینی ئەوەم کرد کە (هۆڵمز) پێیان پێدەکەنی، دواتر گوتی: پێم گوتیت کە تەنیا (گرێگسن) و (لێستراد) سوودمەند دەبن.

-تەنیا ئەنجامی کۆتایی گرنگە.

-ئای خوایە! ئەنجامی کۆتایی بە هیچ شێوەیەک گرنگ نییە. سەیرکە، ئەگەر بکوژەکە قۆڵبەست بکرێت، ئەوا ئەوان سوودمەند دەبن و ستاییش دەکرێن، ئەگەر بکوژەکە قۆڵبەستیش نەکرێت، ئەوا کێشەیان نابێت بەوەی کە بیانوویەک دێننەوە و دواتریش خەڵک پشتگیریان دەکەن و ئەم بابەتە لەبیر دەکەن، وەکو پەندێکی پێشینان دەڵێت: کەسی گەمژە ئەو کەسەیە کە گەمژەیەکی تر دەدۆزێتەوە تاکو پێی سەرسام بێت.

-ئای خوایە! ئەمە چییە؟!

بۆیە بەم شێوەیە هاوارم کرد چونکە کۆمەڵە سواڵکەرێکی بۆگەن و پیسم بینی کە خاوەن ماڵەکە بە بێزارییەکی زۆرەوە ئەوانی کردە ژوورەوە. دواتر (هۆڵمز) بە زەردەخەنەوە گوتی: ئەمانە گروپی لێکۆڵەرانی شەقامی "بەیکەر"ن!

دواتر هاواری کرد و گوتی: وریابن!

(هۆڵمز) کە ئەمەی گوت، ئەوا سواڵکەرە بچووکەکان وەکو کۆمەڵە پەیکەرێک وەستان و دواتر ڕیز بوون.

هۆڵمز گوتی: بۆ جاری داهاتوو تەنیا (ویگنز) بەوە ڕاسپێرن کە ڕاپۆرتەکە بدات، پێویستە ئەوانی تریش لە دەرەوە بوەستن. بەهەرحاڵ (ویگنز)، ئایا دۆزیتانەوە؟

-نەخێر گەورەم، نەماندۆزییەوە.

-باش بە دوایدا بگەڕێن و بیدۆزنەوە، ئەمەش ئەو خەڵاتەیە کە بەڵێنم پێدابوون.

(هۆڵمز) شلنێکی بە هەر یەکێک لە منداڵەکان دا و دواتر گوتی: ئێستا بڕۆن و هەواڵێکی خۆشم بۆ بهێنن.

دواتر هەموویان وەکو کۆمەڵە مشکێک ڕۆیشتن.

دواتر (هۆڵمز) گوتی: هەر یەکێک لەم سواڵکەرە بچووکانە سوودی لە دوازدە لێکۆڵەری پۆلیس زیاترە، چونکە کاتێک خەڵک پۆلیس دەبینن، ئەوا ڕاستییەکە بە تەواوی ناڵێن، بەڵام ئەم بچکۆلانە دەتوانن بۆ هەموو شوێنێک بڕۆن و هەموو شتێک ببیستن، هەروەها شایەنی باسیشە کە زۆر زیرەکن، تەنیا پێویستیان بەوەیە کە کەسێک ڕێنوێنیان بکات.

-ئایا داوای یارمەتی ئەوانت کردووە تاکو زانیاریت لەسەر دۆسیەی "بریکستن" بۆ بێنن؟

-بەڵێ، تەنیا ویستم لە هەندێک زانیاری دڵنیا ببمەوە.

بەهەرحاڵ وا دیارە کە ئێستا هەندێک هەواڵ دەبیستین بەوەی کە (گریگسن) وا بەرەو ئێرە دێت.

لەو ساتەدا زەنگی ماڵەکەمان بە شێوەیەکی توند لێیدرا و دواتر (گرێگسن)ی قژ زەرد بەرەو لای ئێمە هات، دواتر سڵاوی لە هەردووکمان کرد و بە شێوەیەکی توند دەستی (هۆڵمز)ی گوشی (تۆقەی لەگەڵدا کرد) و گوتی: پێویستە پیرۆزباییم لێ بکەیت بەڕێز (هۆڵمز)! چونکە من ڕاستی دۆسیەکەم ئاشکرا کردووە و کۆتاییم پێهێناوە!

لەو ساتەدا (هۆڵمز) کەمێک حەپەسا و گوتی: ئایا بەڕاستی کۆتاییت بە دۆسیەکە هێنا؟

-بەڵێ! کەسی تاوانباریشمان قۆڵبەست کردووە!

-ناوی چییە؟

(گرێگسن) دەستەکانی خۆی بە لەخۆباییەکی زۆرەوە گوشی و گوتی: ناوەکەی بریتییە لە (ئارسەر چاربەنتەر)، ئەفسەرێکی یەدەگی سوپای شاهانەیە.

(هۆڵمز) کە ئەمەی بیست بە تەواوی ئاسوودە بوو و گوتی: دانیشە و جگەرەیەک بکێشە، چیرۆکەکەمان بە وردی بۆ بگێڕەوە، چونکە من و هاوڕێیەکەم تامەزرۆی زانینی هەموو شتێکین.

-بە دڵنیاییەوە، دەتوانم بڵێم کە لەم دوو ڕۆژەی ڕابردوودا زۆر ماندوو بووم، لە ڕووی جەستەییەوە نا، بەڵکو زیاتر لە ڕووی مێشکەوە. دڵنیام کە لە مەبەستم تێدەگەیت بەڕێز (هۆڵمز)، چونکە من و تۆ کەسێکین کە زیاتر مێشکمان بۆ مەبەستی کارکردن بەکاردێنین.

-بە دڵنیاییەوە ڕاست دەکەیت بەڕێز (گرێگسن)! ئێستا تکایە بۆمان باس بکە کە چۆن کۆتاییت بەم دۆسیەیە هێنا؟

لێکۆڵەرەکە لەسەر کورسییەک دانیشت و دەستێکی لەسەر دەسکێکی کورسییەکە دانا و بە دەستەکەی تریشی جگەرەیەکی هەڵدەگرت کە لەو کاتەدا دەیکێشا، دواتر لە پڕ و بە شێوەیەکی خێرا دەستی لە ڕانی دا وەکو ئەوەی شتێکی خۆشی بیرکەوتبێتەوە، دواتر گوتی: بەڕاستی جێی پێکەنینە کە (لێستراد)ی گەمژە بە تەواوی لە ڕێڕەوی دۆسیەکە دەرچووە، ئەو لە ئێستادا بە دوای (ستانگرسن)ی سکرتێردا دەگەڕێت، ئەو هیچ پەیوەندییەکی بە تاوانی کوشتنەکەوە نییە، بەهەرحاڵ لەوانەیە ئێستا قۆڵبەستی کردبێت.

دواتر (گرێگسن) دەستی بە پێکەنین کرد، بە ڕادەیەک پێکەنی کە خەریک بوو بخنکێت، بەهەرحاڵ دواتر (هۆڵمز) لێی پرسی: بەڵگەکەت چۆن دۆزییەوە؟

-بە دڵنیاییەوە پێت دەڵێم، بەڵام ئەم قسەیەم بۆ تۆیە دکتۆر (واتسن)، تکایە ئەمەی دەیڵێم با بە نهێنی لە نێوانماندا بمێنێتەوە. یەکەم هەنگاو بریتی بوو لەوەی کە پێویست بوو ڕابردووی ئەو ئەمریکییە بزانم، هەر کەسێکی تر بووبا، ئەوا چاوەڕێی کەسێکی دەکرد تاکو بێتە لای و زانیارییەکی پێ بڵێ، ئەوە ئەگەر هیچ شتێکی دەربارەی بزانێت، بەڵام من بەم شێوەیە کار ناکەم. ئەو کڵاوەت بیرە کە لە نزیک کوژراوەکە دۆزیمانەوە؟

-بەڵێ، شایەنی باسە کە لە دوکانی (جۆن ئەندروود) و کوڕەکانی دروستکراوە، لە ڕێگای ژمارە "129"ی شەقامی "کامبرویل."

(گرێگسن) لەو ساتەدا پەرێشانی گرتی و گوتی: کەوایە تێبینی ئەوەت کردبوو، ئایا چوویت بۆ ئەوێ؟

-نەخێر.

(گرێگسن) بە دڵخۆشییەکی زۆرەوە گوتی: پێویستە هەموو جۆرێک هەلێک بقۆزیتەوە!

(هۆڵمز) بە شێوەیەکی دانایانە گوتی: مێشکێکی گەورە دەتوانێت زانیاری زۆر لە شتێکی بچووک دەربێنێت.

-ڕاستت فەرموو، بەھەرحاڵ ڕۆیشتم بۆ ئەوێ و دەربارەی ئەوەم پرسی کە ئایا کڵاوێکی لەو جۆرەی بۆ ئەو ئەمریکییە درووست کردووە؟ ئەویش سەیری دەفتەرەکەی کرد و گوتی بەڵێ، دواتر داوای ئەو ناونیشانەم کرد کە کڵاوەکەی بۆ ناردووە، بەم شێوەیە ناونیشانی کوژراوەکەم زانی.

-ئافەرین، کارێکی باشت کردووە.

-دواتر بەرەو ناونیشانەکە ڕۆیشتم و خاتوو (چاربەنتەر)ی خاوەن ماڵەکەم بینی، ڕێگەی پێدام کە بڕۆم بۆ ژوورەوە، کاتێک ڕۆیشتمە ژوورەوە، ئەوا دانیشتم و دواتر خاتوو (چاربەنتەر) و کچەکەی ھاتنە لام، کچێکی چاو سووری زۆر جوانی ھەبوو، بەڵام تێبینی ئەوەم کرد کە لێوەکانی دەلەرزن، دیاربوو کە دەترسا. بەھەرحاڵ خاتوو (چاربەنتەر)یش بارودۆخی باش نەبوو و فرمێسکی دەڕشت، دواتر تۆزێک ھێور بوونەوە و منیش ئەوەم بە ھەل زانی تاکو چەند پرسیارێک بکەم، بۆیە پرسیم: ئایا دەربارەی مەرگی (ئینۆش دریبەر)ت بیستووە؟

خاتوو (چاربەنتەر) سەری لەقاند (مەبەستی "بەڵێ" بوو.)

کچەکەشی بە شێوەیەکی سەیر لەپڕ گریا، بۆیە گومانم لەو دوو ئافرەتە کرد.

دواتر پرسیم: بەڕێز (دریبەر) کەی بۆ ئێستگەی شەمەندەفەرەکە بەڕێکەوت؟

خاتوو (چاربەنتەر) بە پەشۆکاوییەکی زۆرەوە گوتی: کاتژمێر "8"ی شەو بوو، (ستانگرسن)ی سکرتێریشی باسی دوو شەمەندەفەری کرد، دانەیەکیان کاتژمێر 9:15 بەڕێ دەکەوت و ئەوی تریش کاتژمێر 11 بەڕێ دەکەوت، گوتیان کە سواری شەفەمەندەفەری یەکەم دەبن.

-ئایا ئەوە کۆتا جار بوو کە بینیتان؟

ئەو کاتەی کە ئەمەم پرسی، ئەوا ڕووخساری ئافرەتەکە بە تەواوی سپی هەڵگەڕا، چەند چرکەیەکی پێچوو تاکو وەڵامی دامەوە، لە کۆتاییدا گوتی: بەڵێ!

دوای ئەمە بۆ ماوەیەک بێدەنگی ژوورەکەی داگیر کرد، دواتر کچی خاتوو (چاربەنتەر) بە شێوەیەکی هێمنانە گوتی: دایکە، درۆکردن سوودی نییە، با ڕاستییەکەی پێ بڵێین، ئەوە کۆتا جار نەبوو کە بەڕێز (دریبەر)مان بینی.

خاتوو (چاربەنتەر) بە توڕەییەکی زۆرەوە دەستی بۆ ئاسمان بەرز کردەوە و هاواری کرد: ئای خوایە! تۆ بەمە ژیانی برایەکەت وێران کرد!

کچەکە بە ئیرادەیەکی بەهێزەوە گوتی: (ئارسەر) پێی خۆش دەبوو کە ڕاستگۆ بین.

دوای ئەم قسانە گوتم: باشترە هەموو شتێکم پێ بڵێیت خاتوو (چاربەنتەر)، وەکو دەزانیت کە نیوەی ڕاستی لە بێدەنگی سامناکترە.

-(ئالێس)! ئەمە هەڵەی تۆیە! بەهەرحاڵ بەڕێزەکەم، بە دڵنیاییەوە هەموو شتێکت پێ دەڵێم. شایەنی باسە کە من هیچ جۆرە گومانێکم لەسەر (ئارسەر)ی کوڕم نییە بەوەی کە دڵنیام ئەو هیچ جۆرە پەیوەندییەکی بەم تاوانە قێزەونەوە نییە، هەر ئەوەیە کە دەترسم گومانی لێ بکەیت. چونکە ئەو کوڕێکی زۆر باش و بەڕێزە، ئەو هەرگیز کارێکی لەم جۆرە ناکات.

-باشترە کە تەواوی ڕاستییەکانم پێ بڵێیت، ئەگەر قسەکانیشت ڕاست بن، ئەوا بە دڵنیاییەوە کوڕەکەت هیچ شتێکی خراپی بەسەر نایەت.

-(ئالێس)، تکایە جێمان بهێڵە.

کچەکەی ڕۆیشت و دواتر گوتی: نەمویست هیچ کام لەمانەت پێ بڵێم، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە کچە ترسنۆکەکەم ئەم نهێنییەی درکاند، ئەوا ناچارم تەواوی ڕاستییەکانت پێ بڵێم.

-کارێکی باش دەکەیت.

-بەڕێز (دریبەر) و (ستانگرسن)ی سکرتێری بۆ ماوەی سێ حەفتە لای ئێمە مانەوە، شایەنی باسە کە ئەوان گەشتییان بە کیشوەری ئەورووپیدا دەکرد، تێبینی ئەوەم کرد کە پۆستەرێک بە ناوی "کۆبنهاگن" لەسەر جانتایەکانیان بوو، ئەوەش مانای ئەوە بوو کە پێشووتر لەوێ بوون. بەڕێز (ستانگرسن) پیاوێکی زۆر هێمن و بەڕێز بوو، بەڵام (دریبەر)ی سەرۆکی بە پێچەوانەوە بوو، کەسێکی زۆر توند و بەدڕەوشت بوو، یەکەم شەو کە هات بۆ ئێرە، ئەوا بە تەواوی سەرخۆش بوو، لەو ماوەیەی کە لەگەڵماندا بوو، ئەوا زۆربەی کات سەرخۆش دەبوو! زۆربەی کاتیش لە خزمەتکارەکان نزیک دەبۆوە و قسەی پووچی بۆ دەکردن، پاش ماوەیەکیش هەمان شتی لەگەڵ کچەکەم ئەنجامدا، بەڵام سوپاس بۆ خوا کە کچەکەم لەوە پاکتربوو تاکو گرنگی بە کەسێکی چەپەڵی لەو جۆرە بدات، بەڵام جارێکیان کچەکەمی گرت و باوەشێکی توندی لێدا، (ستانگرسن)ی سکرتێری کە ئەمەی بینی، ئەوا بە شێوەیەکی زۆر توند (دریبەر)ی سەرزەنشت کرد.

-بۆچی بەرگەی ئەوت گرتبوو؟ ئایا نەتدەتوانی دەری بکەیت؟

کاتێک خاتوو (چاربەنتەر) ئەمەی بیست، ئەوا ڕووخساری سوور هەڵگەڕا، دواتر گوتی: خۆزگە هەر لە یەکەم ڕۆژەوە دەرم کردبا! بەڵام ئەو و سکرتێرەکەی ڕۆژانە جونەیهێکیان پێم دەدا، واتا بە هەردووکیان حەفتەی 14 جونەیهیان دەدا، ئەمەش پارەیەکی زۆر بوو. لەم کاتەی ساڵدا خەڵکێکی زۆر لێرە نامێنێتەوە، بۆیە پارەیەکی کەمم هەیە، شایەنی باسیشە کە تێچووی ناردنی کوڕەکەم بۆ هێزی دەریاوانی زۆر بوو، بۆیە ناچار بووم کە ئەو پارەیە وەربگرم، بەڵام چیتر بەرگەم نەگرت و هەردووکیانم دەرکرد.

-ئەی دواتر چی ڕوویدا؟

-پاش ئەوەی ئەوان ڕۆیشتن، ئەوا دڵم ئاسوودە بوو، شایەنی باسە کە ئەم ڕووداوانەم بۆ کوڕەکەم باس نەکرد بەوەی کە کەمێک نائارام و توڕەیە، هەروەها خوشکەکەشی زۆر خۆش دەوێت، بۆیە باسم نەکرد. بەهەرحاڵ ئەوان ڕۆیشتن و منیش ئاسوودە بووم، بەڵام بۆ بەدبەختیم پاش کاتژمێرێکی تر گەڕایەوە، دیاربوو کە زۆر سەرخۆش بوو، ڕاستەوخۆ ڕووی کردە کچەکەم و داوای لێکرد کە لەگەڵی ڕابکات! دواتر لە قسەکردن بەردەوام بوو و گوتی: ئێستا تۆ خانمێکی پێگەیشتوویت، یاسا ڕێگری لەوە ناکات کە لەگەڵم بێیت، دایکت لەبیر بکە و لەگەڵم وەرە، پارەیەکی زۆرم هەیە و دڵنیات دەکەمەوە کە وەکو شازادەیەک مامەڵەت لەگەڵدا دەکەم!

(ئالێس)ی کچم زۆر ترسا، بۆیە لێی دوورکەوتەوە، بەڵام (دریبەر) مەچەکی ئەوی گرت و بەرەو دەرگایەکەی ڕادەکێشا، ڕێک لەو ساتەدا (ئارسەر)ی کوڕم هاتە ژوورەکە و هەموو شتێکی بینی. دواتر من و (ئالێس) لەوێ ڕۆیشتین و لە دوورەوە گوێم لە دەنگی شەڕ بوو، بەهەرحاڵ پاش ماوەیەک (ئارسەر)م لە پێش دەرگایەکە بینی کە دارێکی گەورەی پێ بوو، دواتر بە زەردەخەنەوە گوتی: ئەم پیاوە چیتر بێزارمان ناکات، بەڵام هەر بە دوای دەکەوم تاکو بزانم چی دەکات.

دواتر کڵاو و دارەکەی هەڵگرت و بە دوای (دریبەر) کەوت، بۆ ڕۆژی داهاتووش هەواڵی مەرگی (دریبەر)مان بۆ هات.

کاتێک خاتوو (چاربەنتەر) باسی ئەم ڕووداوانەی دەکرد، ئەوا هەندێک جار دەنگی بە ڕاددەیەک نزم دەکردەوە کە بە ئەستەم گوێم لێ دەبوو، بەڵام هەموو شتێکم بە وردی نووسی تاکو هیچ هەڵەیەک ڕوونەدات.

(هۆڵمز) بە باوەشکەوە گوتی: ئەی دواتر چی ڕوویدا؟

-خاتوو (چاربەنتەر) بۆ ماوەیەک بێدەنگ بوو، دواتر ئەم بێدەنگییەم شکاند و پرسیم: کوڕەکەت کاتژمێر چەند گەڕایەوە بۆ ماڵەوە؟

-نازانم.

-نازانیت؟

-خۆی کلیلی پێیە، بۆیە ئاگاداری ئەوە نەبووم کە کەی گەڕاوتەوە.

-دواتر خەوتیت؟

-بەڵێ؟

کەی ڕۆیشتیتە سەر جێگایەکەت؟

-دەوروبەری کاتژمێر 11.

کەوایە ئەو بۆ ماوەی دوو کاتژمێر دیار نەما؟

وادیارە.

-لەوانەشە بۆ ماوەی چوار بۆ پێنج کاتژمێرش نەگەڕابێتەوە؟

-لەوانەیە.

لەو ماوەیەدا چی دەکرد؟

کە ئەمەم پرسی، ئەوا ڕووخساری سپی هەڵگەڕا، دواتر بە پەشۆکاوییەکی زۆرەوە گوتی: نازانم.

دوای ئەم گفتوگۆیە، ئەوا هەموو شتێکم بۆ دەرکەوت، بۆیە ڕۆیشتم و دواتر لەگەڵ دوو پۆلیسی تر شوێنی (ئارسەر چاربەنتەر)م دۆزییەوە، ڕۆیشتینە لای و گوتم: باشترە کە بە شێوەیەکی هێمنانە لەگەڵمان بێیت.

-دیارە کە بە هۆی ڕووداوی کوشتنی (دریبەر) من قۆڵبەست دەکەن، گومانم لێ دەکەن، وایە؟

دواتر (گرێگسن) لە کورتەی بڕی و گوتی: دوای ئەوەی کە گوێم لەوە بوو، ئەوا گومانێکی زۆرم لێ کرد بەوەی کە ئەوەی گوت، چونکە ئێمە باسی ئەو ڕووداوەمان بۆی نەکردبوو.

(هۆڵمز)یش گوتی: ڕاست دەکەیت، بەڕاستی گوماناوییە.

دواتر (گرێگسن) لە قسەکردن بەردەوام بوو و گوتی: ئەو دارەشی پێبوو کە دایکی باسی کرد، دارێکی پتەو بوو.

-کەوایە ئەمە گریمانەکەتە؟

-بەڵێ، بڕوام وایە کە (ئارسەر) تاکو ڕێگای "بریکستن" بە دوای (دریبەر) کەوتووە، دواتر لەوێ ڕووبەڕووی یەکتری بوونەوە و شەڕیان کردووە، (ئارسەر) بە دارەکەی لە زگی (دریبەر)ی داوە و کوشتوویەتی، بۆیە ئەمە دەڵێم چونکە هیچ پاشماوەیەکی لێدان یان برین لەسەر لاشەکە تێبینی ناکرێت، بۆیە شوێنی لێدانی دارەکە دیار نییە. بە هۆی ئەوەی کە شەوێکی تاریک بوو و هەروەها بارانێکی زۆریش دەباری، ئەوا هیچ کەسێک ئەوانی نەبینی بوو. دواتر (ئارسەر) لاشەکەی بۆ ئەو خانووە بردووە تاکو بیشارێتەوە، دیارە کە خوێن و نووسینی سەر دیوارەکەش تەنیا بۆ سەر لێ شێواندنی پۆلیس بووە.

(هۆڵمز) وەکو ئەوەی هانی بدات گوتی: ئافەرین (گرێگسن)، هێشتا هیوایەک هەیە تاکو ببیت بە لێکۆڵەرێکی ناوازە!

لێکۆڵەرەکە بە شانازییەکی زۆرەوە وەڵامی دایەوە و گوتی: بەڕاستی پێم ناخۆشە کە توانیومە ئەم دۆسیەیە بە خێرایی و وردییەکی ئاوا زۆرەوە کۆتایی پێ بهێنم، بەهەرحاڵ (ئارسەر) لە ڕووانگەی خۆیەوە باسی ڕووداوەکانی کرد و گوتی: دوای ئەوەی کە لە دەرەوە بە دوای (دریبەر) کەوتم، ئەوا لە دەست من ڕایکرد و سواری گالیسکەیەک بوو، منیش وازم لێ هێنا، دواتر لە ڕێگای گەڕانەوەم بۆماڵەوە هاوڕێیەکی کۆنم بینی و بۆ ماوەیەک پیاسەمان کرد.

دواتر لێم پرسی کە ئایا ناونیشانی ئەو هاوڕێیەی چییە؟ بەڵام وەڵامێکی گونجاوی پێ نەدام. بۆیە دەتوانم بڵێم کە ئەو تاوانبارە و ئەم دۆسیەیەش کۆتایی پێهاتووە، کاتێک بیر لەوە دەکەمەوە کە (لێستراد) چۆن کەوتۆتە داوی هەڵەوە، ئەوا بەڕاستی پێکەنینێکی زۆرم دێت، بەهەرحاڵ، دیارە کە ئەویش وا بەرەو ئێرە دێت.

ئەوەی کە بەڕاستی هات (لێستراد) بوو، بە پێچەوانەی کاتەکانی تر، ئەوا ئەم جارە زۆر بێ هیوا و بێزار دیاربوو، ئاشکرا بوو کە بۆ ئەوە هاتووە تاکو (هۆڵمز) یارمەتی بدات و ئامۆژگاری بکات، شایەنی باسیشە کە شەرمەزار بوو کاتێک (گرێگسن)ی لەوێ بینی. دواتر بە شپرزەییەکی زۆرەوە گوتی: ئەم دۆسیەیە بەڕاستی زۆر سەیر و نامۆیە.

**(گرێگسن) بە دڵخۆشی و دەنگێکی بەرزەوە گوتی: دەمزانی کە وا دەڵێیت! ئایا (ستانگرسن)ی سکرتێرت دۆزییەوە؟**

**(لێستراد) بە خەمبارییەوە گوتی: کاتژمێر "6"ی ئەم بەیانییە (جۆزف ستانگرسن) بە کوژراوی لە میوانخانەی (هوتێل)ی "هۆلیدەیز" دۆزرایەوە.**

## بەشی حەوتەم

## ڕووناکییەک لەناو داوی تاریکیدا

**ئەم هەواڵە هەموومانی تووشی شۆک کرد، بە تایبەتی (گرێگسن) کە ڕێک لەسەر کورسییەکەی هەستا، (هۆڵمز)یش سەری دانواند، وادیار بوو کە بیری دەکردەوە، دواتر گوتی: (ستانگرسن)یش کوژراوە؟ ئەمە دۆسیەکە ئاڵۆزتر دەکات!**

**(لێستراد)یش گوتی: ئەم دۆسیەیە هەر لە سەرەتاوە ئاڵۆز بوو!**

**(گرێگسن) بە پەشۆکاوییەوە لە (لێستراد)ی پرسی: ئایا... ئایا دڵنیایت کە ئەو کوژراوە؟**

**(لێستراد)یش گوتی: خۆم تازە لەوێ بووم.**

**دوای ئەم قسانە (هۆڵمز) گوتی: کەمێک پێش ئێستا (گرێگسن) باسی گریمانەی خۆی دەکرد، ئەی گریمانەی تۆ چییە؟**

**-ڕاستیت بوێت، ئەوا چیتر نازانم، چونکە من بڕوام وابوو کە (ستانگرسن) دەستی لە کوشتنی (دریبەر)دا هەبووە، بەڵام دیارە کە هەڵە بووم. من ئەوەم دەزانی کە کاتژمێر "8:30"ی شەو (ستانگرسن) و (دریبەر) پێکەوە لە ئێستگەی شەمەندەفەرەکە بوون، دواتر لاشەی (دریبەر) کاتژمێر "2"ی بەیانی دۆزرایەوە، لێرەدا پرسیارێکم بۆ دروست بوو: ئایا (ستانگرسن) لە دوای کاتژمێر 8:30 چی کردووە؟ ئەی دواتر چی بەسەرهات؟ دواتر نامەیەکی بەپەلەم بۆ دەستەی پۆلیسی "لیڤەرپول" نارد کە تێیدا داوای ئەوەم کردبوو کە چاودێری ئەو کەشتییانە بکەن کە بەرەو "ئەمریکا" گەشت دەکەن. دواتر بەو میوانخانانەدا (موتێل) گەڕام کە لە "ئیستن"ەوە نزیکن، چونکە بڕوام وابوو کە ئەو لە شوێنێکی نزیک دەمێنێتەوە تاکو بۆ بەیانییەکەی بتوانێت بە ئاسانی بچێت بۆ ئێستگەی شەمەندەفەرەکە.**

-دیارە کە ئەوان لەسەر شوێنی یەکتر بینینەکە ڕێک کەوتبوون.

-بەڵێ، ڕاستت فەرموو، بەهەرحاڵ بۆ ماوەیەکی زۆر بە دوایدا گەڕام، بەڵام هەر نەمدۆزییەوە، تاکو بەیانییەکی زوو ڕۆیشتم بۆ میوانخانەی (هوتێل) "هۆلیدەیز" تاکو بەختی خۆم لەوێ تاقی بکەمەوە و بیدۆزمەوە، لەوێ پرسیاری (ستانگرسن)م کرد و گوتیان لەوێیە. دواتر گوتیان: دیارە کە ئەمە تۆیت، ماوەی دوو ڕۆژە چاوەڕێی هاتنی تۆ دەکات.

-ئێستا لە کوێیە؟

-لە نهۆمی سەرەوە لە ژوورەکەیدا خەوتووە.

-دەڕۆم بۆ لای و لە خەو هەڵی دەستێنم.

وابیرم دەکردەوە کە ئەگەر (ستانگرسن) من ببینێت، ئەوا دان بە هەموو شتێکدا دەنێت، بەڵام لەو کاتەدا نەمدەزانی کە مردووە. بەهەرحاڵ یەکێک لە خزمەتکارەکانی میوانخانەکە (هوتێل) ژووری ئەوی نیشان دام، کە لە دەرگای ژوورەکە نزیک بوومەوە، ئەوا شتێکی قێزەونم بینی، خەریک بوو پێی بڕشێمەوە!

لەسەر زەوییەکە تۆپەڵە خوێنێکم بینی کە لە بەشی خوارەوەی ناوەندی دەرگایەکە کۆبووبۆوە، کە ئەمەم بینی، ئەوا هاوارێکی بچووکم کرد، بە هۆی ئەمەوە خزمەتکارەکە گەڕایەوە و خەریک بوو ببورێتەوە کاتێک خوێنەکەی بینی. دەرگایەکە لە دیوی ژوورەوە داخرابوو، بەڵام توانیمان قوفڵی دەرگایەکە بشکێنین و بچینە ژوورەوە. پەنجەرەی ژوورەکە کرابۆوە و لاشەی (ستانگرسن)یش بە مردوویی لە نزیکی کەوتبوو، دیار بوو کە ماوەیەک بەسەری مەرگیدا ڕۆیشتبوو بەوەی کە پەلەکانی دەست و قاچی زۆر سارد و ڕەق بوون. دواتر خزمەتکارەکە سەیری کرد و ئەوی ناسییەوە، گوتی کە ئەوە (جۆزف ستانگرسن)ە و ئەو ژوورەی بەکرێ گرتبوو. هۆکاری مردنەکە بریتی بوو لە چەقۆیەک کە لە دڵی درابوو، جا با شتێکی زۆر سەیرتان پێ بڵێم، ئایا دەزانن کە لەسەر کوژراوەکە چی نووسرابوو؟

که ئەمەم بیست، ئەوا موچرکەم بە لەشدا هات، دواتر (هۆڵمز) وەڵامی دایەوە: وشەی ئەڵمانی "راخیە."

(لێستراد)یش بە دەنگێکی پڕ لە ترسەوە گوتی: بەڵێ، ڕاست دەکەیت.

بۆ ماوەیەک بێدەنگی ژوورەکەی داگیر کرد، ئەم بکوژە کەسێکی زۆر نامۆیە، ئەمەش وای کردووە کە دۆسیەکە ئاڵۆز بێت. دواتر (لێستراد) گوتی: کوڕێکی بچووک بکوژەکەی بینیوە! ئەو کوڕە ڕۆژانە زوو بە ڕێڕەوی تەوێڵەی پشت میوانخانەکە شیر بۆ خەڵک دەبات. بەهەرحاڵ ئەو بەیانییە پەیژەی پشت میوانخانەکەی بینی کە بەرەو سەرەوە بەرز کرابۆوە، ئەوەی پێ سەیر بوو بەوەی کە ئەو پەیژەیە کەم بەکاردێت، دواتر پیاوێکی بینی کە لە نهۆمی دووەمەوە لە ڕێگەی ئەو پەیژەیە دەهاتە خوارەوە، وایزانی کە کرێکارێکە و لەوێ کار دەکات، بۆیە زۆر گرنگی پێ نەدا، بەڵام شایەنی باسە کە بیری لەوە کردەوە کە ئەوە کاتێکی زوو بووە تاکو کرێکارێک دەست بە کارەکەی بکات. گوتی کە پیاوێکی ڕووخسار سوور بووە و پاڵتۆیەکی قاوەیی درێژی لەبەردا بووە. دەتوانم بڵێم کە بکوژەکە بۆ ماوەیەک لە ژوورەکەدا مایەوە بەوەی کە ئاسەواری خوێنمان لەسەر سینکی دەستشۆرییەکە دۆزییەوە، هەروەها خوێنیش لەسەر پەردەکە هەبوو، دیارە کە چەقۆیەکەی بە پەردەکە سڕیوەتەوە.

سەیری (هۆڵمز)م کرد و زانیم کە ئەو پیاوەیە کە پێشووتر (هۆڵمز) باسی کرد، بەڵام دیار بوو کە بەمە دڵخۆش نەبوو.

(هۆڵمز) پرسی: ئایا هیچ جۆرە بەڵگەیەکت لە ژوورەکەدا نەدۆزییەوە؟

-نەخێر، تەنیا ئەوەیە کە جزدانی (دریبەر) لە لای (ستانگرسن) بوو، ئەمەش شتێکی ئاساییە بەوەی کە (ستانگرسن) سکرتێری ئەو بووە و هەر ئەویش بووە کە پارەکەی بۆ دەپاراست. 80 پاوەند لەناو جزدانەکەدا بوو، بەڵام نەدزرابوو، بۆیە دەتوانین بڵێین کە مەبەست لەم تاوانە دزی نەبووە. تاکە کاغەزێک کە لەناو جزدانەکەدا دۆزیمەوە، بریتی بوو لە نامەیەک کە بەروارەکەی بۆ مانگی ڕابردوو دەگەڕایەوە، لە "کلیڤلاند"ەوە هاتووە و نووسراوە: (ج هـ) لە "ئەوروپا"، هیچی تری لەسەر نەنووسرابوو.

-هەر ئەمەندە؟

-شتێکی گرنگی لێ نەبوو، تەنیا پەرتووکێک لە نزیک شوێنی خەوتنەکەی بوو، دیاربوو کە پێش خەوتنی دەیخوێندەوە، هەروەها ئەو گلێۆنەی دەشیکێشا لەسەر کورسییەک بوو، شایەنی باسیشە کە پەرداخێک ئاو و قوتوویەکی بچووکیش کە دوو حەبی تێدابوو لەسەر مێزێک دانرابوو.

دوای بیستنی ئەمە (هۆڵمز) بە دڵخۆشییەکی زۆرەوە لەسەر کورسییەکەی لەپڕ بازیدا و ئەمەش وایکرد کە هەمووومان سەرنجمان بچێتە سەری.

(هۆڵمز) بە متمانەوە گوتی: ئێستا بە تەواوی دەزانم کە چی ڕوویداوە، هەرچەندە هەندێک وردەکاری نازانم، بەڵام بە گشتی ڕووداوەکانم لا ئاشکران. هەر لە ساتی جیابوونەوەی (ستانگرسن) و (دریبەر) تاکو ساتی دۆزینەوەی لاشەی (دریبەر) دەزانم کە چی ڕوویداوە، وەکو ئەوەی کە هەموو شتێکم بە چاوەکانی خۆم بینیبێت، ئێستا بۆتان باس دەکەم.

دواتر ڕوویکردە (لێستراد) و گوتی: ئایا دەتوانیت ئەو دوو حەبانەم بۆ بهێنیت کە لەوێ دۆزیتنەوە؟

-قوتووی حەبەکەم لەگەڵ جزدان و نامەکە لەگەڵ خۆم هەڵگرت تاکو بەرەو ئێستگەی پۆلیسیان ببەم و لەوێیان دانێم، بە ڕێکەوت ئەو دوو حەبەم هێنا، بەڕاستی هیچ گرنگییەکی وای تێدا نابینم.

دواتر (هۆڵمز) گوتی: قوتووی حەبەکانم پێ بدە.

دواتر ڕووی کردە من و گوتی: دکتۆر، ئایا ئەم حەبانە لای تۆ ئاشنان؟

-نەخێر، ئەم دوو حەبە ڕەنگێکی خۆڵەمێشی ڕوونیان هەیە، کێشیشیان زۆر سووکە، دەتوانم بڵێم کە بە هۆی کێش سووکی و ڕەنگ ڕوونیانەوە، ئەوا بە ئاسانی لە ئاودا دەتوێنەوە.

-ڕاستت فەرموو، ئێستا تکایە بڕۆ ئەو سەگە نەخۆشەم بۆ بهێنە کە ڕۆژی ڕابردوو خاوەن ماڵەکە هێنابووی تاکو لەو ئازارەی ڕزگار بکەیت و بیکوژیت.

داوایەکەی ئەوم جێبەجێ کرد و ڕۆیشتم بۆ نهۆمی سەرەوە تاکو بیهێنم، سەگەکەم هەڵگرت و تێبینی ئەوەم کرد کە خەریکە دەمرێت، چونکە نیشانەکانی سەرە مەرگی پێوە دیاربوو، بۆ نموونە هەناسەیەکی کەمی دەدا و چاوەکانیشی بە ئەستەم بۆ بەرز دەبۆوە. دواتر (هۆڵمز) چەقۆیەکی هێنا و گوتی: یەکێک لەم حەبانە دەکەم بە دوو لەت، لەتێک لەناو قوتوویەکە داوێم تاکو لە داهاتوودا سوودی لێ ببینین، ئەوی تریش لەناو پەرداخێک ئاو داوێم تاکو بتوێتەوە.

(لێستراد) بە گاڵتەئامێزییەوە گوتی: ئەمە خۆش دەبێت، بەڵام باوەڕ ناکەم کە هیچ جۆرە پەیوەندییەکی بە کوشتنی (جۆزف ستانگرسن)ەوە هەبێت.

-ئارام بگرە! دڵنیات دەکەمەوە کە بەمزووانە بۆت دەردەکەوێت کە پەیوەندی پێوە هەیە. ئێستا تۆزێک شیر لەناو پەرداخەکە دەکەم تاکو سەگەکە بتوانێت بە ئاسانی بیخواتەوە.

دواتر پێکهاتەی ناو پەرداخەکەی ئامادەکرد و لەناو قاپێکی قوڵی هاویشت تاکو سەگەکە بیخواتەوە. دوای ئەوەی خواردییەوە، ئەوا چاوەڕێی ئەوەمان دەکرد کە سەگەکە شتێکی بەسەر بێت، بەڵام لە ڕاستیدا هیچ شتێک ڕوووینەدا، بەڵکو تەنیا لەسەر زەوییەکە بە بێ هێزییەکی زۆرەوە ڕاکشا، دیاربوو کە خواردنەوەکە هیچ سوود و زیانێکی بۆ سەگەکە نەبووە. چەند خولەکێک تێپەڕی و (هۆڵمز) کەمێک نائومێد بوو، هەر لێوی خۆی دەگەزت و بە پەنجەکانی لە مێزەکەی دەدا، ئەوە نیشانەی ئەوە بوو کە چیتر ئارامی نەمابوو، بە ڕاددەیەک هەڵچوو کە بەزەییم پێیدا هاتەوە، لە هەمان کاتیشدا دوو لێکۆڵەرەکە بە چاوێکی گاڵتەئامێزەوە سەیریان دەکرد و گرنگیان بە هەڵچوونی ئەو نەدەدا. دواتر (هۆڵمز) لەسەر کورسییەکەی هەستا و بێدەنگی خۆی شکاند و گوتی: مەحاڵە کە ئەمە ڕێکەوت بێت! ئەو حەبانەی کە لە دۆسیەی کوشتنی (دریبەر)دا گومانم دەکرد کە هەبن، ئەوا لە دۆسیەی کوژرانی (ستانگرسن) دۆزرانەوە. بەڵام حەبەکان هیچ جۆرە کاریگەرییەکیان نییە، چۆن شتی وا دەبێت؟ دڵنیام کە هەڵە نیم!

دواتر لەپڕ هاوارێکی کرد و گوتی: دۆزیمەوە! دۆزیمەوە!

دوای ئەوەی کە ئەمەی گوت، ئەوا ڕۆیشت تاکو لەتکەکەی تری حەبەکە بهێنێت، نیوەکەی تریشی لە ئاودا تواندەوە و شیریشی بۆ زیاد کرد و بە سەگەکەی دا تاکو بیخواتەوە، کاتێک سەگەکە زمانی لە پێکهاتەکە دا، ئەوا ڕاستەوخۆ وەکو ئەوەی هەورەبرووسکە لێی دابێت مرد!

(هۆڵمز) بەمە ئاهێکی هەڵکێشا و ئاسوودە بوو، دواتر گوتی: کاتێک وردەکارییەک لەگەڵ زنجیرەی ڕووداوەکان یەک ناگرێت، ئەوا دەبێت شیکردنەوەیەکی تری بۆ هەبێت. قوتووەکە دوو حەبی تێدایە، یەکێکیان ژەهرە و ئەوی تریش بێ زیانە، دەبوایە زووتر ئەوەم زانیبا.

ئەمەم زۆر لا سەیر بوو، بەڵام سەگە مردووەکە بەڵگە بوو لەسەر درووستی قسەکانی، بەم شێوەیە یەکێک لە ڕاستییەکانی ئەم دۆسیەیەم بۆ دەرکەوت.

دواتر (هۆڵمز) لەسەر قسەکردن بەردەوام بوو و گوتی: دڵنیام ئەمەتان لا سەیرە بەوەی کە لە سەرەتادا نەتانتوانی تاکە بەڵگەیەک بدۆزنەوە کە لە ڕاستیدا لە بەردەمتان بوو، من زوو درکم بەوە کرد، یاخود با بڵێم زوو گریمانەی ئەوەم دانا، ئێستاش توانیم ئەو گریمانەیە پشتڕاست بکەمەوە. ئەو وردەکارییانەی کە سەری لە ئێوە شێواندبوو، لە ڕاستیدا لێکۆڵینەوەکانی منی ئاسانتر کرد و وای کرد کە چەند گریمانەیەکی خۆم پشتڕاست بکەمەوە. دۆسیەی سادە هەمیشە کاتێکی زیاتری دەوێت تاکو چارەسەر بکرێت، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕوویەکی سەرنجڕاکێشی نییە تاکو گریمانەی بۆ دروست بکرێت. ئەگەر لاشەی ئەو دوو پیاوە لە شەقامێک فڕێدرابا و ئەم وردەکارییە نامۆیانەی نەبووبا، ئەوا دۆسیەکە قورستر دەبوو، بۆیە ئەم وردەکارییە نامۆیانە دۆسیەکە ئاڵۆز ناکەن، بەڵکو لە ڕاستیدا ئاسانتری دەکەن.

دواتر (گرێگسن) ئارامی لەدەست دا و گوتی: سەیرکە بەڕێز (هۆڵمز)، هەر یەکێک لە ئێمە دان بە زیرەکی تۆ دادەنێت، دەزانین کە خاوەن شێوازێکی کارکردنی تایبەتیت، بەڵام لە ئێستادا ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە بکوژەکە قۆڵبەست بکەین، نەوەکو تەنیا گوێمان لە گریمانەکانت بێت. دان بەوە دادەنێم کە گریمانەکەم هەڵە بووە، چونکە مەحاڵە کە (ئارسەر چاربەنتەر) دەستی لە تاوانی کوشتنی (ستانگرسن)دا هەبووبێت. هەروەها (لێستراد)یش هەڵە بوو کاتێک وایزانی (ستانگرسن) دەستی لە کوشتنی (دریبەر)دا هەبووە. دڵنیام کە زۆر شت دەزانیت و بە ئێمەی ناڵێیت، بۆیە بە مافی خۆمانی دەزانم کە داوات لێ بکەین ڕاستییەکانمان پێ بڵێیت، ئایا دەزانیت کە بکوژەکە کێیە؟ ئایا ناوی دەزانیت؟

لەو ساتەدا (لێستراد)یش گوتی: هاوڕای قسەکانی (گرێگسن)م گەورەم، وەکو گوتت کە هەموو بەڵگەکانت لەبەر دەستدایە، بۆیە تکایە ڕاستییەکەمان پێ بڵێ.

منیش گوتم: ئەگەر کاتی زیاتر بە بکوژەکە بدەین، ئەوا بە ئەگەرێکی زۆرەوە تاوانێکی دڕندانەی تریش ئەنجام دەدات.

کاتێک پەستانمان خستە سەر (هۆڵمز)، ئەوا نیشانەی دوودڵی تێدا دروست بوو، هەر بە ژوورەکەدا دەڕۆیشت و بیری دەکردەوە، دواتر ڕووی کردە ئێمە و گوتی: دڵنیابن کە کەسێکی تریش ناکوژێت، بۆیە نیگەران مەبن. سەبارەت بە ناسنامەی بکوژەکەش، بەڵێ، دەزانم کە کێیە، شایەنی باسیشە کە دەستم پێی دەگات، ئەویش لە ڕێگەی هەندێک ئامادەکاری. بەڵام پێویستە زۆر بە وردییەوە ئەم کارە بکەین، چونکە ئەم بکوژە کەسانێکی زیرەک یارمەتی دەدەن و خۆشی کەسێکی تەڵەکەبازە، بۆیە ئەگەر وابزانێت کە هیچ کەسێک بە دوای ناکەوێت و پارێزراوە، ئەوا بە ئاسانی دەتوانین قۆڵبەستی بکەین، بەڵام ئەگەر گومان بکات، ئەوا بە ئاسانی دەتوانێت ناوی خۆی بگۆڕێت و لە شوێنێک خۆی بشارێتەوە.

دواتر ڕوویکردە دوو لێکۆڵەرەکە و گوتی: ئێوە لە سەرجەم پۆلیسە بێ کەڵکەکانی تر باشترن، بەڵام لە ئێستادا یارمەتی ئێوەم ناوێت بەوەی کە نامەوێت پلانەکەم تێک بچێت، بۆیە کاتێک هەموو شتێک یەکلایی بۆوە، ئەوا پەیوەندیتان پێوە دەکەم.

دوو لێکۆڵەرەکە بەم قسەیە دڵخۆش نەبوون، بە تایبەتی کاتێک (هۆڵمز) گوتی کە سەرجەم پۆلیسەکان بێ کەڵکن! لە ڕاستیدا یەکێکیان بەمە زۆر توڕە بوو، بەڵام کاتی وەڵام دانەوەیان نەبوو بەوەی کە لەو ساتەدا (ویگنز) لە دەرگای دا و هاتە ژوورەوە.

ڕووی کردە (هۆڵمز) و گوتی: ببورە گەورەم بەوەی کە لە کاتت دەگرم، بەڵام گالیسکەکە هاتووە و وا چاوەڕێمان دەکات.

-زۆر باشە!

دواتر (هۆڵمز) کەلەپچەیەکی لە چەکمەجییەکە دەرهێنا و گوتی: بۆچی پۆلیسی بەریتانی ئەم جۆرە کەلەپچەیە بەکار ناهێنێت؟ سەیرکەن کە چۆن بە ئاسانی دادەخرێت و دەکرێتەوە.

(لێستراد)یش گوتی: ئەمەی ئێستامان کێشەی نییە، ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە بکوژەکەی پێ کۆت بکەین.

-باشە، باشە، با شۆفێری گالیسکەکە بێت تاکو لە هەڵگرتنی جانتایەکەم یارمەتیم بدات، (ویگنز)، بڕۆ بانگی بکە.

لام سەیر بوو کاتێک وامزانی (هۆڵمز) بەرەو شوێنێک گەشت دەکات، باسی ئەوەی نەکردبوو. جانتایەکی بچووکی هێنا و وا دیاربوو کە سەرقاڵی ئامادەکردنی بوو، دواتر شۆفێرەکە هات و (هۆڵمز) بێ ئەوەی سەیری بکات گوتی: ئەمەم بۆ هەڵگرە.

شۆفێرەکەش بە بێ باکی دەستی یارمەتی بۆ برد، دواتر لەپڕ گوێمان لە دەنگی بەرکەوتنی دوو ئاسن بوو (مەبەستی کەلەپچە کردنە) و (هۆڵمز)یش بە دڵخۆشییەکی زۆرەوە گوتی: بەڕێزان، ئەمە (جێفرسن هۆپ)ە، بکوژی (دریبەر) و (ستانگرسن.(

ئەو ساتە بە خێراییەکی زۆرەوە تێپەڕی، ئەوەی بیرم دێت ئەوەیە کە (هۆڵمز) بە دڵخۆشییەوە ڕووی کردە ئێمە و دواتر شۆفێرەکەی بە خێراییەکی سەرسووڕهێنەرەوە کەلەپچە کرد. هەموومان بۆ چەند چرکەیەک وەکو پەیکەر لە شوێنی خۆمان وەستاین، بەڵام دواتر شۆفێرەکە بە توڕەیی و هێزێکی زۆرەوە لە دەستی (هۆڵمز) دەرچوو و بەرەو پەنجەرەکە ڕایکرد تاکو دەربازی بێت، بە هێزێکی زۆرەوە خۆی بە پەنجەرەکەدادا و شووشەکەی شکاند، بەهەرحاڵ دواتر (لێستراد) و (گرێگسن) وەکو سەگی ڕاو بە دوای کەوتن، نەیانهێشت ڕابکات و ڕایانکێشا، دواتر شەڕێکی گەورە دەستی پێکرد. شۆفێرەکە بە ڕاددەیەک بەهێز بوو کە بۆ چەندین جار توانی خۆی لە دەستی هەر چوارمان ڕزگار بکات. شایەنی باسە کە بە هۆی شکاندنی شووشەی پەنجەرەکەوە دەستەکانی بریندار بوو بوون و خوێنێکی زۆری لێ دەڕۆیشت، بەڵام دیاربوو کە ئەوە کاری لەسەر هێزەکەی نەدەکرد. لە کۆتاییدا (لێستراد) بەسەریدا بازی دا و خەریک بوو بیخنکێنێت، سەرەڕای ئەوەی کە کەلەپچەمان کرد، ئەوا هێشتا لە هەمواری بارودۆخەکە دڵنیا نەبووین، بۆیە قاچیشمان بەستەوە، لە کۆتاییدا کە تەواو بووین، ئەوا هەموومان هەناسەمان تەنگ بوو بوو. دواتر (هۆڵمز) گوتی: گالیسکەکەی لە خوارەوەیە، دەتوانین بۆ ئێستگەی پۆلیسی ببەین.

دواتر زەردەخەنەی کرد و گوتی: بەم شێوەیە کۆتاییمان بە دۆسیەکە هێنا، هەر پرسیارێک کە هەتانە، ئەوا دەتوانن لێمی بپرسن و منیش بە خۆشحاڵییەوە وەڵامتان دەدەمەوە.

## بەشی هەشتەم

## خاکێکی مردوو

بیابانە فراوانەکەی ناوەندی کیشوەری ئەمریکای باکوور هەمیشە ڕێگر بوو لە پێشکەوتنی شارستانییەت، چونکە ئەو زنجیرە شاخانەی کە لە "نیڤادا"وە بۆ "نیبراسکا" درێژ دەبنەوە یاخود ڕووباری "یەلوستن" کە لە باکووری "کۆلۆرادۆ"یە بە تەواوی چۆڵن، هەمان شتیش بۆ ناوچەی باشووریش درووستە. سرووشتی ئەو ناوچانە زۆر توند و مەترسیدار بوو، دۆڵی قوڵ و شاخی بەرز کە لە زستاناندا پڕە لە بەفر و هاوینانیش تەنیا تۆزی لەسەرە، بە کورتی دەتوانم بڵێم کە ئەو ناوچانە گونجاو نین تاکو خەڵک لێی بژین. ئەگەر خەڵکانێکیش هەبووبن کە لەو خاکە سامناکەدا ژیابن، ئەوا دانیشتووانە ڕەسەنەکان بوون، دڵنیام ئەوانیش پاش ماوەیەک ئەوێیان جێهێشتووە و بەرەو خاکێکی باش و بە پیت کۆچیان کردووە. ئەوانەی کە لەو خاکەدا دەژین تەنیا ئەو ئاژەڵ و باڵندانەن کە تەواوی ژیانیان لەوێ بەسەر بردووە، بۆ نموونە ئەو هەڵۆیانەی کە لە ئاسماندا دەفڕن یان ئەو گورگانەی کە لە پشت دارەکانەوە خۆیان دەشارنەوە یاخود ئەو ورچە زەبەلاحانەی کە بە بێ هیواییەکی زۆرەوە بە دوای شتێکدا دەگەڕێن تاکو بیخۆن. هیچ شتێک لەو دیمەنە سامناکتر نییە کاتێک لە لووتکەی شاخەکانی "سییرا" سەیری دەشتە فراوانەکانی ژێر خۆت دەکەیت، دەشتێکی فراوان و وشک کە تەنیا هەندێک گژوگیای مردوو دایپۆشیوە، لە کۆتایی ئەو دەشتەشدا زنجیرە شاخێکی دوور و درێژ دەست پێدەکات کە لووتکەکانیان بەرزن و پڕن لە بەفر. لەو خاکە فراوانەدا هیچ ئاسەوارێکی ژیان نەبوو، هیچ باڵندەیەک لەو ئاسمانە شینەدا نەدەفڕی و هیچ ئاژەڵێک یان مرۆڤێک بەسەر ئەو خاکە مردووەدا نەدەڕۆیشت. جگە لە دەنگی خۆت، ئەوا گوێت لە هیچ شتێکی تر نەدەبوو، تەنیا بێدەنگییەکی سامناک و تۆقێنەر بوو، بێدەنگییەک کە دڵی مرۆڤەکانی دەخستە ترسەوە. کاتێک گوتم کە هیچ ئاسەوارێکی ژیان لەو خاکەدا نییە، ئەوا مەبەستم ئەوە نەبوو کە هیچ کەسێک پێیدا نەڕۆیشتووە، بۆ نموونە ئەگەر بە وردی سەیر بکەین، ئەوا دەتوانین شوێن پێی کۆچبەران و گالیسکەکانیان ببینین، یاخود ئەگەر وردتر ببینەوە، ئەوا پاشماوەی ئێسکی مرۆڤەکانیش دەبینین کە لەوێ مردوون، لە پاڵ مرۆڤدا ئێسکی چەندین بوونەوەری تریش دەدۆزیتەوە کە وەکو مرۆڤەکان چارەنووسیان مەرگ بووە. ئەگەر مەودای ئەو 1500 میلە بە پێ ببڕیت، ئەوا بۆت دەردەکەوێت کە ئەو خاکە تەنیا مایەی مەرگی دەوروبەریەتی بەوەی کە کەسانێک و شتانێکی زۆر لەو خاکەدا مردوون.

**لە بەرواری 1847/4/4 زایینی پیاوێک ئەو دیمەنانەی بینی کە ئێستا بۆم باس کردن. ئەو پیاوە ڕووخساری وەکو جننێک وابوو کە وەکو ئەوەی لە قوڵایی زەوییەوە هاتبێتە دەرەوە! هەر کەسێک ئەوی بینیبا، ئەوا نەیدەتوانی لەوە دڵنیا ببێتەوە کە ئایا تەمەنی 40 یان 60 ساڵە، پێستی چرچ بوو بوو و ئێسکەکانیشی بە هۆی چرچییەوە دەردەکەوتن، ڕیش و قژی بە تەواوی سپی بوو بوو. ڕووخسارێکی مردووانەی هەبوو، وەکو ئەوەی کە ژیان لەو جەستەیەدا نەمابووبێت! دیاربوو کە پیاوێکی زل و ماسوولکەدار بوو، بەڵام بە هۆی برسییەتی و تینوویەتییەوە کز بوو بوو، بۆیە جلکەکانیشی لەبەردا گەورە بوو بوون بەوەی کە کێشێکی زۆری لەدەستدا بوو.**

**بۆ ماوەیەک وەستا و چەکەکەی وەکو گۆچانێک بەکارهێنا تاکو نەکەوێت، بۆیە وەستا چونکە ماندوو بوو بوو بەوەی کە بەو دۆڵە تەسکانەدا ڕۆیشتبوو، دواتر دەستی بە ڕۆیشتن کردەوە و بەرەو سەرەوە ڕۆیشت تاکو بتوانێت ڕووبارێک پەیدا بکات و ئاوی لێ بخواتەوە، بەڵام سوودی نەبوو بەوەی کە ئەو دەشت و دۆڵە هیچ جۆرە ئاسەوارێکی ئاو و ڕووباری پێوە نەبوو. دواتر بە دڵە ڕاوکێوە سەیری تەواوی ئاڕاستەکانی کرد، بەڵام هەر هیچی نەدۆزییەوە، بۆیە نائومێدی دایگرت و بڕوای وابوو کە لەوێ دەمرێت. دواتر ڕۆیشتە لای پارچە بەردێکی گەورە و گوتی: دوای 20 ساڵ هیچ جیاوازییەک لە نێوان ئێرە و جێگایەکی خۆشدا نابێت، بۆیە باشتر نییە هەر لێرە بمرم؟**

**دواتر ویستی پاڵ بداتەوە، بۆیە چەکە بێ سوودەی دانا و هەروەها بارێکی بچووکی پێچراوەشی لەسەر زەوی دانا کە لەسەر پشتی هەڵیگرتبوو، بەڵام بە شێوەیەکی توند بەریدایەوە و دواتر دەرکەوت کە ئەو بارە بچووکە منداڵ بووە! دواتر منداڵە بە دەنگێکی ناسک گوتی: ئاخ! منت ئازار دا، سەرم زۆر هێشا!**

**پیاوەکەش گوتی: داوای لێبووردن دەکەم ئازیزەکەم.**

**دواتر منداڵەکە هەستا و دیار بوو کە پۆشاکێکی پەمەیی لەبەردابوو، پێڵاوەکانیشی زۆر جوان بوون، دیار بوو کە دایکی گرنگییەکی زۆری پێدەدا. منداڵەکەش وەکو پیاوەکە کز و لاواز بوو بوو، بەڵام لەچاو پیاوەکە زۆر باشتر بوو.**

**دواتر پیاوەکە بە نیگەرانییەوە لێی پرسی: ئەی ئێستا چۆنیت؟**

**منداڵەکەش لەو کاتەدا دەستی بە سەریدا دەهێنا و گوتی: سەرم ماچ بکە، دایکم هەمیشە سەری منی ماچ دەکرد تاکو ئازارەکەم بڕوات، بەڵام شتێک... دایکم لە کوێیە؟**

-ڕۆیشتووە، بەڵام وابزانم تۆش بەمزووانە بە دیداری ئەو شاد دەبیتەوە.

-ڕۆیشتووە؟! بەڵام ئەو ماڵاوایی لێ نەکردم، ئەوەش سەیرە بەوەی کە هەمیشە پێش ئەوەی بڕوات ماڵاوایی لێ دەکردم، تەنانەت کاتێک دەڕۆیشت بۆ لای پوورم تاکو پێکەوە "چا" بخۆنەوە، بەڵام ئەوەتا سێ ڕۆژە دیار نییە و هیچ هەواڵێکیشی نییە! کەش و هەوا زۆر گەرمە، ئایا خواردنێک یان خواردنەوەت پێ نییە؟

-نەخێر ئازیزەکەم، پێویستە تاکو ماوەیەکی تریش بەرگە بگریت، وەرە سەرت لەسەر شانم دانێ و دڵنیابە کە ئاسوودە دەبیت، قسەش مەکە، چونکە قسەکردن و تینوویەتی دوو تێکەڵەی باش نین. سەیرکە، قیبلەنمایەکە هەڵەی کردووە... ئەوە چییە؟

کچەکە بە دڵخۆشییەکی زۆرەوە گوتی: ئەمانە کۆمەڵە بەردێکی زۆر جوانن! کاتێک گەڕاینەوە بۆ ماڵەوە، ئەوا وەکو دیارییەک دەیبەخشم بە (بۆب)ی برام.

-دڵنیام کە بەمزووانە شتی جوانتریش دەبینیت، بەهەرحاڵ، ئەوەت بیر دێت کە کاتێک ڕووبارەکەمان جێهێشت و بەرەو ناوچەیەکی تر ڕۆیشتین؟

-بەڵێ.

-وامانزانی کە ڕووبارێکی تر دەدۆزینەوە، بەڵام قیبلەنمایەکە یاخود نەخشەکە بە هەڵە ڕێنوێنی کردین، بۆیە ئێستا ون بووینە و جگە لە چەند دڵۆپە ئاوێک هیچی ترمان پێ نییە...

-تەنانەت ئاومان بۆ خۆشۆردنیش پێ نەماوە؟!

-نەخێر ئازیزەکەم، بۆیە بە هۆی نەبوونی ئاو و خۆراکەوە بەرێز (بیندەر) و (پیت)ی هیندی و خاتوو (ماکروگەر) و (جۆنی هۆنز) و... دایکت مردن!

کچەکە بە بیستنی ئەمە زۆر گریا و گوتی: کەوایە دایکم مردووە؟

-بەڵێ، هەموویان مردوون، هەر من و تۆ ماوینەتەوە، تۆم هەڵگرت و بەرەو ئێرە هاتین، بە هیوای ئەوەی کە ڕووبارێک بدۆزمەوە، بەڵام ئێرە هیچی لێ نییە، ئاشکراشە کە ئەگەری مردنمان زۆرە.

-کەوایە دەمرین؟

-بەڵێ، بە ئەگەرێکی زۆرەوە.

کچەکە بە دڵخۆشییەوە گوتی: ئەی بۆچی زووتر وات نەگوت؟ مادام دەمرین، ئەوا دووبارە بە دیداری دایکم شاد دەبینەوە، وایە؟

-بەڵێ ئازیزەکەم.

-بە دایکم دەڵێم کە تۆ لەگەڵم زۆر میهرەبان بوویت، ئەویش وەکو پاداشتێک شیرینی و "چا"ت بۆ ئامادە دەکات، بەهەرحاڵ کەی دەمرین و بە دیداری ئەو شاد دەبینەوە؟

-نازانم ئازیزەکەم، بەڵام زۆری پێ ناچێت.

دواتر پیاوەکە ڕوویکردە ئاسمان و تێبینی سێ هەڵۆی کرد کە بەسەر ئەواندا دەفڕین، ئەوانە هەڵۆی مەرگ بوون. دواتر پیاوەکە گوتی: با نزا بکەین.

کچەکەش بە دەنگێکی ناسک گوتی: بەڵام ئێستا شەو نییە.

-کێشە نییە، خودا هەموو کاتێک گوێی لە نزای بەندەکانییەتی، وەرە ئەو نزایە بکە کە هەموو شەوێک لەناو گالیسکەکەدا دەتکرد، منیش لە دواتی دەڵێمەوە.

-ئەی بۆچی تۆ نایکەیت؟

-ماوەیەکی زۆرە نزام نەکردووە، بۆیە باش بیرم نەماوە، تۆ بیڵێ و منیش لە دواتی دەڵێمەوە.

-کەوایە لەسەر ئەژنۆیەکانت دانیشە و دەستەکانت بەرەو ئاسمان بەرز بکەوە، ئاوا ئاسوودەتر دەبیت.

دواتر هەردووکیان کەوتنە سەر ئەژنۆ و دەستیان بە پاڕانەوە و نزاکردن کرد. دواتر لە نزاکردن تەواو بوون و لە پاڵ بەردەکە پاڵیان دایەوە، کچەکە بە ماندوویی دەستی لەسەر سنگی دانا و لەسەر زەوی ڕاکشا، پیاوەکە بۆ ماوەیەک چاودێری کرد، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە سێ ڕۆژ و سێ شەو نەخەوتبوو، ئەوا ماندوویەتی دایگرت و ئاگای لە کچەکە نەما، لە کۆتاییدا هەردووکیان کەوتنە داوی خەوێکی زۆر قوڵەوە. ئەگەر ئەوان بۆ ماوەی نیو کاتژمێری تر بە ئاگا مابانەوە، ئەوا دیمەنێکی سەیریان دەبینی، لە دوورەوە توزێکی سەیر بە دەرکەوت، سەرەتا کەم بوو، بەڵام دواتر کە نزیک دەبۆوە، ئەوا زۆر گەورە بوو. ئەگەر ئەو خاکە مردووە ئاژەڵی لێبووبا، ئەوا هەر کەسێک ئەو دیمەنەی بینیبا، ئەوا وایدەزانی کە کۆمەڵە گایەکی زۆر بەرەو شوێنێک کۆچ دەکەن، بەڵام لەو خاکە مردووەدا هیچ جۆرە ئاژەڵێکی وای لێ ناژیت. ئاشکرابوو کە ئەو تۆزە بە هۆی جووڵەی کاروانێکی گەورەوە دروست بوو بوو. دواتر کاروانەکە نزیکتر بۆوە و دەرکەوت کە بەڕاستی کاروانێکی گەورەیە. گالیسکەکان بە قوماش

داپۆشرابوون و پیاوەکانیش لەسەر ئەسپەکانیان بە چەکەوە لە پێشەوە ڕێنوێنی کاروانەکەیان دەکرد، شایەنی باسیشە کە ئەو کاروانە گەورەیە بەرەو ڕۆژاوا دەڕۆیشت. کاروانەکە بە ڕادەیەک گەورەبوو کە ئەگەر لە لووتکەی شاخێکەوە سەیرت کردبا، ئەوا کۆتاییەکەیت نەدەبینی. ئەو کاروانە پڕ بوو لە پیاو و ئافرەت و منداڵ، پیاوەکان سواری ئەسپ دەبوون، یاخود بە پێ دەڕۆیشتن، ئافرەتەکانیش لە پاڵ و لەناو گالیسکەکاندا ئاگاداری منداڵە ساوایەکانیان دەبوون، منداڵەکانیش لە کاتی ڕۆیشتنیاندا یاریان دەکرد و بە دزی سەیری ناوەوەی گالیسکەکانیان دەکرد. ئەو کاروانە دەنگێکی زۆری نابۆوە، بەڵام بەو ڕادەیە زۆر نەبوو کە پیاو و کچە بچووکەکە بە ئاگا بهێننەوە. لە پێشەوەی کاروانەکە 20 پیاوی لێ بوو کە ڕێنوێنی کاروانەکەیان دەکرد، پۆشاکێکی تاریکیان پۆشی بوو و هەروەها چەکیشیان پێ بوو، ڕووخسارێکی تۆقێنەریشیان هەبوو. بەهەرحاڵ کە گەیشتنە بنکی شاخەکە، ئەوا یەکێکیان ویستی دەست بە گفتوگۆیەک بکات و گوتی: "ئابار" لە لای ڕاستە برایەکانم.

یەکێکی تریش گوتی: لە ڕاستی "سییرا بلانکا"یە، دواتر دەگەینە "ریو گراند."

یەکێکی تریش گوتی: زۆر باشە، کێشەی ئاویشتان نەبێت، چونکە خودایەک کە وای کردووە ئاو بە ناوەندی بەردەکاندا بڕوات، ئەوا ئێمەی بەندە لەبیر ناکات.

هەمووان گوتیان: ئامین!

دواتر کاروانەکە ویستی دەست بە ڕۆیشتن بکاتەوە، بەڵام پێش ئەوەی دەست بە ڕۆیشتن بکەنەوە، ئەوا یەکێک لەوان کە لە هەمووان گەنجتر بوو فیتەی ئاگاداری بۆ پیاوەکان لێدا، تێبینی شتێکی پەمەیی کرد کە لە سەرووی بەردێکەوە دەجووڵێت. دواتر هەمووان چەکەکانیان هەڵگرت و شڵەژان، کۆمەڵە پیاوێکی تریش هاتن کە سواری ئەسپ بووبوون، ئەوانیش ویستیان بزانن کە ئەوە چی ڕوو دەدات، هەندێکیان گوتیان کە ئەوانەی "هیندی سوور"ن. دواتر بە تەمەنەکەیان کە وادیاربوو سەرۆکی ئەو پیاوانەیە گوتی: مەحاڵە کە "هندی سوور"بن، ئێمە ناوچەی هۆزی "باونی"مان تێپەڕاند، هیچ هۆزێکی تری "هیندییە سوور"ەکان تاکو ناوچەی شاخە مەزنەکان بەدەر ناکەون.

یەکێک لە پیاوەکان گوتی: ئایا بڕۆم تاکو سەیرێکی بکەم (ستانگرسن)ی برام؟

هەندێک لە پیاوەکانیش داوای ئەوەیان کرد کە لەگەڵی بڕۆن.

دواتر پیاوە بە تەمەنەکە گوتی: ئەسپەکانتان لێرە جێبێڵن و بڕۆن، تاکو دەگەڕێنەوە، ئەوا چاوەڕێتان دەکەین.

دواتر پیاوەکان لەسەر ئەسپەکانیان دابەزین و بەسەر شاخەکەدا سەرکەوتن تاکو لەو شتە بکۆڵنەوە کە سەرنجی ئەوانیان ڕاکێشابوو. پیاوەکان بە توانا و خێراییەکی زۆرەوە بەسەر شاخەکەدا سەر دەکەوتن، ئەو گەنجەی کە سەرەتا فیتەی ئاگادارییەکەی لێدا ڕێنوێنی ئەوانی دەکرد، دواتر گەنجەکە ئاماژەی بە پیاوەکان دا کە شتێکی دۆزیوەتەوە، گەنجەکە سەرسامی ئەوە بوو کە دۆزیبوویەوە. لەوێ تێبینی ئەوەیان کرد کە پیاوێکی کز و ڕیش درێژ لە پاڵ بەردێکی زەبەلاح پاڵی داوەتەوە و خەوتووە، هەروەها کچێکی بچووکی قژ زەرد سەری خستۆتە سەر سنگی و ئەویش خەوتووە. بە هاتنی پیاوەکان، ئەوا هەڵۆیەکان لەوێ ڕۆیشتن. پیاوە کز و کچە بچووکەکە بە دەنگی فڕینی هەڵۆیەکان لە خەو هەستان، پیاوەکە کە ئەو کۆمەڵە کەسانەی بینی، ئەوا وایزانی کە تووشی خەیاڵات بووە و بوونی ئەوان ڕاست نییە، کچە بچووکەکەش ڕۆیشتە پشتەوەی پیاوەکە و بە نیگایەکی منداڵانە سەیری ئەو پیاوانەی دەکرد. پیاوەکان توانیان ئەو ڕاستییە بەوان بڵێن کە ئەوان خەیاڵات نینە و ڕاستەقینەن، دواتر یەکێک لە پیاوەکان کچەکەی هەڵگرت و خستییە سەر شانی، دوو پیاویش یارمەتی پیاوە کزەکەیان دا تاکو هەڵبستێت و لە ڕۆیشتنیشدا یارمەتییان دا.

پیاوە کزەکە گوتی: ناوم (جۆن فریر)ە، سەر بە کۆمەڵە کۆچبەرێکی 21 کەسی بووم، تەنیا من و ئەو کچە بچووکە ماوینەتەوە، ئەوانی تر لە باشوور بە هۆی برسییەتی و تینوویەتییەوە مردن.

یەکێک لە پیاوەکان پرسی: ئایا ئەمە کچی تۆیە؟

پیاوە کزەکە بە دەنگێکی زبرەوە گوتی: ئێستا کچی منە، چونکە من ڕزگارم کرد، ناهێڵم هیچ کەسێک لێمی بسێنێت، ئەو ئێستا ناوی (لوسی فریر)ە.

دواتر پیاوە کزەکە لە قسەکردن بەردەوام بوو و لە پیاوەکانی پرسی: ئێوە کێن؟ دیارە کە ژمارەتان زۆرە.

یەکێک لە پیاوەکان وەڵامی دایەوە: ژمارەمان نزیکەی 10 هەزار کەسە، لە "نۆڤۆ - ئێلینۆی"ەوە هاتووین. ئێمە تەنیا بڕوامان بەو "ئینجیل"ە پیرۆزانەیە کە لە لایان (جۆزف سمیث)ی پاکەوە ڕاسپێردراون، ئێمە لە دەستی نادادپەروەری و تاوانەکانی مرۆڤ ڕامان کردووە و بەرەو شوێنێک کۆچ دەکەین کە دوور بێت لە گوناح، تەنانەت ئەگەر لە ناوەندی بیابانیش بێت، ئەوا هەر بۆی دەچین.

(جۆن فریر) بە "نۆڤۆ" شتێکی بیر هاتەوە و گوتی: تێگەیشتم، کەوایە ئێوە "مۆرمۆن"ین؟
[مۆرمۆن: دەستەیەکی ئایینییە کە لە لایان (جۆزف سمیث)ەوە دروستکراوە، سەر بە کڵێسای "عیسای مەسیحی ڕۆژی دوایین]".

هەمووان گوتیان: بەڵێ، ئێمە "مۆرمۆن"ین.

-بەرەو کوێ کۆچ دەکەن؟

-نازانین، ئەوەیان لە دەست خودایە، ئەو ڕێنوێنیمان دەکات و ئێمەش بە دوای دەکەوین.

دواتر هەمووان لە ڕۆیشتن بەردەوام بوون، کاتێک گەیشتنە ناو کاروانەکە، ئەوا خەڵکەکە سەرسامی هاتنی پیاوە کز و کچە بچووکەکە بوون، هەمووان بەزەییان پێدا دەهاتەوە.
بەهەرحاڵ دواتر ڕۆیشتن بۆ لای گالیسکەیەکی گەورە کە لە گالیسکەکانی تر جیاوازتر بوو، گالیسکەیەکی جوان بوو کە شەش ئەسپ لە پێشەوەی بوون و ڕایان دەکێشا، بە پێچەوانەی گالیسکەکانی تر کە چوار ئەسپ یان دوو ئەسپ ڕایان دەکێشا. لە پاڵ شۆفێری ئەو گالیسکەیە پیاوێک دانیشت بوو کە تەمەنی لە 30 ساڵ تێپەڕ نەدەکرد، بە پێی ڕووخساری دیاربوو کە ئەو سەرۆکە. لەو کاتەدا پەرتووکێکی بە دەستەوە بوو و دەیخوێندەوە، دواتر ڕووی کردە ئەو خەڵکەی کە بەرەو ڕووی دێن و دواتر گوێیان بۆ گرت، لە کۆتاییدا لە هەموو شتێک تێگەیشت و دواتر ڕووی کردە (فریر) و گوتی: ئەگەر دەتانەوێت ئێوەش لەگەڵ خۆمان ببەین، ئەوا پێویستە باوەڕتان بە مەزهەبی ئێمە هەبێت، چونکە ئێمە کەسانی بێ باوەڕ قبوڵ ناکەین. بۆیە ئەگەر باوەڕت بە مەزهەبی ئێمە نییە، ئەوا لێرە جێتان دەهێڵین و گرنگی بە مەرگی ئێوە نادەین، ناهێڵین کەسانی بێ باوەڕ ئەم کۆمەڵگا پاکەی ئێمە تێک بدات، ئایا بەم مەرجە ڕازیت؟

(فریر) گوتی: هەر مەرجێک هەتانبێت، ئەوا پێی ڕازیم.

هەمووان بڕوایان بە قسەکەی ئەو کرد، بۆیە زەردەخەنەیان کرد و بەمە زۆر دڵخۆش بوون، تەنیا سەرۆکەکە نەبێت کە هیچ گۆڕانکارییەکی لە ڕووخسارە تۆقێنەرەکەیدا نەکرد، دواتر گوتی: (ستانگرسن)ی برام، برۆ خواردن و خواردنەوە بۆ ئەم پیاو و کچە بهێنە، باش وریایان بە و مەزهەبی ئێمەیان فێر بکە. ئێستا با بڕۆین، لە کاتی خۆماندا زۆر دواکەوتووین، هەمووتان خۆتان ئامادە بکەن، چونکە بەرەو خاکی پیرۆز بەڕێ دەکەوین.

هەر لەگەڵ فەرمانی سەرۆکەکە، ئەوا کاروانەکە دووبارە دەستی بە جووڵە کردەوە و بە پێی وتەی خۆیان، ئەوا بەرەو خاکی پیرۆز بەڕێ کەوتنەوە.

دواتر (ستانگرسن) پیاوە کز و کچە بچووکەکەی بۆ گالیسکەیەکی تایبەت برد و لەوێ خواردنیان پێدا، دواتر ڕووی کردە (فریر) و گوتی: لێرە پشوو بدە، لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا بە تەواوەتی چاک دەبیتەوە، هەروەها شتێکی تریش... ئەوەت بیر بێت کە لەم ساتەوە بۆ هەتاهەتایە بوویت بە "مۆرمۆن"، ئەمەش هەر بۆ ئەو ساتە دەگەڕێتەوە کە سەرکردە (بریگهام یۆنگ) لە جیاتی (جۆزف سمیث) بە فەرمانی خودا قسەی کرد و بڕیاری کۆتایی دا.

## بەشی نۆیەم

## مرواری "یوتا"

کاروانەکە لە ڕێگادا تووشی بەربەستی زۆر بۆوە، بەڵام لە کۆتاییدا توانیان بەربەستەکان ببڕن و بگەن بەو خاکەی کە دەیانویست، ئەو خاکەش بریتی بوو لە دۆڵێکی ویلایەتی "یوتا"، سەرکردە گەنجەکەی ئەو کاروانە گوتی کە ئەو خاکە لەمەودوا موڵکی ئەوانە و بۆ هەتاهەتایە تێیدا دەژین. دوای ماوەیەک دەرکەوت کە (یۆنگ) سەرەڕای ئەوەی کە سەرکردەیەکی توندە، ئەوا بەڕێوبەرێکی زۆر باشیشە، چونکە چەندین پلان و نەخشەی ئامادە کردبوو تاکو بتوانن شارەکەی پێ بنیات بنێن، ناوچە کێڵگەییەکان بە جوتیاران درا و بازرگانەکانیش بە کاری بازرگانی ڕاسپێردرابوون، بە کورتی هەمووان سەرقاڵی کاری خۆیان بوون. زۆری پێ نەچوو کە دەست بە دروستکردنی شارەکە کرا، ئاوەڕۆی بۆ دروست کرا و زۆنگاوەکانیشیان نەهێشت و دەستیان بە کاری کشتوکاڵی کرد، لە هاوینیشدا بەرهەمە کشتوکاڵەکانیان پێگەیشت و خاکە کێڵگەییەکان بە تەواوی ڕەنگی زێڕینی گەنم و جۆیان گرتبوو، لە کۆتاییدا توانیان شارستانیەتییەکی تازە بەرپا بکەن. (جۆن فریر) و (لوسی)یش لەگەڵ ئەوان بوون، (لوسی) لە گالیسکەی (ستانگرسن)دا مایەوە، لەوێ لەگەڵ سێ هاوسەرە "مۆرمۆن"ییەکەی و کوڕە کەللە ڕەقە 11 ساڵانەکەی ئەودا دەژیا، زۆری پێ نەچوو کە (لوسی) لە لایان سێ هاوسەرەکەی (ستانگرسن)ەوە نازێکی زۆری پێ دەدرا.

(فریر)یش سەلماندی کە ڕێنیشاندەر و ڕاوچییەکی زۆر بە توانایە، بە خێراییەکی زۆر توانی ڕێزی هاوڕێ تازەکانی بەدەست بهێنێت، "مۆرمۆن"ییەکانیش کە تواناى ئەویان بینی، ئەوا بڕیاریان دا کە پارچە زەوییەکیش وەکو هەمووان بەو بدەن. (فریر) خانوویەکی دارینی لەسەر ئەو پارچە زەوییە دروستکرد کە پێیدرابوو، بە پێی کات شتی تریشی بۆ زیاد کرد تاکو بوو بە خانوویەکی گەورە، لە کاری دەستیدا کەسێکی زۆر بە توانا بوو، هەروەها هێزە جەستەییەکەی وایکرد کە شەو و ڕۆژ بتوانێت کار لەسەر کێڵگەکەی بکات و پەرەی پێ بدات، ئەمەش وایکرد کە سەرکەوتوو بێت. دوای 3 ساڵ کار کردن باری دارایی لە تەواوی دراوسێیەکانی باشتر بوو، دوای 6 ساڵ پارەیەکی زۆری کۆکردەوە، دوای 9 ساڵ دەوڵەمەند بوو، دوای 12 ساڵیش بوو بە یەکێک لە سەرکەوتووترین و ناودارترین کەسایەتییەکانی شاری "سۆلت لەیک."

تاکە شتێک کە "مۆرمۆن"ییەکان ڕەخنەیان لێ دەگرت ئەوە بوو کە نەیانتوانی ڕازی بکەن کە هاوسەرگیری بکات، هەرگیز ئەوەی شینەکردەوە کە بۆچی ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە

هاوسەرگیری بکات، تەنیا لەسەری ڕای خۆی سوور بوو و کەلله ڕەقی دەنواند. هەندێکیان دەیانگوت کە بەم کارە دەیەوێت دژی ئایینەکەی بوەستێتەوە، هەندێکی تریش دەیانگوت کە لەبەر چاوچنۆکی حەز ناکات هاوسەرگیری بکات، تەنیا حەزی بە پارە و سامانی زۆر دێت، هەندێکی تریش دەیانگوت کە ئەو پێشووتر خۆشەویستێکی هەبووە و دواتر مردووە، بۆیە حەز ناکات هاوسەرگیری بکات... بەهەرحاڵ ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە (فریر) هاوسەرگیری نەکرد، بەڵام شایەنی باسە کە ڕێزی لە ئایینە تازەکەی دەگرت، تەنانەت بەوە ناسرابوو کە باوەڕدارێکی پاکە.

(لوسی فریر)یش هەر لە تەمەنی منداڵییەوە یارمەتی باوکی دا و ئەرکەکانی ماڵەوەی بۆ بەجێ دەهێنا، بە پێی کات گەورە بوو و بوو بە خاتوونێکی گەورە و بەهێز، کە گەورە بوو ئەوا دەستی کرد بە سواربوونی ئەسپ، هەمیشە سواری ئەو ئەسپە دەبوو کە باوکی پێیدابوو، ئەو ئەسپەی زۆر خۆش دەویست و گرنگییەک زۆری پێدا تاکو ئەویش گەورە بوو، وەکو ئەوە وابوو کە (لوسی) هەر لە سەرەتاوە خەڵکی ڕۆژاوای دوور بووبێت. لە کاتێکدا باوکی بوو بە یەکێک لە دەوڵەمەندترین و ناودارترین پیاوی شارەکەی، ئەوا (لوسی)یش بوو بە جوانترین و قەشەنگترین کچی شارەکەی. ئەوەی هەستی بە گەورە بوونی (لوسی) کرد باوکی نەبوو، چونکە باوکان هەست بە گەورەبوونی کچەکانیان ناکەن و هەمیشە وا هەست دەکەن کە هەر کچە خۆشەویست و بچووکەکەی جارانن، دەتوانم بڵێم کە زۆربەی کچان هەست بە گەورەبوونی خۆیان ناکەن تاکو جۆرە ڕووداوێک ڕوونەدات، ئەمەش بۆ (لوسی) زۆر ڕاستە بەوەی کە تووشی ڕووداوێکی مەترسیدار بوو، ڕووداوێک کە چارەنووسی خۆی و دەوروبەری دەگۆڕێت. لە بەیانییەکی مانگی "6"دا کۆمەڵە هێسترێکی زۆر لە لایان خەڵکەوە بەسەر ڕێگای سەرەکیدا ڕێنوێنی دەکران، ئەمەش هۆکارەکەی بۆ ئەو کەسانە دەگەڕێتەوە کە لە "کالیفۆرنیا" بە دوای زێڕدا دەگەڕان و دەیانویست لە ڕێگەی هێسترەکانیانەوە زێڕەکانیان هەڵبگرن، ئەو ڕێگایەش بە شاری "مۆرمۆن"ییەکاندا دەڕۆیشت. شایەنی باسیشە کە لەوەڕێکی گەورەی مەڕ و بزنیش لە لایان خەڵکی کۆچبەرەوە بەرەو ناوچە تازەکانیان ڕێنوێنی دەکران. (لوسی) لە لایان باوکییەوە ئەرکێکی پێدرابوو تاکو لە شار بۆی ئەنجام بدات، بۆیە (لوسی) سواری ئەسپەکەی بوو و بە توانایییەکی زۆرەوە توانی ئەو ڕێگا قەرەباڵغە ببڕێت، تەواوی خەڵکەکە بە سەرسامییەوە سەیریان دەکرد، تەنانەت "هیندییە سوور"ەکانیش کە لەسەر ئەو ڕێگایە بوون بە سەرسامییەوە سەیری ئەو کچە جوانەیان دەکرد. کاتێک (لوسی) گەیشتە سنووری شارەکە، ئەوا تێبینی کرد کە ڕێگایەکە لە لایان لەوەڕێکی گەورە کە شەش شوانی ڕووخسار ناشیرین ڕێنوێنیان دەکات گیراوە، بەهەرحاڵ ویستی بە ناویاندا بڕوات، دواتر بە شوێنێکدا ڕۆیشت کە وایزانی سەلامەتە، هەر کە ڕۆیشتە ناویەوە، ئەوا لەوەڕەکە بە تەواوی ڕێگای ئەویان گرت، ئیتر بەم شێوەیە لەناو لەوەڕێکی گەورەدا تووشی گەمارۆبوون

بوو. بە هۆی ئەوەی کە پێشووتر تووشی بارێکی لەم شێوەیە بوو بوو، ئەوا نەترسا و ئەسپەکەی هاندا تاکو بەرەو پێشەوە بڕوات و لەو شوێنە ڕزگاریان بێت، بەڵام بە داخەوە لەو کاتەدا قۆچی یەکێک لە ئاژەڵەکان بەر ئەسپەکە کەوت و ئەمەش وایکرد کە ئەسپەکە بترسێت، ئەسپەکە بە تەواوی تێکچوو، زۆر توڕە بوو بوو و هەر لە شوێنی خۆی بە شێوەیەکی توند دەجووڵا، هەر کەسێک لەسەر ئەو ئەسپە بووبا، تەنانەت ئەگەر شارەزاش بووبا، ئەوا دەکەوت. بارودۆخەکە زۆر مەترسیدار بوو، چونکە لەگەڵ هەر جووڵەیەکی ئەسپەکە، ئەوا زیاتر لە قۆچی ئەو ئاژەڵانە نزیک دەبوونەوە و ئەگەری بریندار بوونیشیان زیاتر دەبوو، کچەکەش جگە لە خۆ بەستنەوە بە زینەکە هیچی تری پێنەدەکرا. ئەم هەموو جووڵەیە وایکرد کە سەری (لوسی) گێژ بخوات، دەستەکانی ماندوو بوون و نەیدەتوانی چیتر باش خۆی بگرێت، خەریک بوو هیوا لەدەست بدات، بەڵام لەو کاتەدا گوێی لە دەنگێکی میهرەبان بوو کە گوتی یارمەتی دەدات، ڕێک لەو ساتەدا پیاوێکی بەهێز ئەسپی (لوسی) گرت و بەرەو شوێنێکی سەلامەتی بردن، دواتر پیاوەکە گوتی: هیوادارم کە ئازارت پێ نەگەیشتبێت خاتوونەکەم.

(لوسی) سەیری ڕووخسارە ڕەش هەڵگەڕاوەکەی ئەوی کرد و بە پێکەنینەوە گوتی: بەڕاستی زۆر ترسام، کێ بڕوای بەوە دەکرد کە (بۆنشۆ) بەم شێوەیە لە کۆمەڵە گایەک بترسێت؟

پیاوەکەش بە سەرسامییەوە گوتی: سوپاس بۆ خوا کە توانیت خۆت بە زینەکەوە بگریت، بەم کارەت ژیانی خۆت ڕزگار کرد.

پیاوێکی بەهێز بوو، پۆشاکێکی ڕاوچییانەی ڕەنگ تۆخی لەبەردابوو، هەروەها تفەنگێکیشی لەسەر شانی دانابوو.

دواتر پیاوەکە لە قسەکردن بەردەوام بوو و گوتی: ئایا تۆ کچی (جۆن فریر)یت؟ بینیم کە لە ماڵەکەی ئەو هاتیتە دەرەوە، کە گەڕایتەوە لای ئەوا لێی بپرسە کە ئایا کەسێکی بیر دێتەوە بە ناوی (جێفرسن هۆپ)؟ خەڵکی "سانت لویس"م، ئەو و باوکم دوو هاوڕێی نزیک بوون... ئەوە ئەگەر ئەو (جۆن فریر)ە بێت کە من مەبەستمە.

-ئایا باشتر نییە کە خۆت بێیت و ئەمەی لێ بپرسیت؟

پیاوەکە بەم قسەیە دڵخۆش بوو و گوتی: لە ڕاستیدا زۆر حەز دەکەم، بەڵام من و کۆمەڵە پیاوێک بۆ ماوەی دوو مانگ لە شاخەکانداماینەوە و تازە گەڕاوینەتەوە، بۆیە لە ئێستادا سەردانی ناکەم بەوەی کە لەوانەیە حەزی بە ڕووخسار و جلوبەرگم نەیەت.

-لە ڕاستیدا نەخێر، بڕوام وایە کە سوپاست دەکات بەوەی کە منت ڕزگار کرد، ئەو منی زۆر خۆش دەوێت، ئەگەر مردبام، ئەوا بەرگەی نەدەگرت.

-هەروەها منیش.

-تۆ؟! باوەڕ ناکەم کە لات گرنگ بێت، چونکە تۆ هاوڕێ و ناسیاوی ئێمە نیت.

پیاوەکە بەم قسەیە کەمێک دڵگران بوو، دواتر (لوسی) بە پێکەنینەوە گوتی: دەی! مەبەستم ئەوە نەبوو، تۆ بە دڵنیاییەوە هاوڕێی ئێمەیت، وەرە سەردانمان بکە، بەهەرحاڵ ئێستا پێویستە بڕۆم بۆ ئەوەی کاری باوکم بەجێ بهێنم، ئەگەر بۆی ئەنجام نەدەم، ئەوا چیتر بۆ ئەم جۆرە کارانە متمانەم پێ ناکات، بۆیە لە ئێستادا خوات لەگەڵ.

-خوات لەگەڵ.

دواتر (لوسی) بە ئەسپەکەیەوە ئەوی جێهێشت و لەوێ ڕۆیشت.

دوای ئەو ڕووداوە (جێفرسن هۆب) لەگەڵ هاوکارەکانی ڕۆیشت بۆ شاخەکانی "نیڤادا" تاکو لەوێ لە کانی زیو کار بکات، دوای ماوەیەک لە هەڵکەنین هەندێک زیویان دۆزیەوە و بەرەو "سۆلت لەیک" بەڕێ کەوتنەوە تاکو زیوەکەیان بفرۆشن و بڕێک پارە پەیدا بکەن. ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە (هۆب) وەکو پیاوەکانی تر تەنیا سەرنجی لەسەر زیو نەبوو، لە ڕاستیدا چیتر گرنگییەکی وای پێ نەدەدا، ئەوەش هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە ئەو کەوتبووە

داوی خۆشەویستی (لوسی)یەوە، بە تەواوی شەیدای بوو بوو، هۆش و بیری تەنیا لای جوانی و بوێرییەکەی بوو، بۆیە بڕیاریدا کە هەموو شتێک بکات تاکو بتوانێت خۆشەویستی (لوسی) بەدەست بهێنێت. بەهەرحاڵ شەوێکیان (هۆب) بڕیاریدا کە سەردانی (فریر) بکات، (فریر) ئەوی ناسییەوە و بەخێرهاتنی کرد، بۆ چەند جارێکی تریش (هۆب) هەر سەردانی (فریر)ی کردەوە، ئەمەش وایکرد کە لە کێڵگەکە ڕووخساری ئاشنا بێت. (هۆب) لای (جۆن فریر) و (لوسی) ئەوەی باس دەکرد کە چۆن لە "کالیفۆرنیا" کاری هەڵکەندنی ئەنجام داوە، هەروەها بازرگانی بە گۆشت و پێستی ئاژەڵانیش کردووە، شایەنی باسیشە کە لە کانی زیو کاری کردووە و ماوەیەکیش شوانی چەند لەوەڕێک بووە، بە کورتی کەسێکی سەرکێش بووە. (هۆب) زۆر حەزی بەم گەنجە دەهات، ئەو شەوانەی کە گفتوگۆیان دەکرد، ئەوا (لوسی) بە بێدەنگی گوێی دەگرت، بەڵام ئەوە نیشانەی ئەوە نەبوو کە لەو جۆرە گفتوگۆیانە بێزارە، بەڵکو بە پێچەوانەوە زۆری لا خۆش بوو. دوای ماوەیەک دەرکەوت کە (لوسی) هەستی بۆ (هۆب) هەیە، باوکی هەستی بەمە نەکرد، بەڵام (هۆب)ی گەنج هەستی بەمە کرد و زۆر دڵخۆش بوو.

شەوێکیان (هۆب) گەڕایەوە بۆ ماڵی (فریر)، بە ئەسپەکەیەوە لە کێڵگەکە نزیک دەبۆوە، لەو ساتەشدا (لوسی) لە بەردەم دەرگای ماڵەکەیەوە وەستابوو، (هۆب) کە ئەوی بینی، ئەوا ڕاستەوخۆ لەسەر ئەسپەکەی دابەزی و ڕایکردە لای ئەو، دواتر بە شێوەیەکی نەرم و نیان دەستەکانی گرت و گوتی: من وا لێرە دەڕۆم ئازیزەکەم، داوات لێ ناکەم کە لەگەڵم بێیت، بەڵام ئایا کاتێک گەڕامەوە، ئەوا ئامادەیت لەگەڵ من ژیان بەسەر ببەیت؟

(لوسی) ڕوومەتی سوور هەڵگەڕا و گوتی: کەی دەگەڕێیتەوە؟

-دوای دوو مانگ ئازیزەکەم، کە گەڕامەوە، ئەوا هاوسەرگیری دەکەین و پێکەوە دەژین، بەڵێن بێت.

-ئەی چی دەربارەی باوکم؟

-ئەو ڕازییە، ئەویش بەو مەرجەی کە هەڵکەندنی کانییەکەمان سەر بگرێت.

**(لوسی) بە شەرمێکی زۆرەوە گوتی: مادام تۆ و باوکم کێشەتان نییە، ئەوا منیش کێشەم نییە.**

**-سوپاس بۆ خوا، کەوایە هەموو شتێک تەواوە... ئێستا دەبێت بڕۆم، دوای دوو مانگ دەگەڕێمەوە، خوات لەگەڵ ئازیزەکەم.**

**دواتر (هۆب) لێی دوورکەوتەوە و سواری ئەسپەکەی بوو، ڕۆیشت و سەیری دواوەی نەکرد (هەستێکی زۆر غەمگینی هەبوو بەوەی کە لە خۆشەویستەکەی دوور دەکەوێتەوە)، (لوسی)یش گەڕایەوە بۆ ژوورەوە و دواتر وا هەستی کرد کە خۆشبەخترین کچی "یوتا"یە.**

## گفتوگۆیەک لەگەڵ سەرۆک

سێ حەفتە بەسەر ڕۆیشتنی (هۆپ) و هاوکارەکانیدا ڕۆیشت، (فریر) دڵتەنگ بوو کاتێک بیری لەوە دەکردەوە کە کچەکەی شوو بە (هۆپ) دەکات و ئەو جێدێڵێت، بەڵام دڵخۆشی (لوسی) وایکرد کە چیتر وا هەست نەکات و ئەویش بەم زەماوەندییە دڵخۆش بێت، شایەنی باسە کە (فریر) بڕیاریدابوو کە هەرگیز ڕێگە نەدات (لوسی) شوو بە "مۆرمۆن"ییەک بکات. هەرچەندە حەزی بە مەزهەبەکەی نەدەهات، ئەوا هەرگیز ئەو ڕاستییەی لای کەسانی تر باس نەدەکرد و بە نهێنی دەیهێشتەوە، چونکە دژایەتی کردنی ئەو مەزهەبە زۆر مەترسیدار بوو. هیچ کەسێک نەدەوێرا بە ئاشکرا دژایەتی ئەو مەزهەبە بکات، تەنانەت بوێری ئەوەشیان نەبوو کە چرپەشی دەربارەیەوە بکەن، هەمووان بە تەواوەتی کەوتبوونە ژێر داوی ترسی ئەو مەزهەبە. شایەنی باسە کە شوێنکەوتووانی ئەم مەزهەبە بە ڕادەیەک مەترسیدار بوون کە دادگا ئیسپانییەکان و دەستە ئایینییە ئەڵمانییەکان و تەنانەت ڕێکخراوە نهێنییەکانیش نەیاندەتوانی ئەو بارودۆخە کۆنترۆڵ بکەن کە بەسەر ویلایەتی "یوتا"دا هاتبوو.

ڕێکخراوێکی نهێنی دەستی بەسەر تەواوی ئەو ناوچەدا گرتبوو، ئەوان ئەو کەسانەیان دەڕفاند کە دژایەتییان دەکردن، بە ئەگەرێکی زۆریشەوە دەیانکوشتن. بە هۆی ئەمەوە خەڵک بە ترسەوە دەمی خۆی داخست و بێدەنگ بوو، لۆمەش ناکرێن بەوەی کە بارودۆخەکە زۆر ناهەموار و مەترسیدار بوو. ئەو گروپە نهێنییە سەرەتا تەنیا زەبری هێزی لەگەڵ ئەو کەسانە بەکار دەهێنا کە دژایەتی مەزهەبی "مۆرمۆن"یان دەکرد، بەڵام دواتر بە شێوەیەکی فراوانتر بەکارهێنرا. بە هۆی سیستەمی هاوسەرگیری "مۆرمۆن"ی، ئەوا ژمارەی ئافرەتانی شوو نەکردوو بە ڕادەیەکی بەرچاو کەمی کردبوو، هەروەها هێرش دەکرایە سەر کۆچبەران و دەکوژران، ئافرەتەکانیشیان بەدیل دەگرتن و دەیانکردن بە کۆیلە! لە کۆتاییدا دەنگۆی ئەوە بڵاوبۆوە کە ئەو کردارانە لە لایان گروپێکەوە ئەنجام دەدرێت، ئەو گروپە لە لایان خەڵکەوە بە "دانێت" یاخود "فریشتە تۆڵەسەنێرەوەکان" ناسرابوو. ناسنامەی ئەندامەکانی ئەم گروپە نەزانراوبوو، هیچ کەسێک نەیدەزانی کە ئەوانە کێن و بۆچی بە ناوی ئایینەوە ئەو هێرشانە دەکەن، هەمووان لە یەکتری بە گومان بوون، بۆیە هەمووان بێدەنگیان دەنواند و هەرگیز باسی ڕاوبۆچوونی خۆیان یاخود نهێنییەکانیان لای کەسانی تر نەدەکرد، تەنانەت دراوسێی خۆشیان بەوەی کە لەوانەیە ئەوانیش سەر بەم گروپە بن، بەم ڕادەیە دڵی خەڵک ترسی تێکەوتبوو.

ڕۆژێکیان (فریر) لەناوماڵەکەیدا بوو و دواتر بڕیاریدا کە کەمێک بچێتە دەرەوە، لەو ساتەدا لە کە بە لای پەنجەرەکەدا ڕۆیشت، ئەوا لە دەرەوە تێبینی پیاوێکی قژ زەردی کرد کە بەرەو ماڵی ئەو دەهات، (فریر) لەو کاتەدا زۆر ترسا، چونکە ئەوە (بریگهام یۆنگ) بوو! سەرکردەی "مۆرمۆن"ییەکان، بەهەرحاڵ دواتر (فریر) بەخێرهاتنی کرد، بەڵام (یۆنگ) زۆر بە ساردی سڵاوی لێ کرد و دواتر پێی گوت کە پێویستە قسە بکەن. دواتر هەردووکیان چوونە ژوورەوە و (یۆنگ)یش لەسەر کورسییەک دانیشت و گوتی: (فریر)ی برام، "مۆرمۆن"ییەکان بۆ تۆ زۆر باش بوون، تۆیان لە بیابان ڕزگار کرد و بەرەو ئێرەیان هێنایت، ژیانێکی تازەیان پێ بەخشیت، پارچە زەوییەکیشیان پێدایت و دواتر پێیەوە دەوڵەمەند بوویت. ئەمانەی دەیڵێم هەمووی ڕاستن، وایە؟

-ڕاستت فەرموو.

-ئێمەش لە بەرامبەردا تەنیا داوای ئەوەمان کرد کە پابەندی مەزهەبی ئێمە بیت، ڕاستە کە زۆربەی ئەرکەکانت جێبەجێ کردووە، بەڵام لە هەندێکیاندا کەمتەرخەمیت کردووە.

-چ جۆرە کەمتەرخەمییەک؟ ئایا باجی مانگانەم نەداوە؟ ئایا بۆ کڵێسا نەهاتووم؟ ئایا...

-هاوسەرەکانت لە کوێن؟ هیچیان نابینم.

-ڕاستە کە هاوسەرگیریم نەکردووە، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئێرە ئافرەتی کەمی لێن و هەروەها منیش بۆ هاوسەرگیری گونجاو نیم، بەڵام من تەنیا نیم، کچەکەم لەگەڵ من دەژیت و باش ئاگای لێمە.

-منیش هاتووم تاکو دەربارەی ئەو قسەت لەگەڵدا بکەم، کچەکەت بە شێوەیەکی بەرچاو قەشەنگ و جوان بووە، سەرنجی پیاوانی بە دەسەڵاتی ڕاکێشاوە.

(فریر) بەم قسەیە کەمێک تێکچوو، دواتر (یۆنگ) لە قسەکردن بەردەوام بوو و گوتی: دەنگۆیەکم دەربارەی ئەو بیستووە، هیوادارم ڕاست نەبێت. بیستوومە کە کچەکەت لە پیاوێکی مەسیحی مارە کراوە، پیاوێک کە سەر بە مەزهەبی ئێمە نییە، دڵنیام کە کارێکی لەو شێوەیەت نەکردووە، چونکە تۆ کچەکەت بە پیاوێک دەدەیت کە لەسەر مەزهەبی ئێمە بێت.

(فریر) هیچ قسەیەکی نەکرد، بەڵام دیاربوو کە شپرزە بوو، دواتر (یۆنگ) دەستی بە قسەکردن کردەوە و گوتی: ئەمە تاقیکردنەوەیەکە کە دەری دەخات تاکو چ ڕاددەیەک باوەڕت بەهێزە، هەروەکو "دەستەی پیرۆزی چوار" بڕیاریدا، ئەوا کچەکە لە مافی هەڵبژاردن بێ بەش ناکەین، پێویستە لە نێوان کوڕی (ستانگرسن) و (دریبەر)دا یەکێکیان هەڵبژێرێت، هەردووکیان دوو گەنجی دەوڵەمەند و خاوەن باوەڕن.

(فریر) بەم قسانە زۆر بێزاربوو، بۆ ماوەیەک بێدەنگ بوو، بەڵام لە کۆتاییدا بێدەنگییەکەی شکاند و گوتی: هەندێک کاتمان پێ ببەخشە، چونکە وەکو ئاشکرایە کە کچەکەم هێشتا بچووکە و بۆ زەماوەندی گونجاو نییە.

(یۆنگ) هەستایە سەر پێیەکانی و دواتر گوتی: یەک مانگتان لەبەردەستە تاکو بڕیار دەدەن.

دواتر (یۆنگ) لە دەرگایەکە نزیک بۆوە و ویستی بڕوات، بەڵام پێش ئەوەی بڕوات، ئەوا هەڕەشەی کرد و گوتی: هەرگیز بیر لەوە نەکەنەوە کە دژی فەرمانەکانی "دەستەی پیرۆزی چوار" بوەستنەوە!

دوای ئەم هەڕەشەیە ڕۆیشت و سەیری دواوەی نەکرد.

(فریر) بە بێزارییەک و توڕەییەکی زۆرەوە لەسەر کورسییەک دانیشت و دەستی بە بیرکردنەوە کرد، لەو کاتەشدا (لوسی) بە دەستە نەرمەکانی دەستی لەسەر شانی دانا و پێی گوت کە گوێی لە هەموو شتێک بووە.

-نیگەران مەبە ئازیزەکەم، دڵنیابە کە ڕێگە چارەیەک بۆ ئەم کێشەیە دەدۆزینەوە، بەهەرحاڵ... ئایا هێشتا ئەو کوڕەت خۆش دەوێت؟

ئەویش گوتی: هێشتا خۆشم دەوێت.

-زۆر باشە، ئەمە هەواڵێکی دڵخۆشکەرە، ئەو لە سەرجەم پیاوانی ئێرە باشترە، بەهەرحاڵ هەندێک لە هاوڕێیەکانم بەرەو "نیڤادا" گەشت دەکەن، نامەیەکیان پێ دەدەم تاکو بە (هۆب)ی بگەیەنن، دەمەوێت ئاگاداری ئەم کێشەیە بێت کە تووشی بووین، پێویستە بە زووترین کات بێت بۆ ئێرە.

(لوسی) بە گریانەوە گوتی: دڵنیام کە چارەسەرێکی باشمان بۆ ئەم کێشەیە پێ دەڵێت، بەڵام باوکە من نیگەرانی تۆم، چونکە چیرۆکی زۆر ترسناک لەسەر ئەو کەسانە هەیە کە سەرپێچی یاسای "مۆرمۆن"ییەکان دەکەن و لە لایان کەسانی نەناسراوەوە دەکوژرێن.

-خەم مەخۆ، هێشتا سەرپێچیمان نەکردووە، ئێستا مانگێکمان لەبەردەستدایە، تاکو ئەو کاتە پێویستە بیر لە رێگە چارەیەک بکەینەوە تاکو لە "یوتا" ڕابکەین.

-ڕابکەین؟!

-بەڵێ، ناچارین.

-ئەی چی دەربارەی کێڵگەکەمان؟

-کێڵگەکە جێدێڵین، بەڵام تەواوی پارەکان دەبەین، ئەوەی ماشەوە جێی دێڵین، با شتێکت پێ بڵێم (لوسی): ئەمە یەکەم جارم نییە کە بیر لە ڕۆیشتن بکەمەوە، حەزم بە ئێرە نایەت، من ئەمریکییەکی ئازادم، ناتوانم ئەم جۆرە ملکەچییە قبوڵ بکەم.

-بەڵام ئەوان ڕێگەمان پێ نادەن تاکو لێرە بڕۆین.

**-چاوەڕێی هاتنەوەی (هۆب) دەکەین، کە گەڕایەوە، ئەوا بیر لە شتێک دەکەینەوە. بەهەرحاڵ ئازیزەکەم... چیتر مەگری، ئەگینا پێستت چرچ دەبێت و (هۆب)یش چیتر تۆی ناوێت و لەبەرت ڕادەکات! بۆیە ئارامبە و خەم مەخۆ.**

**(فریر) بە متمانەییەکی زۆرەوە ئەم قسانەی کرد، بۆیە توانی دڵنەوایی (لوسی) بداتەوە. شایەنی باسە کە (فریر) دوای ئەم ڕووداوە زیاتر وریابوو، دەرگایەکانی بە تەواوی قوفڵ دەکرد و هەروەها ئەو چەکەشی چاک کردەوە کە لە ڕابردوودا کاری پێدەکرد، ویستی بە تەواوی وریابێت.**

## بەشی یازدەیەم

## ڕاکردن

(فریر) بۆ ڕۆژی دواتر ڕۆیشت بۆ شاری "سۆلت لەیک"ّ تاکو چاوی بەو هاوڕێیەی بکەوێت کە بەرەو "نیڤادا" دەچێت، نامەکەی پێدا و پێی گوت کە بۆ (جێفرسن هۆب)ی ببات، لە نامەکەدا نوسیبووی کە تووشی کێشەیەک گەورە بوون و پێویستە بە زووترین کات بگەڕێتەوە بۆ لایان، دوای ئەوەی نامەکەی بە هاوڕێیەکەی دا، ئەوا بە ئاسوودەیی گەڕایەوە بۆ ماڵەوە. بەڵام کاتێک گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، ئەوا بینی کە دوو ئەسپ لە بەردەمی ماڵەکەی وەستاون، ڕۆیشتە ژوورەوە و بینی کە دوو گەنج لە ژووری میوانەکان چاوەڕێی دەکەن. یەکێکیان ڕووخسارێکی سپی هەڵگەڕاوی هەبوو، لەسەر کورسییەک دانیشتبوو و لاقەکانیشی لەسەر ئاگردانەکە بەرز کردبۆوە، ئەوی تریشیان یەکێکی مل ئەستوورەی خەپەی ناشیرین بوو، لە بەردەم پەنجەرەکە وەستا بوو و دەستەکانیشی لەناو باخەڵەکانیدا هاویشتبوون و فیتەی لێ دەدا. کاتێک (فریر)یان بینی، ئەوا سەریان بۆ دانواند و سڵاویان لێکرد، دواتر ئەو گەنجەی کە لەسەر کورسییەکە دانیشتبوو گوتی: لەوانەیە ئێمە نەناسیت، ئەمە کوڕی (دریبەر)ە، منیش (جۆزف ستانگرسن)م، کاتێک لە بیابانەکە بووین، ئەوا بە یارمەتی خودا پێکەوە بەرەو ئێرە کۆچمان کرد.

(فریر) بە شێوەیەکی سارد بەخێرهاتنی ئەوانی کرد، دواتر (ستانگرسن) لە قسەکردن بەردەوام بوو و گوتی: بە پێی داوای باوکمان هاتووین بۆ ئێرە تاکو داوای کچەکەت بکەین، شایەنی باسە کە من تەنیا چوار 4 هاوسەرم هەیە، بەڵام (دریبەر) 7 هاوسەری هەیە، بۆیە بڕوام وایە کە من شایەنی ئەوەم داوای کچەکەت بکەم.

(دریبەر)یش گوتی: نەخێر، نەخێر، ژمارەی هاوسەرەکان گرنگ نییە، بەڵکو بەخێوکردنیان گرنگە، باوکم سەرجەم کارگەکانی پێداوم، بۆیە لە تۆ دەوڵەمەندترم.

(ستانگرسن)یش وەڵامی دایەوە و گوتی: بەڵام داهاتووی من باشترە، کاتێک باوکم دەمرێت، ئەوا باخ و کارگەی پێستەکە بە من دەدرێت، هەروەها لە کڵێساشدا پلەی من لە تۆ بەرزترە.

(دریبەر)یش بە زەردەخەنەوە گوتی: ئەم هەڵبژاردەیە بۆ کچەکە جێدێڵین.

(فریر) بەم گفتوگۆیەی ئەوان زۆر پەست و تووڕە بوو، لە توڕەییان خەریک بوو بە قامچییەکەی لە هەردووکیان بدات، بەڵام دواتر خۆی کۆنترۆڵ کرد و گوتی: سەیرکەن، تاکو کاتی داواکردنەکە دێت، ئەوا لێرە دوورکەونەوە، نامەوێت چرۆچاوی ئێوە ببینم!

دوو گەنجەکە بەم جۆرە قسەیە زۆر پەست بوون، چونکە بڕوایان وابوو کە پێشبڕکێ کردن لەسەر کچەکەی مایەی شانازییە بۆ ئەو!

(فریر) بە تووڕەییەکی زۆرەوە گوتی: دەی بڕۆنە دەرەوە!

(فریر) ئەوانی تۆقاند و دواتر دوو گەنجەکە بەرەو دەرەوە ڕایان کرد، بە دوایان کەوت و بە شێوەیەکی گاڵتەئامێزانە گوتی: بە لایەنی کەمەوە لە ڕاکردندا باشن!

(ستانگرسن) بە پەستییەکی زۆرەوە گوتی: باجی ئەم کارەت دەدەیت! تۆ دژی فەرمانی مەزهەب و "دەستەی پیرۆزی چوار" وەستاویتەتەوە!

(فریر) ویستی بە دوایان بکەوێت و لێیان بدات، بەڵام لەو کاتەدا (لوسی) هات و ڕێگری لێ کرد و پێی گوت کە نابێت کارێکی لەو شێوەیە بکات. دواتر (فریر) گوتی: بەرگەی ئەمە ناگرم ئازیزەکەم، پێم خۆشە بمرم نەوەکو بتبینم ببیت بە هاوسەری یەکێک لەو چەپەڵانە!

-ڕاست دەکەیت باوکە گیان، بەڵام تاکو (هۆپ) نەگەڕێتەوە، ئەوا هیچمان پێ ناکرێت.

-ڕاست دەکەیت، پێویستە چاوەڕێی گەڕانەوەی ئەو بکەین، پێویستە زوو بگاتە ئێرە، چونکە نازانین کە پلانی داهاتووی ئەوان چی دەبێت.

(فریر) دەیزانی کە سامانە زۆرەکەی بە هانایەوە نایەت، چونکە کەسانی لەو دەوڵەمەندتر و بە دەسەڵاتتر لەسەر دەستی ئەوان کوژراون و دواتریش موڵکەکانیان دراوە بە کڵێسا. (فریر) پیاوێکی بوێر بوو، بەڵام لەو هەڕەشانە دەترسا، بەهەرحاڵ لە بەردەم (لوسی) ترسی خۆی شاردەوە و وای دەردەخست کە هیچ شتێکی خراپ ڕوونادات، بەڵام (لوسی) هەستی بە هەموو شتێک دەکرد و دەیزانی کە بارودۆخەکە چەندە ناهەموارە. (فریر) دەیزانی کە (یۆنگ) ئاگادارییەک بۆ ئەو دەنێرێت لەسەر ئەو کارەی کە کردوویەتی، بەڵام بە شێوەیەک پێی گەیشت کە تووشی شۆکی کرد. بەیانییەک لە خەو هەستا و بینی کە کاغەزێک لەسەر

**سنگییەتی، ئەو کاغەزە بە خەتێکی پان لەسەری نووسرابوو: "29 ڕۆژت لەبەر دەستدایە بۆ ئەوەی هەڵەکەت ڕاست بکەیتەوە، ئەگینا"...**

**(فریر) بە تەواوی تۆقی، چونکە پێی سەیر بوو کە توانیویانە بێنە ناو ماڵەکەی و ئەم نامەیەی بۆ دانێن، شایەنی باسە کە خزمەتکارەکەی لە ماڵەکەیدا ناخەوێت و هەروەها ئەو شەوەش تەواوی دەرگا و پەنجەرەکانی داخستبوو، بۆیە زۆری لا سەیر بوو کە چۆن توانیویانە بێنە ژوورەوە. (فریر) ئەو پارچە کاغەزەی لە (لوسی) شاردەوە و هیچی پێ نەگوت، مەبەست لەو نامەیەش ئەوە بوو کە (یۆنگ) 29 ڕۆژی بە (فریر) داوە تاکو بڕیاری کۆتایی خۆی دەربارەی (لوسی) بدات. بیری لەوە دەکردەوە کە ئایا چۆن دەتوانێت دژی هێزێکی لەم شێوەیە بوەستێتەوە؟ هەرکەسێک کە ئەمەی کردبێت، ئەوا بە ئاسانی دەتوانێت ئەو بکوژێت.**

**بۆ ڕۆژی دواتر (فریر) و (لوسی) لە چێشتخانەکە نانی بەیانیان دەخوارد و دواتر (لوسی) لەپڕ هاواری کرد، ئاماژەی بە سەقفەکە کرد کە بە خەتێکی گەورە و ناشیرین لەسەری نووسرابوو: 28.**

**(لوسی) نەیدەزانی کە ئەوە مانای چییە، (فریر)یش بۆی ڕوون نەکردەوە بەوەی کە نەیدەویست نیگەرانی بکات. ئەو شەوەیان (فریر) نەخەوت، بە تفەنگەکەی پاسەوانی ماڵەکەی دەکرد، شایەنی باسە کە ئەو شەوە هیچ شتێکی نەبیست و هیچ شتێک و هیچ کەسێکیشی نەبینی، بەڵام بۆ بەیانی ڕۆژی دواتر سەیری دیوی دەرەوەی دەرگای ماڵەکەی کرد و تێبینی ئەوەی کرد کە ژمارە 27 لەسەری هەڵکەندراوە. دواتر هەموو ڕۆژێک ئەم دیاردەیە دووبارە دەبۆوە، (فریر) بۆی دەرکەوت کە دوژمنەکانی ئەم کارە دەکەن. جاری وا هەبوو ژمارەکانیان لەسەر دیوارەکان دەنووسی، یاخود لەسەر زەوی، یاخود جاری واش هەبوو کە کاغەزێکیان لەسەر دەرگایەکە هەڵدەواسی و ژمارەکەشیان لەسەر دەنووسی. (فریر) زۆر لەو ژمارانە زۆر ترسا، تاکە هیوایەک کە هەیبوو، ئەوا ئەوە بوو کە (هۆب)ی گەنج بگەڕێتەوە و ئەوان ڕزگار بکات.**

**ژمارەکە بوو بە 15، دواتریش بوو بە 10، ژمارەکان هەر کەمتر دەبوونەوە، ئەوەش وایکرد کە (فریر) زۆر بترسێت، کاتێک ژمارەکە بوو بە 4 و 3، ئەوا (فریر) بە تەواوی هیوای لەدەستدا، هەستی کرد کە پیاوێکی بێ هێز و دەسەڵاتە، شایەنی باسە کە لەو کاتەوەی ئەو ژمارانە دەردەکەوتن، ئەوا دەست بەسەر دەروازەکاندا گیرا و "دەستەی پیرۆزی چوار" ڕێگەی بە هەموو کەسێک نەدەدا کە بێت بۆناو شارەکەیان. شەوێکیان (فریر) لەسەر کورسییەک دانیشت و بیری لەو کێشەیە دەکردەوە کە تووشی بوون، ئەو ڕۆژەیان ژمارەکە بوو بە 2، سبەیش کۆتا مۆڵەتە، ئایا پێویستە چی بکات؟ (فریر) خەمێکی زۆری لەمە خوارد، نەیدەزانی کە چۆن خۆی و (لوسی) دەربازیان بێت. بەڵام لەو کاتەدا (فریر) گوێی لە شتێک بوو کە ئەو**

بێدەنگی شەوە تاریکەی شکاند، دەنگێکی زۆر نزم بوو، بەڵام هەر بیستی، لە دەنگی کەسێک دەچوو کە بە شێوەیەکی نەرم لە دەرگایەکە دەدات، (فریر) بیری لە دوو ئەگەر کردەوە: یان ئەمەتا ئەوە بکوژێکە کە "دەستەی پیرۆز چوار" ناردوویەتی تاکو ئەو بکوژێت، یاخود کەسێکە کە ئەوان ڕزگار دەکات. بەهەرحاڵ زۆر شپرزە بوو، بەڵام لە دڵی خۆیدا گوتی: "باشترە بمرم نەوەکو بەم شێوەیە تووشی دڵەڕاوکێ بم"، لەگەڵ ئەم قسەیە خێرا دەرگای دەرەوەی کردەوە. سەیری ئەولا و ئەولای کرد و هیچی نەبینی، دواتر سەیری خوارەوەی کرد و بینی کە لاشەیەک لەسەر زەوییەکەیە، بەمە زۆر ترسا، وایزانی کە ئەمە لاشەی مردووی یاخود جەستەی برینداری کەسێکە، دواتر لاشەکە وەکو مار دەستی بە جووڵە کرد و هاتە ژوورەوە، ئەوە (جێفرسن هۆب) بوو کە هاتبوو تاکو یارمەتی ئەوان بدات!

دواتر (فریر) بە هەناسە بڕکێیەکی زۆرەوە گوتی: ئای خوایە! منت زۆر ترساند! بۆچی بەم شێوەیە دێیت بۆ ئێرە؟!

-جارێ واز لەوە بێنە، خواردنم پێ بدە، دوو ڕۆژە هیچم نەخواردووە.

دواتر نان و گۆشتی ساردی بۆ هێنا، ئەویش بە خێراییەکی زۆرەوە خواردی، دواتر گوتی: بارودۆخی (لوسی) چۆنە؟

-کێشەی نییە، هەستی بە هیچ نەکردووە.

-زۆر باشە، بۆیە بەم شێوەیە بەرەو ئێرە هاتم چونکە ماڵەکەتان چاودێرییەکی توندی لەسەرە، لەوانەیە ئەوان زیرەک بن، بەڵام بە ئەندازەی ڕاوچی مەیموونی جۆری "واشو" زیرەک نین! (مەبەستی خۆیەتی).

(فریر) لەو کاتەدا تەواوی خەمەکانی ڕۆیشتن بەوەی کە زانی کە هاوکارێکی بە توانای لە پشتە، دواتر تۆقەی لەگەڵ کوڕە گەنجەکە کرد و گوتی: بەڕاستی جێی شانازیت، کەم پیاو هەیە کە لەم جۆرە بارودۆخەدا بتوانێت بە هانامانەوە بێت.

**-سوپاست دەکەم، بەڵام شایەنی باسە کە ئەگەر (لوسی)یت لەگەڵ نەبووبا، ئەوا بە هاناتەوە نەدەهاتم، چونکە تەنیا گەمژەکان خۆیان لە کێشەیەکی ئاوا گەورە هەڵدەقورتێنن، بەڵام لەپێناو (لوسی)دا ئامادەم ژیانی خۆم ببەخشم.**

**-ئێستا چی بکەین؟**

**-سبەی کۆتا وادەی مۆڵەتەکەیە، بۆیە پێویستە بە زووترین کات لێرە بڕۆین، هێسترێکم پێیە و دوو ئەسپیشم لە دۆڵی "ئیگل" بەستۆتەوە تاکو دواتر سواریان بین، بەهەرحاڵ... هیچ بڕە پارەیەکت پێیە؟**

**-دوو هەزار دراوی زێڕین و پێنج هەزار دۆلاریشم پێیە.**

**-زۆر باشە، منیش بڕە پارەیەکی لەو شێوەیەم پێیە. پێویستە هەر ئێستا لە ڕێگەی "کارسۆن"ەوە بەرەو شاخەکان بڕۆین، خێرا بڕۆ (لوسی) لە خەو هەستێنە.**

**(فریر) ڕۆیشت تاکو (لوسی) لە خەو هەستێنێت، لەو کاتەدا (هۆب) دەستی کرد بە کۆکردنەوەی خواردن و خواردنەوە، ئەمەش هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە دەیزانی لە ناوچە شاخاوییەکاندا بەرهەمی خۆراکی زۆر کەمە، لە کۆتاییدا لە کارەکەی تەواو بوو و دواتریش (فریر) و (لوسی) هاتن بۆ لای، بە تەواوی ئامادە بوو بوون. دوو خۆشەویستەکە بە گەرم و گوڕی سڵاویان لە یەکتری کرد، بەڵام بە شێوەیەکی خێرا بەوەی کە کاتێکی کەمیان لەبەر دەستدا بوو و پێویست بوو بڕۆن.**

**دواتر (هۆب) بە ویستێکی بەهێزەوە گوتی: پێویستە هەر ئێستا لێرە بڕۆین، دەرگای دەرەوە و پشتەوەی ماڵەکە چاودێری لەسەرە، بەڵام دەتوانین لە ڕێگەی پەنجەرەکەوە بچینە دەرەوە و دواتریش بە کێڵگەکەدا بڕۆین، دواتر دەگەین بە ڕێگای سەرەکی، ئەمەش مانای ئەوە دەبێت کە تەنها** 2 **میلمان دەمێنێت تاکو دەگەین بەو دۆڵەی کە ئەسپەکانم تێدا شاردۆتەوە، بەم شێوەیە تاکو کاتی خۆر هەڵاتن نیوەی گەشتەکەمان لە ڕێگەی شاخەکانەوە دەبڕین.**

**(فریر) پرسی: ئەی ئەگەر ئێمەیان وەستاند؟**

**(هۆب) ڕووی کردە تفەنگەکەی و هەڵیگرت، دواتر گوتی: ئەگەر ژمارەیان لە ئێمە زیاتر بێت، ئەوا بە لایەنی کەمەوە 2 بۆ 3 کەس لەوان دەکوژم.**

**ڕووناکییەکانی ناو ماڵەکە بە تەواوی خامۆش کرابوون، (فریر) لە تاریکییەوە سەیری دەرەوەی کرد، سەیری ئەو کێڵگەیەی کرد کە بەجێی دێڵێت، بەڵام خۆشگوزەرانی و سەلامەتی کچەکەی لای گرنگتر بوو، بۆیە گرنگی بەوە نەدا کە پشت لە سامانێکی زۆر دەکات. بێدەنگی تەواوی کێڵگەکەی گرتبوو، هیچ شتێک و هیچ کەسێک دیار نەبوو، جێی باوەڕ نەکردنە کە ئەو کێڵگەیە بەڕاستی چاودێری لەسەر بوو، بەهەرحاڵ (هۆب) گوتی کە ئەو ڕێگایە سەلامەتە .تاکو پێیدا بڕۆن**

**(فریر) تەواوی دراو و پارەکانی هەڵگرت، (هۆب)یش خواردن و خواردنەوەکانی هەڵگرت، (لوسی)یش کەمێک لەو شتانەی هەڵگرتبوو کە موڵکی خۆی بوون. دواتر بەرەو پەنجەرەکە ڕۆیشتن و کردیانەوە، تۆزێک چاوەڕێیان کرد و دواتر هەورێکی ڕەش ئاسمانی داگیر کرد، ئەوەش وایکرد کە شەوەکە تاریکتر بێت، بۆیە ئەوەیان بە هەل زانی و هەرسێکیان دانە بە دانە لە ڕێگەی پەنجەرەکەوە چوونە دەرەوە، دواتر گەیشتن بە باخەکە و بە شپرزەییەکی زۆرەوە دەستیان بە ڕۆیشتن کرد، دواتر گەیشتنەی لای کۆمەڵە دارێک و دواتر بە دەوریاندا سووڕانەوە، بەم شێوەیە بەردەوام بوون تاکو بەو زەوییە گەیشتن کە بۆ مەبەستی چاندنی گەنمەشامی بەکاردێت، پێش ئەوەی لەوێش بڕۆن، ئەوا (هۆب) بە شێوەیەکی کتوپڕ (فریر) و (لوسی) ڕاکێشا و ئەوانی خستە سەر زەوی. (هۆب) بەوەی کە چەندین ساڵ ژیانی لە دارستان و شاخەکان بەڕێ کردبوو، ئەوا توانستی بیستنی زۆر بەرز بووبۆوە، بە هۆی ئەمەوە توانی بزانێت کە لەو شوێنە شتێکی سەیر ڕوو دەدات. لەو زەوییەی لەسەری بوون دەنگێکی سەیر هات، دوای ئەو دەنگە پیاوێک پەیدا بوو، دواتر ئەو پیاوە دەنگەکەی دووبارە کردەوە و پیاوێکی تریش بە هۆی ئەو دەنگەوە پەیدا بوو. پیاوی یەکەم کە دیاربوو سەرۆکەکەیە گوتی: سبەی لە کاتی نیوەشەودا، لە کاتی بیستنی دەنگی باڵندەی شەوان.**

**ئەوەی تریش گوتی: باشە، ئایا ئەمە بە (دریبەر) بڵێم؟**

**-پێی بڵێ و با ئەویش بەوانی تر بڵێ، 9 بە 7!**

-7به 5!

.دواتر هەردووکیان ڕۆیشتن

دیاربوو کە ئەو شتانەی گوتیان وشەیەکی نهێنی بووە، بەهەرحاڵ (هۆب) لەو کاتەی کە ئەوان ڕۆیشتن هەستایەوە سەر پێ و بەوانی تریشی گوت کە هەستن، دواتر بە خێراییەکی زۆرەوە بە سەر ئەو زەوییەدا ڕایان کرد، (لوسی) وزەیەکی زۆری نەمابوو، بۆیە (هۆب) قۆڵی گرت و یارمەتی دا تاکو ڕاکات، دواتر (هۆب) بە هەناسە بڕکێوە گوتی: خێراکەن! خێراکەن! !خەریکە هێڵی چاودێری ئەوان دەبڕین... بۆیە خێراکەن

دواتر گەیشتن بە ڕێگایەک و لەوێوە توانیان بە شێوەیەکی خێراتر بڕۆن، لەو کاتە درەنگەدا چاویان بە هیچ کەسێک نەکەوت، ئەمەش شتێکی باش بوو. بەهەرحاڵ دواتر گەیشتنە کێڵگەیەک و بۆ ماوەیەک لەوێ خۆیان حەشاردا، دواتر ئەوێیان جێهێشت و ڕێگایەکی تەسکیان گرتە بەر کە بەرەو شاخەکان دەڕوات، دواتر ئەو ڕێگایەیان کەمێک بڕی و بە ڕێڕەوێک گەیشتن کە بەرەو دۆڵی "ئیگل" دەڕوات. دواتر (هۆب) ڕۆیشت تاکو ئەسپەکان بێنێت، لە پشت کۆمەڵە بەردێکی زەبەلاحی شاردبوونەوە. (لوسی) سواری هێسترەکە بوو، (فریر) و (هۆب)یش سواری ئەسپەکان بوون، بەم شێوەیە بە فەرمی دەستیان بە دوورکەوتنەوە لەو شوێنە کرد (شایەنی باسە کە ئەو ناوچەیەی پێیدا دەڕۆیشتن ناوچەیەکی شاخاوی و لێژ بوو، بۆیە دەبوایە زۆر بە وریاییەوە پێیدا بڕۆن). دوای ماوەیەک لە ڕۆیشتن (لوسی) لەپڕ هاواری کرد، دواتر ئاماژەی بە سەرەوە دا، لە سەرەوەی شاخەکە بەردێکی گەورەی لێ بوو کە پاسەوانێک لەسەری وەستابوو و چاودێری دەوروبەری دەکرد. دواتر پاسەوانەکە ئەوانی بینی و بە دەنگێکی بەرزەوە پرسی: ئێوە کێن؟

(هۆب) وەڵامی دایەوە و گوتی: ئێمە کۆچبەرین، بەرەو "نیڤادا" دەڕۆین.

دواتر پاسەوانەکە تفەنگەکەی لەوان بەرز کردەوە و پرسی: کێ مۆڵەتی ئەوەی پێداون کە بڕۆن؟

**لەو ساتەدا (فریر) بیری بۆ لای دەستەی باڵای "مۆرمۆن"ییەکان چوو و گوتی: دەستەی پیرۆزی چوار!**

**-9بە 7!**

**(هۆب)یش وشە نهێنییەکەی بیر هاتەوە و دواتر بە خێراییەکی زۆرەوە گوتی: 7بە 5**

**پاسەوانەکەش گوتی: دەتوانن بڕۆن.**

**دواتر ئەوانیش بە خێرایی لەوێ ڕۆیشتن و ڕێگایەکەش وردە وردە فراوان بوو، زانیان کە خاکی "مۆرمۆن"ییەکانیان جێهێشتووە و لەمەودوا دەتوانن ئازادبن.**

بەشی دوازدەیەم

فریشتە تۆڵەسەنێرەوەکان

تەواوی شەوەکە بە پێ بەسەر ناوچە شاخاوی و ڕێگا تەسکەکاندا ڕۆیشتن، چەندین جاریش ڕێگەیان ون کرد، بەڵام بە هۆی شارەزایی (هۆپ)ەوە توانیان بێنەوە سەر ڕێگای ڕاست. لەگەڵ ڕووناکی بەرە بەیان دیمەنێکی زۆر جوانیان بینی، ئەوان دەور درابوون بە چەندین شاخ کە بەفر لووتکەکانیان داپۆشی بوو، بەڕاستی دیمەنێکی دڵڕفێن بوو. دوای ئەوەی کەمێک پشوویان دا، ئەوا دووبارە دەستیان بە ڕۆیشتن کردەوە و بەرەو دۆڵێکی زۆر لێژ ڕۆیشتن، لایەکانی دۆڵەکە بە درەختی سنەوبەر دەور درابوو، بە ڕاددەیەک بەرزیش بوون کە (هۆپ) و ئەوانی تر وایان دەزانی کە ئەگەر "با"یەک لێیان بدات، ئەوا بەسەریاندا بەر دەبێتەوە و دەمرن! دواتر مەودایەکیان بڕی و بە ڕێکەوت (هۆپ) قاچی بەر بەردێک کەوت، ئەو بەردە بە لێژایی دۆڵەکەدا خلۆر بۆوە و وای کرد چەندین بەردی تریش خلۆر ببنەوە، لە کۆتاییدا بوو بە هۆکاری ئەوەی کە بەردێکی زەبەلاح بە درێژایی دۆڵە قوڵەکە بەر ببێتەوە سەر زەوی. دواتر ئەوێشیان بڕی و گەیشتن بە ڕووبارێک، لەوێ ئاویان بە ئەسپەکانیان دا و کەمێکیش پشوویان دا. (فریر) و (لوسی) ویستیان بۆ ماوەیەکی زۆر لەوێ بمێننەوە و پشوو بدەن، بەڵام (هۆپ) گوتی: دڵنیام کە ئەوان دەستیان کردووە بە ڕاونانی ئێمە، بۆیە خێرا هەستن و با لێرە بڕۆین، کە گەیشتینە "کارسۆن"، ئەوا بۆ هەتاهەتایە دەتوانین پشوو بدەین (مەبەستی ئەوەیە کە لە مەترسی ڕزگاریان دەبێت). دواتر دەستیان کردەوە بە ڕۆیشتن، تاکو ساتەکانی سەرەتای شەو بە ڕێڕەوە تەسکەکانی شاخدا ڕۆیشتن، کە شەویش تاریک داهات، ئەوا بڕیاریاندا کە لە شوێنێک بمێننەوە و شەوەکە لەوێ بەسەر ببەن. دواتر بەردێکی زەبەلاحیان دۆزیەوە کە بنەوەی بۆشاییەکی باشی هەبوو و ڕێگری لە "با"یە ساردەکان دەگرت، بۆیە چادرگەکەیان لەوێ دانا و بۆ شەویش لەوێ ماناوە، بۆ بەیانیش دووبارە دەستیان کردەوە بە ڕۆیشتن، شایەنی باسە کە بڕوایان وابوو بە ئەندازەی 30 میل لە دەستی دوژمنانیان دوورکەوتوونەتەوە. (فریر) و (هۆپ) وایانزانی کە زۆر دوورکەوتوونەتەوە و چیتر دەستی دوژمنانیان پێ ناگات، بەڵام ئەوان لە ڕاستیدا هەڵە بوون. بەهەرحاڵ بۆ ڕۆژی دواتر خەریک بوو خۆراکیان پێ نەمێنێت، (هۆپ) بەمە دڵگران نەبوو بەوەی دەیزانی کە دەتوانێت نێچیرێک لەو ناوچە شاخاوییانە ڕاو بکات، لە ڕاستیدا زۆر کات هەبووە کە لەم جۆرە بارودۆخانەدا ناچار بووە ڕاو بکات تاکو بە هۆی برسیەتییەوە نەمرێت. دواتر لە شوێنێک چادرگەکەی بۆ (لوسی) و (فریر) هەڵدا و ئاگریشی پێکرد تاکو هەست بە سەرما نەکەن، دواتر ماڵاواییان لێ کرد و بە تفەنگەکەیەوە ڕۆیشت تاکو بتوانێت نێچیرێک ڕاو

بکات. بە درێژایی دوو میل دوورکەوتەوە، لە دۆڵێکەوە بەرەو دۆڵێکی تر دەڕۆیشت، بەڵام هیچی نەدۆزییەوە، ئەمە وایکرد کە زۆر بێ هیوا بێت. بەڵام دواتر سەری بەرز کردەوە و بینی کە ئاژەڵێک کە لە مەڕ دەچێت و دوو قۆچی تیژی هەیە لەسەر بەردێکی گەورە وەستاوە، (هۆب) ڕاکشایە سەر زەوی و تفەنگەکەی لێ بەرز کردەوە، دواتر تەقەی لێ کرد و ئاژەڵەکەی پێکا، دواتر ئاژەڵەکە مرد و لاشە مردووەکەی بە درێژایی دۆڵە قوڵەکە بە شێوەیەکی زۆر توند بەربۆوە. بە هۆی ئەوەی کە کێشی ئاژەڵەکە زۆر بوو و نەیدەتوانی هەڵیبگرێت، ئەوا تەنیا ڕانێکی بڕی و هەڵی گرت، دواتر بڕیاریدا کە بگەڕێتەوە لای (لوسی) و (فریر) بەوەی کە خەریک بوو شەو دابێت. دواتر دەستی بە گەڕانەوە کرد، بەڵام زوو بۆی دەرکەوت کە ڕێگای ون کردووە و نازانێت کامە ڕێڕەوە درووستکەیە، ئەمە وایکرد کە نیگەران بێت. شەو داهات و هەر بەو بارە قورسەوە دەڕۆیشت، هەوڵی دەدا ڕێڕەوە ڕاستەکە بدۆزێتەوە تاکو بتوانێت بگەڕێتەوە بۆ لای (لوسی)، بۆیە کۆڵی نەدا و بەردەوام بوو، شایەنی باسیشە کە شەوێکی تاریک بوو و مانگیش ڕووناکییەکی زۆری نەبوو، بۆیە (هۆب) بە ئەستەم دەیتوانی بەردەمی خۆی ببینێت. بەهەرحاڵ لە کۆتاییدا ڕێڕەوە درووستەکەی دۆزییەوە، بەمە زۆر دڵخۆش بوو. بیری کردەوە کە (لوسی) و (فریر) زۆر نیگەرانی ئەو بوون بەوەی کە ماوەی 5 کاتژمێرە ئەوانی جێهێشتووە. دواتر (هۆب) هاوارێکی کزی کرد تاکو ئەوان ئاگادار بکاتەوە و بزانن کە توانیویەتی خواردنیان بۆ بهێنێت، بەڵام هیچ دەنگێکیان لێوە نەهات و بێدەنگ بوون، ئەمە (هۆب)ی زۆر نیگەران کرد، بە ڕادەیەک تووشی دڵەڕاوکێ بوو کە لەو ساتەدا ڕێک هەموو شتێکی فڕێدایە سەر زەوی و بەرەو لای ئەوان ڕایکرد. دوای ئەوەی ڕۆیشتەوە لای چادرگەکە، ئەوا تێبینی ئەو ئاگرەی کرد کە بۆ ئەوانی پێکردبوو، بەڵام دیاربوو کە هیچ کەسێک گەشی نەکردبۆوە، هەروەها شوێنەکەش زۆر بێدەنگ بوو، بێدەنگییەکی نائاسایی بوو. دواتر (هۆب) شپرزە بوو، هیچ کەسێک جگە لەو لەوێ نەبوو، (لوسی) و (فریر) ون بووبوون و شوێنەواریان دیار نەبوو! دیاربوو کە شتێکی قێزەونیان بەسەرهاتووە!

(هۆب) بەمە زۆر تێکچوو و خەریک بوو ببورێتەوە، بەڵام ورەی بە خۆی دا و دواتر دارێکی هێنا و ئاگرەکەی گەش کردەوە، دواتر دەستی کرد بە لێکۆڵینەوە تاکو بزانێت چی ڕوویداوە. (هۆب) یەکەم شت کە تێبینی کرد بریتی بوو لە پاشماوەی شوێن پێی کۆمەڵە ئەسپێک، دیارە کە چەند کەسێک هاتوونەتە ئێرە و (لوسی) و (فریر)یان قۆڵبەست کردووە، بەڵام ئایا ئەوانیان بردۆتەوە بۆ شاری "سۆلت لەیک"؟

(هۆب) لە دڵی خۆیدا دەیگوت کە ئەوانیان بردووە و هیچ ڕووینەداوە، بەڵام هەر زوو ئەو بڕوایەی پووچەڵ بۆوە، لە نزیک چادرگەکە گۆڕێکی بینی کە بە خۆڵێکی سوور داپۆشرابوو، پێشووتر ئەوەی لەوێ نەبینی بوو، دواتر لێی نزیک بۆوە و بینی کە دارێک لە ناوەندیدا چەقێنراوە و ئەو دارەش پارچەکە کاغەزێکی پێوە بەستراوە، لەسەر کاغەزەکە نووسرابوو:

(جۆن فریر)

دانیشتوویەکی پێشووی شاری "سۆلت لەیک"

لە بەرواری 1860/8/4ز کۆچی دوایی کردووە.

(فریر) کوژراوە! (هۆب) بەمە زۆر تێکچوو، زۆر تورە بوو و نەیدەزانی کە چی بکات، دواتر کەمێک هاتەوە سەر خۆی و بە دوای گۆڕی (لوسی)دا گەڕا، بەڵام نەیدۆزییەوە، ئەوەش مانای ئەوەبوو کە ئەویان گەڕاندۆتەوە و بە ناچاری زەماوەندی پێ دەکەن. کاتێک (هۆب) زانی کە ناتوانێت (لوسی) ڕزگار بکات و هیچی لەدەست نایەت، ئەوا خۆزگەی بە مەرگ خواست. بەڵام بێ هیواییەکەی زۆری نەخایاند بەوەی کە بڕیاریدا تۆڵەیان بۆ بکاتەوە و نەهێڵێت کە "مۆرمۆن"ییەکان لەم کارە قێزەونە ڕزگاریان بێت، دواتر ڕۆیشتەوە لای ئاگرەکە و گۆشتەکەی برژاند، بۆ چەند ڕۆژێکی تریشی ئامادە کردبوو تاکو بتوانێت لە ڕێگا بیخوات، بۆ بەیانیش دەستی بە ڕۆیشتن کردەوە و شاخەکانی جێهێشت، بەم شێوەیە یەکەم هەنگاوی نا تاکو تۆڵە لە "فریشتە تۆڵەسەنێرەوەکان" بکاتەوە و ڕوحیان لە جەستە دەربهێنێت.

سەرەڕای ئەوەی کە زۆر ماندوو بوو، ئەوا هەر کۆڵی نەدا و بۆ ماوەی 5 ڕۆژ بەو دۆڵە تەسک و ڕێگا ناخۆشانەدا دەڕۆیشت، کە شەویش دادەهات، ئەوا تاکو بەرەبەیان دەخەوت و دواتر هەڵدەستایەوە و دەستی بە ڕۆیشتن دەکردەوە. لە ڕۆژی شەشەمدا گەیشتە دۆڵی "ئیگل"، ئەو شوێنەی کە گەشتەکەیان لێوە دەست پێکرد، لەوێوە توانی شاری "مۆرمۆن"ییەکان ببینێت، لەو کاتەدا زۆر ماندوو بووبوو، بۆیە دانیشت و بە تورەییەوە سەیری شارەکەی دەکرد. تێبینی هەندێک ئاڵای کرد کە لە شەقامە سەرەکییەکان هەڵواسرابوون، بیری لەوە دەکردەوە کە ئایا دەبێت بۆچی ئەوانەیان لەوێ هەڵواسیبێت و ئایا دەبێت مانای چی بێت؟ بەهەرحاڵ لە کاتێکدا بیری لەوە دەکردەوە، ئەوا پیاوێک بە ئەسپەکەی بەوێدا دەڕۆیشت و (هۆب) ئەوی بینی، زوو ئەوی ناسییەوە. ئەو پیاوە "مۆرمۆن"ییەک بوو بە ناوی (کاوبر)، پێشووتر کاڵای بۆ دەهێنا، بۆیە بە پێی کات پەیوەندییان تۆکمە بوو. دواتر (هۆب) بەرەو لای ئەو ڕۆیشت و گوتی: من (جێفرسن هۆب)م، ئایا دەمناسیتەوە؟

"مۆرمۆن"ییەکە بە سەرسووڕمانەوە سەیری کرد، زۆری لا سەیر بوو کە ئەمە (هۆب)ی گەنجە! ئێستا زۆر کز و بێ هێز بووە. دواتر بە شپرزەییەوە گوتی: نابێت لێرە بیت! ئەگەر کەسێک ببینێت کە قسە لەگەڵ تۆدا دەکەم، ئەوا بە دڵنیاییەوە دەمکوژن! ئەوان بە دوای تۆدا دەگەڕێن و دەیانهەوێت بتکوژن بەوەی کە یارمەتی (جۆن فریر)ت داوە تاکو ڕابکات.

(هۆب) بە بوێرییەکی زۆرەوە گوتی: من لەو چەپەڵانە ناترسم، بەهەرحاڵ (کاوبر)، تکایە وەڵامی هەندێک پرسیارم بدەوە، ئێمە پێشووتر هاورێ بووین، بۆیە تکایە هیچ شتێکم لێ مەشارەوە.

پیاوەکە بە دوودڵییەوە گوتی: دەی چیت دەوێت؟ خێرا قسە بکە، چونکە لەوانەیە چاودێریمان لەسەر بێت.

(لوسی فریر) چی بەسەرهاتووە؟

-شەوی ڕابردوو هاوسەرگیری بە (دریبەر) کرد... ئەوە چیتە (هۆب)؟! ڕەنگت سپی هەڵگەڕاوە! دەڵێیت لەسەرە مەرگیت!

(هۆب) بەم هەواڵە زۆر تێکچوو و خەریک بوو ڕابنیشێت، دواتر لەسەر بەردێک دانیشت و بێ ئەوەی هیچ وزەیەکی هەبێت گوتی: گوتت کە هاوسەرگیری کردووە؟

-بەڵێ، شەوی ڕابردوو هاوسەرگیری کرد، ئەمەش هۆکاری هەڵواسینی ئەو ئاڵایانەیە. سەرەتا کێشەیەک لە نێوان (دریبەر) و (ستانگرسن)دا پەیدا بوو، هاردووکیان دەیانگوت کە شایەنی ئەوەن ئەو کچە هاوسەرگیریان لەگەڵ بکات، ڕێک نەکەوتن لەسەر ئەوەی ئەو کچە هی کێ بێت. هەردووکیان سەر بەو گروپە بوون کە ئێوەیان ڕاونا، (ستانگرسن) تەقەی لە باوکی کرد و کوشتی، بۆیە بیانووی ئەو ئەوەبوو کە ئەو بەهێزترە. بەڵام کاتێک لە کۆبوونەوەکەدا باسی ئەم بابەتەیان کرد، ئەوا کچەکە درا بە (دریبەر) بەوەی کە هۆزی ئەو بەهێزترە. بەڵام باوەڕ ناکەم هیچیان دەستیان بەو کچە... یاخود با بڵێم هیچیان دەستیان بەو ئافرەتە ناگات بەوەی کە خەریکە دەمرێت، مەرگم لە چاوەکانی ئەو بینی، پێستی بە تەواوی سپی هەڵگەڕاوە و کێشێکی زۆری لەدەستداوە... ئایا دەڕۆیت؟

لەو ساتەدا (هۆب) بە توڕەییەکی زۆرەوە هەستا، دواتر "مۆرمۆن"ییەکە لێی پرسی: بۆ کوێ دەڕۆیت؟

**ئەویش گوتی: گرنگی بەوە مەدە. دواتر چەکەکەی هەڵگرت و بەرەو دۆڵە تەسکە سامناکەکان ڕۆیشت کە چەندین بوونەوەری ترسناکی تێدا دەژیا.**

**پێشبینی "مۆرمۆن"ییەکە دەربارەی (لوسی) ڕاست دەرچوو، هۆکارەکەی مەرگی باوکی بووبێت یاخود ئەو هاوسەرگیرییەی ناچار کرا کە ئەنجامی بدات، ئەوا (لوسی) داماو بەرگەی نەگرت و بە هۆی خەم و خەفەتی زۆرەوە مرد، شایەنی باسیشە کە مانگێک بەسەر هاوسەرگیرییەکەیدا نەڕۆیشتبوو. مێردە سەرخۆشەکەشی (کە تەنیا لەبەر سامانی باوکی هاوسەرگیری لەگەڵ کردبوو) زۆر گرنگی بە مەرگی ئەو نەدا، بەڵام هاوسەرەکانی ماتەمینیان بۆ دانا و دواتر بە شێوازی مەزهەبی "مۆرمۆن"ییەکان بە خاکیان سپارد.**

**لە ڕۆژی یەکەمی بە خاک سپاردنی تەواوی هاوسەرەکانی (دریبەر) لە نزیک دارەمەیتەکەی (لوسی) دانیشتبوون، دواتر لەپڕ پیاوێکی توندڕەو هاتە ژوورەوە و بەرەو لاشەی مردووی (لوسی) ڕۆیشت، گرنگی بە ئافرەتەکان نەدا، بەڵام ئەوان زۆر ترسابوون. ئەمە (هۆب) بوو کە هاتبوو تاکو ماڵاوایی لێ بکات، دواتر بە نەرمی ماچی نێوچاوانی ساردی (لوسی) کرد و دواتریش ئەڵقەی سەر پەنجەکەی ئەوی لێکردەوە و گوتی: ناهێڵم بەمەوە بنێژرێت.**

**دواتر بە خێراییەکی زۆرەوە لەوێ ڕۆیشت و دیار نەما.**

**ئەوەی ڕوویدا زۆر خێرا و سەیر بوو، ئەگەر ئەڵقەی سەر پەنجەکەی لێ نەبردبا، ئەوا هیچ کەسێک باوەڕی بەو ڕووداوە نەدەکرد.**

**(هۆب) بۆ ماوەی چەندین مانگ ژیانی لە ناوچە شاخاوییەکاندا بەسەر برد، بە مەبەستی ئەوەی کە خۆی بەهێز بکات و ئامادەی تۆڵەسەندنەوە بێت. دوای ماوەیەک دەنگۆیەک دەربارەی پیاوێک بڵاوبۆوە کە بە شێوەیەکی نهێنی بە شەقامەکاندا دەڕوات و دواتر دەگەڕێتەوە بۆ ناوچە شاخاوییەکان (مەبەستیان [هۆب])ە. ڕۆژێکیان گوللەیەک پەنجەرەی ماڵی (ستانگرسن)ی بڕی و بە دیوارەکەیان کەوت، ڕۆژێکی تریش بەردێکی گەورە بەسەر (دریبەر)دا بەربۆوە، خەریک بوو بیکوژێت، بەڵام ڕزگاری بوو. دوو گەنجەکە زانیان کە ئەوە (هۆب)ە و دەیەوێت ئەوان بکوژێت، بۆیە چەندین جار بە شێوەی کۆمەڵ چوونە شاخەکان تاکو ڕاوی بنێن، بەڵام هیچ سوودی نەبوو، بۆیە ناچاربوون کە خۆیان بپارێزن. چیتر بە تەنیا پیاسەیان نەدەکرد و دواتریش پاسەوانیان بۆ ماڵەکەیان دانا، دوای ماوەیەک (هۆب) دەنگی نەما، ئەمەش وایکرد کە دوو گەنجەکە وابزانن کە ئەو چیتر نایهەوێت تۆڵە بکاتەوە، بۆیە ئاسوودە بوون. بەڵام لە ڕاستیدا ئەوان هەڵە بوون بەوەی کە کات وای لێکرد ڕوحیەتی تۆڵەسەندنەوەی زیاتر بێت، نەوەکو کەمتر. بیرۆکەی تۆڵەسەندنەوە بە تەواوی مێشکی ئەوی داگیر کردبوو، تاکە شتێک بوو کە بیری لێ دەکردەوە. بەهەرحاڵ دوای ماوەیەک هەستی بەوە**

کرد کە چیتر ناتوانێت لە ناوچە شاخاوییەکان بژیت بەوەی کە پەستانێکی زۆر دەخاتە سەر جەستەی و نەخۆشی دەکات، بۆیە بڕیاریدا کە بگەڕێتەوە بۆ کانییەکانی "نیڤادا" تاکو لەوێ کار بکات و پارە پەیدا بکات، لە هەمان کاتیشدا ئاگای لە تەندرووستی خۆی بێت. بە تەما بوو کە تەنیا بۆ ماوەی ساڵێک لەوێ بمێنێتەوە، بەڵام بە هۆی هەندێک ڕووداوی چاوەڕوان نەکراوەوە بۆ ماوەی 5 ساڵ لەوێ مایەوە.

دوای ئەوەی کە بارودۆخی باشتر بوو، ئەوا بڕیاریدا کە بگەڕێتەوە بۆ "سۆلت لەیک" و تۆڵەی خۆی بکاتەوە، بۆیە ناوی خۆی گۆڕی و بەرەو ئەوێ بەڕێکەوتەوە. (هۆب) گرنگی بەوە نەدەدا کە چی بەسەر دێت، تەنیا ئەوەی لا گرنگ بوو کە بتوانێت تۆڵەی خۆت بکاتەوە. بەڵام کاتێک گەیشتە شارەکە، ئەوا هەواڵێکی خراپی بیست، هەندێک لە گەنجەکانی کڵێسا دژی دەسەڵاتدارانی ئایینی "مۆرمۆن"ی وەستابوونەوە و کۆتاییان بە دەسەڵاتی ئەوان هێنا بوو، بۆیە هەندێک لە "مۆرمۆن"ییەکان "یوتا"یان جێهێشت و ئەوانی تریش بوون بە مەسیحی. (دریبەر) و (ستانگرسن) لەوانە بوون کە "یوتا"یان جێهێشتبوو، دەنگۆی ئەوە هەبوو کە (دریبەر) تەواوی سامانەکەی کردووە بە بە پارەی نەقد و بە دەوڵەمەندی ڕۆیشتووە، بە پێچەوانەوە (ستانگرسن) تەواوی سامانەکەی لەدەستدا و بە هەژاری ڕۆیشت. (هۆب) نەیدەزانی کە ئەوان بۆ کوێ ڕۆیشتوون، بەڵام هەر کۆڵی نەدا. بەو بڕە پارەیەی پێی بوو بە ویلایەتەکاندا گەڕا و هەوڵی دا کە دوژمنەکانی بدۆزێتەوە، بۆ ماوەی چەندین ساڵ هەر بە دوایانەوە بوو، سەری سپی بوو و وزەشی پێ نەمابوو، بەڵام لە کۆتاییدا ئارامییەکی بەرهەمی هەبوو و ئەوانی دۆزییەوە. (دریبەر) و (ستانگرسن) لە "کلیڤلاند - ئۆهایۆ" بوون، (هۆب) بەمە زۆر دڵخۆش بوو، ئەمە مانای ئەوە بوو کە لە کۆتاییدا دەتوانێت تۆڵەی خۆیانی لێ بکاتەوە. (هۆب) بۆ ماوەیەک چاودێری ئەوانی کرد و زانی کە لە کوێ نیشتەجێبوون، ڕۆژێکیان (هۆب) زۆریان لێ نزیک بۆوە، ئەمەش وایکرد کە (دریبەر) ئەو ببینێت، (دریبەر) خێرا ڕایکرد و (ستانگرسن)ی لەگەڵ خۆی بەرەو ئێستگەی پۆلیس برد، لەوێ سکاڵایان لەسەر (هۆب) تۆمار کرد و گوتیان کە ئەو دەیهەوێت ئەوان بکوژێت، ئەویش بە هۆی ڕکابەرایەتییەکی کۆن لەسەر هاوسەرگیری! دواتر پۆلیس (هۆب)ی قۆڵبەست کرد و ئەوانیش ڕایان کرد، (هۆب) بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک لە زیندان مایەوە، بەڵام دواتر ئازاد کرا، کە ئازاد کرا، ئەوا ڕاستەوخۆ ڕۆیشت بۆ ئەو شوێنەی کە لێی دەمانەوە. بەڵام بۆی دەرکەوت کە ئەوان بەرەو ئەوروپا ڕایان کردووە. (هۆب) دووبارە تووشی بەربەستێکی تر بۆوە، بەڵام وەکو هەمیشە کۆڵی نەدا. ماوەیەک کاری کرد و پارەی کۆکردەوە تاکو بتوانێت پێی بڕوات بۆ "ئەوروپا" و لەوێ ڕاویان بنێت. لە ڕێگادا چەندین کاری ئەنجام دەدا تاکو بڕێک پارە پەیدا بکات، بەهەرحاڵ ئەو هەمیشە بە هەنگاوێک لە دواوەی دوژمنەکانییەوە بوو، کاتێک زانی کە ئەوان لە "سانت بیتسبرگ"ن، ئەوا ڕۆیشت بۆ ئەوێ، بەڵام ئەوان دواتر لەوێ ڕۆیشتن و

بەرەو "پاریس" بەڕێ کەوتن، دواتر بەرەو "کۆبنهاگن" ڕۆیشتن و لە کۆتاییشدا گەیشتنە "لەندەن."

با لێرە کۆتایی بەم ڕووداوانە بهێنێن و بچینەوە سەر گێڕانەوەی خودی (جۆن واتسن)ی ئازیز.

بەشی سێزدەیەم

بەردەوامی

وامزانی کە تاوانبارەکە ڕقی لە ئێمە دەبێتەوە بەوەی کە بەو شێوەیە قۆڵبەستمان کرد، بەڵام لە ڕاستیدا هیچ گازندەیەکی بەرامبەر ئێمە نەبوو. دوای ئەوەی کە زانی ناتوانێت ڕابکات، ئەوا ئارام بۆوە و زەردەخەنەی بۆ کردین، دواتر گوتی: هیوادارم لەم شەڕەدا ئێوەم بریندار نەکردبووبێت. دواتر ڕووی کردە (هۆڵمز) و گوتی: دڵنیام کە ئێستا بەرەو ئێستگەی پۆلیسم دەبەن، گالیسکەکەم لە دەرەوەیە، ئەم گوریسە بکەنەوە کە لە قاچەکانی منتان هاڵاندووە بۆ ئەوەی بۆ خۆم بڕۆم، دڵنیاتان دەکەمەوە کە کێشی من قورسە و بە ئاسانی ناتوانن من هەڵبگرن.

(لێستراد) و (گرێگسن) وایانزانی کە گاڵتە دەکات و تەنیا دەیهەوێت ئەوان هەڵبخەڵەتێنێت، بەڵام (هۆڵمز) پێشنیارەکەی ئەوی قبوڵ کرد و گوریسی سەر قاچەکانی کردەوە.

دوای ئەوەی گوریسەکەی لێ کردەوە، ئەوا تاوانبارەکە هەستا و قاچەکانی ڕاکشاند. شایەنی باسە کە تاکو ئێستا هیچ کەسێکم نەبینی بوو بە ئەندازەی ئەم پیاوە بەهێز بووبێت. دواتر تاوانبارەکە ڕووی کردە (هۆڵمز) و گوتی: تۆ شایەنی ئەوەیت کە ببیت بە سەرۆکی دەستەی پۆلیس، بەڕاستی جێی سەرسامییە کە چۆن توانیت من بدۆزیتەوە.

(هۆڵمز) ڕووی کردە دوو لێکۆڵەرەکە و گوتی: هیوادارم ئێوەش بۆ ئێستگەی پۆلیس بێن.

(لێستراد)یش گوتی: من گالیسکەکە لێ دەخوڕم.

(هۆڵمز)یش گوتی: زۆر باشە، (گرێگسن)یش دەتوانێت لەناو گالیسکەکە لەگەڵ ئێمە دانیشێت، دکتۆر... تۆش وەرە.

منیش بە خۆشحاڵییەوە ڕازی بووم، دواتر چووینەوە خوارەوە و تاوانبارەکەش بە هێمنی سواری گالیسکەکە بوو، هیچ هەوڵێکی بۆ ڕاکردن نەدا. بەهەرحاڵ (لێستراد)یش ڕۆیشتە سەر کوشنی شۆفێرەکە و گالیسکەکەی لێخوڕی، بە ماوەیەکی کەم گەیشتینە ئێستگەی پۆلیس، لەوێ ئەفسەرێک ناوی تاوانبارەکەی و ئەو دوو کەسەی کوشتوویەتی تۆمار کرد.

**ئەفسەرەکە بە شێوەیەکی زۆر سارد و سڕ ناوی ئەوی تۆمار دەکرد، دیاربوو کە لە کاری خۆی بێزارە، بەهەرحاڵ دواتر گوتی: پاش حەفتەیەک دەچیتە بەردەم دادوەر بەڕێز (هۆب)، ئایا هیچ شتێک هەیە کە بتەوێت بیڵێیت؟ ئاگاداریشت دەکەمەوە کە تەواوی قسەکانت تۆمار دەکرێت.**

**-زۆر شت هەیە کە دەمەوێت بیڵێم.**

**ئەفسەرەکە لێی پرسی: ئایا باشتر نییە کە دانپێدانانەکەت بۆ کاتی دادگاییکردن دوابخەیت؟**

**-نەخێر، نەخێر، چونکە لەوانەیە تاکو ئەو کات لە ژیاندا نەمێنم، مەترسن و خەمتان نەبێت، بیر لە خۆکوشتن ناکەمەوە.**

**دواتر سەیری منی کرد و گوتی: تۆ پزیشکیت، وایە؟**

**-بەڵێ.**

**دواتر بە زەردەخەنەوە گوتی: سنگم بپشکنە.**

**منیش وامکرد، کە پشکنیم ئەوا بۆم دەرکەوت کە لێدانەکانی دڵی نارێکن، قەفەزی سنگی دەلەرزی و دەنگێکی نامۆی لێوە دەهات. دواتر گوتم: ئای خوایە! تۆ نەخۆشی "کشانی دەماری"ت هەیە!**

**-بەڵێ، ئەمە ناوەکەیەتی، حەفتەی ڕابردوو چوومە لای پزیشکێک و پێی گوتم کە دڵم خەریکە دەتەقێت (جەڵتە لێی دەدات). ماوەی ساڵەهایە ئەم نەخۆشییەم هەیە، بە پێی کاتیش تەندروستیم خراپتر دەبوو، هۆیەکەشی بۆ ئەو کاتانە دەگەڕێتەوە کە لە شاخەکانی "سۆلت لەیک" ماندوو دەبووم و خواردنیشم باش نەبوو.**

**ئەوەی ویستم ئەنجامم دا و هیچیش پەشیمان نیم، بەڵام پێش ئەوەی بمرم دەمهەوێت هۆکاری کوشتنی ئەو چەپەڵە بڵێم، نامەوێت خەڵک وا تێبگات کە من وەکو بکوژەکانی ترم.**

**دوو لێکۆڵەرەکە تووشی دەمەقاڵێ بوون بەوەی کە ئایا ڕێگەی پێ بدەن دانپێدانان بکات یاخود نا؟**

**دواتر ئەفسەرەکە لێی پرسیم: دکتۆر، ئایا حاڵەتەکەی مەترسیدارە؟**

**-بەڵێ.**

**ئەفسەرەکەش گوتی: کەوایە با ڕێگەی پێ بدەین کە باسی چیرۆکەکەی بکات، بەڵام دووبارە ئاگادارت دەکەمەوە بەڕێز (هۆب) کە تەواوی قسەکانت تۆمار دەکرێت.**

**تاوانبارەکەش گوتی: زۆر باشە، بەڵام پێویستە دانیشم، چونکە ئەم نەخۆشییە زۆر ماندووم دەکات، هەروەها ئەو شەڕەی کردیشمان تەندروستی منی خراپتر کرد. ئەوە بزانن کە من خەریکە دەمرم، بۆیە دڵنیابن کە بە ڕاستگۆیانە باسی چیرۆکەکەم دەکەم.**

**دواتر (هۆب) لەسەر کورسییەک دانیشت و بە شێوەیەکی هێمنانە دەستی کرد بە گێڕانەوەی چیرۆکەکەی.**

**(هۆب) گوتی: پێویست ناکات بە وردی بۆتان باسی ئەوە بکەم کە بۆچی ڕقم لەو دوو پیاوە بوو، هەر ئەوەندە دەڵێم کە ئەو دووانە هۆکاری مەرگی دوو کەس بوون، پیاوێک و کچەکەی. دوای ئەو هەموو ماوە زۆرە مەحاڵ بوو کە بتوانرێت ئەو دووانە دادگایی بکرێن، بۆیە بڕیارمدا کە خۆم دادگاییان بکەم و لەسێدارەیان بدەم، هەر یەکێکیش لە ئێوە لە جێی من بووبا و پیاوەتی هەبووبا، ئەوا هەمان کاری ئەنجام دەدا.**

**ئەو کچەی باسی دەکەم پێش 20 ساڵ خەریک بوو هاوسەرگیری لەگەڵ من بکات، بەڵام دواتر ناچار کرا کە هاوسەرگیری بە (دریبەر)ی چەپەڵ بکات، بە هۆی ئەمەوە کچەکە دڵی شکا و لە داخی خەم و خەفەت مرد. پاش مەرگی، ئەو ئەڵقەی سەر پەنجەییم لێ کردەوە و بڕیارمدا کە لە ساتی مەرگی ئەو دووانەدا نیشانیان بدەم تاکو بزانن کە بۆچی دەیانکوژم.**

**دواتر دەستم کرد بە ڕاونانیان و بە دوو کیشوەردا بە دویان کەوتم، وایانزانی کە لە دەستی من ڕزگاریان دەبێت، بەڵام هەڵەبوون بەوەی کە ئەوانم دۆزییەوە و هەردووکیانم کوشت. شایەنی باسە کە ئەو دووانە دەوڵەمەند بوون و منیش هەژار بووم، بۆیە ڕاونانیان کارێکی ئاسان نەبوو. کە هاتم بۆ شاری "لەندەن"، ئەوا بە تەواوی مایەپووچ بووم، بۆیە بڕیارمدا کە لێرە کار بکەم تاکو پارە پەیدا بکەم. کاری شۆفێری گالیسکەم هەڵبژارد بەوەی کە پێشووتر ئەم کارەم کردبوو، کارێکی زۆر ئاسان بوو، بەهەرحاڵ ڕۆیشتم بۆ نووسینگەیەکی بەکرێ گرتنی گالیسکە و لەوێ داوای کاری شۆفێریم کرد، زوو وەرگیرام. پارەی حەفتانەم بە سەرۆکەکەم دەدا، ئەوەی دەشمایەوە بە منی دەدا، پارەیەکی کەم بوو، بەڵام کێشەم نەبوو. قورسترین شت بریتی لە لەبەرکردنی ڕێگا و شوێنی میوانخانەکان، تاکو ئێستا هیچ شوێنێکم نەبینیوە کە بە ئەندازەی شاری "لەندەن" لە ڕووی ڕێگاوبانەوە ئاڵۆز بێت! بەڵام هەمیشە نەخشەیەکم لە لای خۆم دادەنا، لە کۆتاییشدا شوێنی میوانخانە سەرەکییەکان و ئێستگەی شەمەندەفەرەکانم لەبەر کرد، ئەمەش وایکرد کە بتوانم لە کارەکەمدا سەرکەوتووبم.**

**ماوەیەک شوێنی ئەو دووانەم ونکرد، بەڵام دواتر شوێنی ئەوانم دۆزییەوە. ئەوان لە میوانخانەیەکی بچووکی سەر بە ناوچەی "کامرۆیل" نیشتەجێ بوو بوون. زانیم کە ئێستا لە بەردەستی مندان و ڕزگاریان نابێت، هەروەها منیشیان نەدەناسییەوە بەوەی کە ڕیشێکی زۆرم هێشتۆتەوە، بۆیە زانیم کە لێرە کۆتایی بە ژیانی ئەوان دێنم. بۆ هەموو شوێنێک بە دوایان دەکەوتم، جاری واهەبوو بە گالیسکەکەم بە دوایان دەکەوتم و جاری واش هەبوو بە پێ بە دوایان دەکەوتم، بە گالیسکەکەوە باشتر بوو بەوەی کە نەیاندەتوانی لە دەستی من ڕابکەن. دوای ئەوەی ئەوانم دۆزییەوە، ئەوا تەنیا بەیانی زوو یاخود بە درەنگانی شەو کارم دەکرد، ئەمەش بوو بە هۆکاری ئەوەی کە لە پێدانی پارەی سەرۆکەکەم دوابکەوم، بەڵام لام گرنگ نەبوو، چونکە تەنیا گرنگیم بەو دووانە دەدا. ئەو دووانە زۆر زیرەک بوون، گومانیان لەوە کردبوو کە کەسێک بە دوایان دەکەوێت، هۆکارەکەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە هەرگیز بە تەنیا نەدەچوونە دەرەوە و هەرگیزیش دوای کاتی نیوەشەو لە میوانخانەکە نەدەڕۆیشتن. بۆ ماوەی دوو حەفتە چاودێری ئەوانم کرد و بۆ ساتێکیش لێک جیانەبوونەوە، (دریبەر) زۆربەی کات سەرخۆش بوو، بەڵام (ستانگرسن) هەمیشە بە ئاگا بوو، بەهەرحاڵ لەو کاتەدا بۆم نەگونجا کە هێرشیان بکەمە سەر، بەڵام نائومێدیش نەبووم. شەوێکیان لە شەقامی "تۆرکای تراس" (ئەو شوێنەی کە ئەوان لێی نیشتەجێ بوو بوون) چاودێری ئەوانم دەکرد، پاش ماوەیەک تێبینی گالیسکەیەکم کرد کە لە بەردەم دەرگای میوانخانەکە وەستاوە، شۆفێرەکە دەڕۆیشتە ژوورەوە تاکو جانتا و کەلووپەلی تر لەناو گالیسکەکەی باوێت، دواتر (دریبەر) و (ستانگرسن) هاتنە دەرەوە و سواری گالیسکەکە بوون و ڕۆیشتن. لەو کاتەدا منیش**

سەرکەوتمە سەر گالیسکەکەم و وام لە ئەسپەکە کرد کە خێرا بڕوات تاکو ئەوان لەدەست نەدەم. دواتر ئەوان لە ئێستگەی شەمەندەفەری "ئیستن" دابەزین و دواتر دەربارەی کاتی ڕۆیشتنی ئەو شەمەندەفەرەیان پرسی کە بەرەو "لیڤەرپول" دەڕۆیشت، یەکێک لە کارمەندەکانی ئەوێ وەڵامیان دایەوە و گوتی: کەمێک پێش ئێستا شەمەندەفەرێک بەرەو ئەوێ بەڕێکەوت، شەمەندەفەرەکەی تر تاکو چەند کاتژمێرێکی تر بەرێ ناکەوێت. ئەم هەواڵە (ستانگرسن) زۆر بێزارد کرد، بەڵام (دریبەر) دڵخۆش بوو، دواتر لەناو قەرەباڵغیدا لێیان نزیک بوومەوە و گفتوگۆی ئەوانم بیست.

(دریبەر) دەیگوت کە بۆ ماوەیەکی کەم پێوستە بڕوات تاکو کارێک ئەنجام بدات، (ستانگرسن)یش دەیگوت کە نابێت یەکتری جێبێڵن و ئەمە مەترسیدارە. نەمبیست کە وەڵامی (ستانگرسن) بۆ ئەم بڕیارەی (دریبەر) چی بوو، بەڵام بینیم کە (دریبەر) بە قسەکانی ئەو زۆر توڕە بوو و پێی گوت کە ئەو تەنیا سکرتێرێکە و مافی ئەوەی نییە کە خۆی لە کاروباری ئەو تێهەڵقورتێنێت. (ستانگرسن) پێی گوت کە ئەگەر بە شەمەندەفەرەکە نەگەیشت، ئەوا با بچێت بۆ میوانخانەی "هۆلیدەیز" و ئەویش لەوێ چاوەڕێی دەکات، (دریبەر)یش دڵنیای کردەوە کە بۆ کاتژمێر 11 دێتەوە بۆ ئێستگەکە، دوای ئەم قسانە (دریبەر) ڕۆیشت. ئەو ساتە هات کەساڵەها بوو چاوەڕێم دەکرد، لە کۆتاییدا لێک جیابوونەوە و چیتر ناتوانن یەکتری بپارێزن، زانیم کە ئەم جارە دەربازیان نابێت. پلانێکم کێشا تاکو بیانکوژم، ویستم پێش ئەوەی بمرن، ئەوا بزانن کە بۆچی دەمرن، بۆیە هەموو شتێکم ڕێکخست. چەند ڕۆژێک پێش ئەم ڕووداوانە کرێکارێک کە کاری لە شەقامی "بریکستن" دەکرد، کلیلی ماڵێکی بەتاڵی لەناو گالیسکەی مندا لێ ون بوو، دواتر داوای کردەوە و منیش پێم دایەوە، بەڵام پێش ئەوەی پێی بدەمەوە، ئەوا کلیلێکی هاوشێوەم لێ دروستکرد، بەم شێوەیە لەم شارە گەورەدا شوێنێکم هەبوو تاکو بۆی بچم و هیچ کەسێکیش نەتوانێت ڕێگریم لێ بکات، بەڵام دواتر بیرم کردەوە کە چۆن (دریبەر) بۆ ئەوێ ببەم؟

بەهەرحاڵ دوای ئەوەی (دریبەر) ئێستگەکەی جێهێشت، ئەوا بەرەو مەیخانەیەک ڕۆیشت و نیو کاتژمێر لەوێدا مایەوە، کە هاتە دەرەوە، ئەوا بە تەواوی سەرخۆش بوو بوو. دواتر سواری گالیسکەیەک بوو و بەرەو شوێنێک بەڕێکەوتن، منیش بە دوایان کەوتم. کە گەیشتینە شوێنی مەبەست، ئەوا بۆم دەرکەوت کە گەڕاوەتەوە بۆ ئەو شوێنەی کە پێشووتر لێی نیشتەجێ بوو بوو! دواتر لە گالیسکەکە دابەزی و گالیسکەکەش ڕۆیشت، منیش گالیسکەکەم لە بەردەم میوانخانەکە ڕاگرت و چاوەڕێی هاتنە دەرەوەی ئەوم کرد.

(هۆب) لەپڕ لە قسەکردن وەستا و گوتی: تکایە کەمێک ئاوم پێ بدەن، قورگم وشک بووە.

منیش ئاوم پێدا و خواردییەوە، دواتر گوتی: با دەست بکەمەوە بە گێڕانەوەی چیرۆکەکە، بۆ ماوەی 15 خولەک یان زیاتر لەوێ وەستام و دواتر لەپڕ گوێم لە دەنگی شەڕ بوو کە دیاربوو لەناو میوانخانەکەوە دەنگی دەهات، لەو ساتەدا دوو پیاو هاتنە دەرەوە، یەکێکیان (دریبەر) بوو و ئەوی تریش گەنجێک بوو کە پێشووتر نەمبینی بوو. بینیم کە گەنجەکە شەقێکی توندی لە (دریبەر) دا و فڕێیدایە سەر شەقامەکە، دواتر بە دەنگێکی بەرزەوە هاواری کرد و گوتی: هەی چەپەڵ! سوێند بەخوا دەتکوژم بەوەی کە ویستووتە دەستدرێژی بکەیتە سەر کچێکی بە شەرم!

دواتر (دریبەر) لە دەستی ئەو ڕایکرد و بەرەو گالیسکەکەی من هات، خێرا سواری گالیسکەکەم بوو و گوتی: هەر ئێستا بمبە بۆ میوانخانەی "هۆلیدەیز!"

لەو ساتەدا خەریک بوو لە خۆشیان دڵم بتەقێت، لە کۆتاییدا ئەوم گرت و چیتر نەیدەتوانی دەربازی بێت. دواتر بیرم لەوە کردەوە کە لە کوێ بیکوژم، سەرەتا ویستم بیبەم بۆ ناوچە گوندنشینەکان و لەوێ ڕوحی لە جەستە جیابکەمەوە، بەڵام لەوە پەشیمان بوومەوە و بیرم لە شوێنێکی تر کردەوە. بەهەرحاڵ دوای ماوەیەکی کەم داوای کرد کە لە مەیخانەیەک بوەستین، منیش وامکرد و دواتر ڕۆیشتە ناو مەیخانەکە، تاکو کاتی داخران لەوێ مایەوە، کە هاتە دەرەوەش، ئەوا زیاتر سەرخۆش بوو، ئەمە کاری منی ئاسانتر کرد.

تکایە وامەزانن کە بە شێوەیەکی دڕندانە ویستوومە بیکوژم، هەرچەندە ئەگەر وامکردبا، ئەوا دادپەروەری بەرپا دەبوو. پێشووتر کاتێک لە "ئەمریکا" بووم، ئەوا یەکێک لەو کارانەی کە ئەنجامم دەدا بریتی بوو لە کاری داردەستی لە یەکێک لە تاقیگەکانی زانکۆی "یۆرک"، ڕۆژێکیان مامۆستایەکی ئەو بەشە باسی هەندێک لە "ماددەی قولوی" دەکرد کە پێکهاتەکانی لە چەند ڕووەکێکی کیشوەری "ئەمریکا"ی باشوور دەرهێنابوو، ئەوە ژەهر بوو، بە ڕادەیەک بەهێز بوو کە بڕێکی کەم لێی ڕاستەوخۆ دەیتوانی کۆتایی بە ژیانت بهێنێت.

دەمزانی کە ئەو مامۆستایە ژەهرەکەی لە کوێ داناوە، بۆیە ڕۆژێکیان کە هەمووان ڕۆیشتن، ئەوا هەندێکم لەو "ماددە قولوی"یانە برد، شایەنی باسیشە کە کارمەندێکی نۆرینگەی بە توانا بووم، بۆیە توانیم ئەو ژەهرە لەناو کۆمەڵە حەبێکی ڕوون باوێم کە زوو دەتوێنەوە، چوار حەبی وام درووستکردن، دوو دانە ژەهریان تێدا نەبوو و دوو دانەی تریش ژەهریان تێدابوو، بۆیە ئەمەشم کرد چونکە ویستم لەگەڵ هەر یەکێکیان منیش حەبێک بخۆم، جا ژەهراوییەکە بێت یاخود نا، ئەوا لام گرنگ نەبوو، چونکە بڕوام وابوو کە ئەمە دادپەروەری ڕاستەقینەیە. بەهەرحاڵ ئەو کاتە کاتژمێر نزیکی "1"ی شەو بوو، شەوێکی باراناوی بوو، ڕەشەبایەکی توند لە خانووەکانی دەدا و کەش و هەواش زۆر سارد بوو، سەرەڕای ئەوەی کە کەشێکی ناخۆش بوو، بەڵام زۆر دڵخۆش بووم. ئەگەر یەکێک لە ئێوە لە جێی من بووبا و بۆ ماوەی 20 ساڵ

چاوەڕێی هاتنە دی شتێکی کردبا، ئەوا ئێستا لە هەستی من تێدەگەیشت، لەوە تێدەگەیشت کە چەندە بەجۆش و دڵخۆش بووم! لەو ساتە خۆشەدا ڕوحی (فریر) و (لوسی)م بینی کە زەردەخەنەیان بۆ دەکردم، دەمزانی کە ئەم تۆڵەسەندنەوەیە ئەوان دڵخۆش دەکات! بەهەرحاڵ کاتێک گەیشتینە لای خانووە چۆڵەکە، ئەوا سەیری (دریبەر)م کرد و بینیم کە خەوتووە، دواتر ئەوم لە خەو هەستاند و گوتم: گەیشتووینەتە شوێنی مەبەست.

دواتر بێ گوتنی هیچ شتێک دابەزی، دیاربوو کە وایزانی بوو بۆ میوانخانەکەم بردووە. دواتر دەستی بە ڕۆیشتن کرد، بەڵام خەریک بوو بە هۆی سەرخۆشییەوە بکەوێت، بۆیە قۆڵم گرت و یارمەتیم دا تاکو بەرەو خانووەکە بچێت، دواتر گەیشتینە لای دەرگایەکە و کردمەوە و بۆ ژووری سەرەکی ڕێنوێنیم کرد. سوێند بە خودا لەو ساتەدا ڕوحی (فریر) و (لوسی)م بینی کە بە زەردەخەنەوە بە بەردامماندا دەڕۆیشتن. دواتر (دریبەر(

گوتی: ئێرە زۆر تاریکە.

-خەمت نەبێت، ئێستا ڕووناکی پێ دەکەم. دواتر مۆمێکم داگیرساند کە لەگەڵ خۆمم هێنابوو، کە پێم کرد، ئەوا ڕووم کردە ئەو و گوتم: (ئینۆش دریبەر)... ئایا من دەناسیتەوە؟

دواتر بە وردی سەیری کردم، لەپڕ تۆقی، ئەمەش مانای ئەوە بوو کە ناسییەوە. دواتر بە ترسەوە کشایەوە دواوە و پێستی سپی هەڵگەڕا، کە ئەم دیمەنەم بینی، ئەوا پشتم بە دەرگایەکەوە بەست و زۆر پێکەنیم. هەمیشە دەمزانی کە تۆڵەسەندنەوەکەم خۆش دەبێت، بەڵام پێشبینی ئەوەم نەدەکرد کە بەم ڕاددەیە چێژی لێ وەربگرم. دواتر گوتم: هەی سەگ! لە "سۆڵت لەیک"ەوە بە دوای تۆ کەوتبووم، لە کۆتاییدا تۆم دۆزییەوە! با ئەوەت پێ بڵێم کە سبەی یەکێکمان چیتر تیشکی خۆر نابینێت. (مەبەستی ئەوەیە کە یەکێکیان دەمرێت).

(دریبەر) بە تەواوی تۆقی بوو و نەیدەزانی کە چی بکات، واش سەیری منی دەکرد وەکو ئەوەی کە شێت بووبم! لەو کاتەدا دەمارەکانی سەرم دەرهاتبوون و خەریک بوو جەڵتە لێم بدات، بەڵام سوپاس بۆ خوا تەنیا خوێنم بە لووت داهات، ئەمەش وایکرد کە پەستانی سەر سەرم کەم ببێتەوە. دواتر دەرگایەکەم داخست و گوتم: ئێستا (لوسی فریر)ت پێ چۆنە هەی سەگ؟ زۆرم پێ چوو تاکو بە تۆ گەیشتم، بەڵام لە کۆتاییدا هەر تۆم دۆزییەوە. (دریبەر) دەیزانی کە بەزەیی بەرامبەر نانوێنم، بۆیە نەپاڕایەوە، بەڵام دواتر بە ترسێکی زۆرەوە گوتی: ئایا دەمکوژیت؟

**-ناتکوژم، کێ دەیەوێت سەگێکی چەپەڵی وەکو تۆ بکوژێت؟! بەڵام بەزەییشت بەرامبەر نانوێنم. ئایا بەزەییت بەرامبەر ئەو کچە داماوە نواند کاتێک لەگەڵ (ستانگرسن) باوکی ئەوتان کوشت و دواتر بە زۆرەملێ ناچارت کرد کە هاوسەرگیریت لەگەڵدا بکات؟**

**(دریبەر)یش بە دەنگێکی بەرزەوە گوتی: ئەوە من نەبووم کە باوکی ئەوم کوشت، بەڵکو (ستانگرسن) بوو!**

**منیش بەم قسەیە زۆر توڕە بووم و گوتم: بەڵام ئەوە تۆ بوویت کە دڵی ئەوت شکاند هەی بێ نرخ! بەهەرحاڵ ئێستا دادپەروەری بەرپا دەبێت، یەکێک لەم دوو حەبانە بخۆ، دانەیەکیان ژەهرە و ئەوەی تریش بێ زیانە، منیش دانەیەک دەخۆم، ئەوەی مردیش... ئەوا بزانە کە خودا بڕیاری خۆی داوە و دادپەروەری ڕاستەقینە بەرپا بووە. دواتر ئەو بە ترسەوە بەرەو دەرگایەکە ڕایکرد و بە هاوارەوە داوای یارمەتی کرد، منیش چەقۆیەکەم هێنا و لەسەر ملیم دانا، ناچارم کرد کە دانەیەک بخوات، منیش دانەیەکم خوارد و دواتر چاوەڕێی ئەوەمان دەکرد کە بزانین کێ دەمرێت. پاش ماوەیەکی کەم زانیم کە ئەو ژەهرەکەی خواردووە، ئەمەش بە هۆی ئەوەی کە تووشی ئازارێکی لەپڕ و زۆر بوو، لەو ساتەدا زانیم کە ژەهرەکە بە دەمارەکانیدا دەڕوات و وا مردنێکی پڕ لە ئازار دەچێژێت. بەمە زۆر دڵخۆش بووم و دواتر زۆر پێکەنیم، دواتر ئەڵقەی (لوسی)م نیشان دا تاکو بزانێت کە بە هۆی چییەوە ئاوا دەمرێت. شایەنی باسە کە زوو مرد بەوەی کە کاریگەری ژەهرەکە زۆر خێرابوو، دواتر دەستم لەسەر دڵی دانا و هەستم بە لێدانەکانی دڵی نەکرد، ئەو مرد بوو. شایەنی باسە کە سەرەتا تێبینی ئەوەم نەکردبوو کە لووتم خوێنی پێداهاتووە، بەهەرحاڵ دواتر بیرۆکەیەکم بۆ هات، بە خوێنەکە وشەیەکی ئەڵمانیم لەسەر دیوارەکە نووسی، پێش چەند ساڵێک لە "نویۆرک" ئەڵمانییەک کوژرابوو، وشەی "تۆڵەسەندنەوە"ی ئەڵمانی لەسەر جەستەی نووسرابوو، بۆیە بیرم کردەوە ئەگەر ئەمە سەری لە پۆلیسەکانی "نویۆرک" شێواندبێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە سەر لە پۆلیسەکانی "لەندەن"یش دەشێوێنێت. دواتر جگەرەیەکم پێ کرد و چێژم لەم سەرکەوتنەم بینی، پاش ماوەیەکیش لە خانووەکە چوومە دەرەوە و ڕۆیشتم بۆ لای گالیسکەکەم، بە هۆی ئەوەی کە کات درەنگ بوو و کەش و هەواش زۆر ناهەموار بوو، ئەوا هیچ کەسێکم لە دەرەوە نەبینی. خەریک بوو لەوێ بڕۆم... بەڵام لەو کاتەدا دەستم خستە ناو باخەڵەکەم و تێبینیم کرد کە ئەڵقەکەم ون کردبوو، بەمە زۆر تێکچووم، چونکە ئەو ئەڵقەیە تاکە یادەوەرییەکی (لوسی) بوو کە پێم مابووبێت. گوتم لەوانەیە لەسەر لاشەی (دریبەر)مدا کەواندبێت، بۆیە گەڕامەوە تاکو هەڵی بگرمەوە. کە گەڕامەوە بۆ لای خانووەکە، ئەوا چاوم بە پۆلیسێک کەوت کە لەوێ بوو، بۆ ئەوەی گومانم لێ نەکات، ئەوا وا خۆم دەرخست کە سەرخۆشم، دواتریش لەوێ ڕۆیشتم. بەم شێوەیە کۆتاییم بە ژیانی (ئینۆش دریبەر) هێنا، دواتر سەرەی (ستانگرسن) بوو تاکو بیکوژم و بە تەواوی تۆڵەی (فریر) و (لوسی) کچی**

بکەمەوە. دەمزانی کە لە میوانخانەی "هۆلیدەیز"ە، بۆیە بۆ ڕۆژی دواتر چاودێریم کرد و چاوەڕێم کرد تاکو بێتە دەرەوە، بەڵام نەهاتە دەرەوە، دیاربوو کە هەستی بە مەترسی کردبوو، شایەنی باسیشە کە (ستانگرسن) هەمیشە کەسێکی وریابوو. وایزانی بوو کە ئەگەر نەیەتە دەرەوە، ئەوا هیچی بەسەر نایەت، بەڵام هەڵەبوو. هەر زوو زانیم کە کام پەنجەرە سەر بە ژوورەکەیەتی، دواتر لە ڕێگەی پلیکانەکانی پشتەوە توانیم بچمە سەرەوە، دواتریش لە ڕێگەی پەنجەرەکەوە چوومە ژووری ئەو، شایەنی باسە کە ئەو کاتە بەیانییەکی زوو بوو، هێشتا لە خەودا بوو، بۆیە لە خەوم هەستاند و پێم گوت کە هاتووم تاکو تۆڵەی خۆم بکەمەوە. بۆم باسی ئەوە کرد کە چۆن (دریبەر)م کوشت، هەمان ئەو هەڵبژاردەیەشم بەو دا کە بە (دریبەر)م دا، بەڵام لەجیاتی ئەوەی قبوڵی بکات و بەختی خۆی تاقی بکاتەوە، ئەوا بازیدایە سەرم و ویستی بە دەستەکانی بمخنکێنێت، بەڵام سوودی نەبوو بەوەی کە خێرا چەقۆیەکم لە دڵی دا. بەهەرحاڵ ئەگەر حەبەکەشی خواردبا، ئەوا هەر دەمرد، چونکە خودا ڕێگا نادات کە کەسانی تاوانباری وەکو ئەو لە تاوانەکانیان ڕزگاریان بێت. دوای ئەوەی تۆڵەی خۆم کردەوە، ئەوا خێرا لەوێ ڕۆیشتم، بڕیارم دا کە بە شێوەیەکی ئاسایی بگەڕێمەوە سەر کارەکەم و بڕە پارەیەک پەیدا بکەم تاکو بتوانم پێی بچمەوە بۆ "ئەمریکا" (ئەوە ئەگەر نەخۆشییەکەم تاکو ئەو کاتە منی نەکوشتبا). بەهەرحاڵ پاش ماوەیەک کوڕێک کە پۆشاکێکی کۆنی لەبەردابوو داوای ئەوەی لێ کردم کە بێم بۆ ئێرە و شتومەکەکانی بۆ هەڵبگرم، منیش بێ ئەوەی بزانم چی ڕوودەدات، ئەوا هاتم بۆ ئێرە و دواتر قۆڵبەست کرام.

بەهەرحاڵ بەڕێزان، ئەمە چیرۆکی منە، لەوانەیە بڵێن کە من بکوژێکم و تەواو، بەڵام لە ڕاستیدا من ئەو کەسە بووم کە دادپەروەریم بەرپا کرد.

چیرۆکی ئەم پیاوە زۆر جێی سەرنج بوو، بە شێوەیەک باسی چیرۆکەکەی دەکرد کە وایکرد هەمووومان بە بێدەنگی و سەرنجەوە گوێی بۆ بگرین، تەنانەت (لێستراد) و (گرێگسن)یش کە ماوەی ساڵەهایە تاوانباران قۆڵبەست دەکەن و لەسەر دانپێدانانی تاوانباران ڕاهاتوون، ئەوا وەکو ئێمە گوێیان گرت. دوای ئەوەی کە لە چیرۆکەکەی تەواو بوو، ئەوا هەمووومان بۆ ساتێک بێدەنگ بووین، دواتر (هۆڵمز) ئەم بێدەنگییەی شکاند و گوتی: تەنیا دەمەوێت یەک شت بزانم، ئایا ئەو هاوکارەت کێ بوو کە لە وەرگرتنەوەی ئەڵقەکە یارمەتی دایت؟

تاوانبارەکە بە شێوەیەکی گاڵتەئامێزانە گوتی: ئامادەم تەواوی نهێنییەکانی خۆمت پێ بڵێم، بەڵام هەرگیز باسی شتێک ناکەم کە کەسێکی تر تێوەبگلێنێت. کاتێک سەیری ئاگادارییەکەم کرد، ئەوا بیرم کردەوە کە لەوانەیە تەڵە بێت، بۆیە لەو کاتەدا هاوڕێیەکم گوتی کە یارمەتیم

دەدات تاکو ئەڵقەکەم بۆ بگەڕێنێتەوە، شایەنی باسیشە کە کارەکەی بە شێوەیەکی زیرەکانە ئەنجام دا.

(هۆڵمز)یش بە دڵخۆشییەوە گوتی: بە دڵنیاییەوە!

دواتر ئەفسەرەکە گوتی: بەڕێزان، ئێستا بە پێی یاسا پێویستە ئەم تاوانبارە بخەمە زیندانەوە، ڕۆژی پێنج شەممەش دەخرێتە بەردەم دادوەر و ئێوەش پێویستە ئەو کات لەوێ بن، تاکو ئەو کاتە ئەم تاوانبارە لەژێر بەرپرسیارییەتی مندایە.

دواتر ئەفسەرەکە بانگی دوو پۆلیسی کرد تاکو (هۆب) بەرەو زیندان ببەن، من و (هۆڵمز)یش بە گالیسکەیەک گەڕاینەوە بۆماڵەوە.

## بەشی چواردەیەم

## کۆتایی

دەبوایە بۆ ڕۆژی پێنج شەممە لە دادگا بووباین تاکو بەڵگەکان بخەینە ڕوو، بەڵام پێویستی نەکرد، چونکە (هۆب) ڕۆیشتە بەردەم دادوەر و دانی بە هەموو شتێک دانا، زۆر بەسەر حوکمەکەیدا نەچوو بەوەی کە بۆ ڕۆژی دواتر لە زیندانەکەیدا جەڵتەی لێدا و مرد، کاتێک سەیرمان کرد، ئەوا بینیمان کە بە زەردەخەنەوە مردووە، وەکو ئەوەی کە بە هۆی تۆڵەسەندنەوەکەیەوە ئاسوودە بوو بوو. بۆ شەو لەگەڵ (هۆڵمز) لەسەر ئەم بابەتە گفتوگۆمان کرد و (هۆڵمز) گوتی: دڵنیام کە (لێستراد) و (گریگسن) بە هەواڵی مەرگی ئەو زۆر ناڕەحەتن، ئێستا ئەوان چۆن دەتوانن لە ڕۆژنامەکاندا بێ بوونی ئەو باسی خۆیان بکەن؟

-بەڵام ئەوان هیچ ڕۆڵێکیان لە قۆڵبەستکردنی تاوانبارەکەدا نەبوو.

(هۆڵمز) بە بێزارییەوە گوتی: لەم ژیانەدا گرنگ نییە کە چیت کردووە، ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە وا لە خەڵک بکەیت بڕوا بکەن کە تۆ چیت کردووە. دواتر کەمێک بێدەنگ بوو، بەڵام پاش ماوەیەکی کەم بە پێکەنینەوە گوتی: بەهەرحاڵ گرنگی بەوە مەدە، ئەم دۆسیەیە زۆر چێژ بەخش بوو، هەرچەندە ئاسان بوو، بەڵام هەندێک وردەکاری ناڕوونی هەبوو.

-ئەم دۆسیەیە ئاسان بوو؟!

(هۆڵمز) بە سەرسام بوونی من پێکەنی و گوتی: بە دڵنیاییەوە، من تەنیا لە ماوەی سێ ڕۆژدا بە چەند گریمانەیەک و بێ یارمەتی هیچ کەسێک توانیم بکوژەکە قۆڵبەست بکەم.

-ڕاست دەکەیت.

-پێشووتر بۆم باسی ئەوە کردیت کە شتە نامۆیەکان یارمەتیدەرن بۆ ئەوەی دۆسیەکە ئاسانتر بێت. ئەم جۆرە دۆسیانە پێویستیان بە "شیکردنەوەی پێچەوانە" هەیە، شێوازێکی زۆر ئاسان و بە سوودە، بەڵام خەڵک مەشقی لەسەر ناکەن. بۆ نموونە لە ژیانی ڕۆژانەدا کاتێک دەمانەوێت شتێک شیبکەینەوە، ئەوا بە پێی ڕیزبەندی ڕووداوەکانی شیدەکەینەوە و شێوازی پێچەوانەش فەرامۆش دەکەین. لەوانەیە لە کۆی 50 کەس 49 کەس بتوانێت "شیکردنەوەی ڕیزبەندی" ئەنجام بدات، بەڵام لەو 50 کەسە تەنیا یەک کەس دەتوانێت "شیکردنەوەی بیرسایی" ئەنجام بدات.

-لێت تێناگەم، مەبەستت چییە؟

-چاوەڕێی ئەوەم نەدەکرد کە بە خێرایی تێبگەیت، بەڵام هەوڵ دەدەم کە بە شێوەیەکی گونجاو بۆتی شیبکەمەوە. سەیرکە... ئەگەر بۆ زۆربەی کەسەکان باسی ڕووداوێک بکەیت و ڕیزبەندی ڕووداوەکەیان پێ بڵێیت، ئەوا بە وردی دەتوانن دەرەنجامەکەی (کۆتایی) بزانن، چونکە ئەوان بە پێی ڕیزبەندی ڕووداوەکان دەزانن کە لە کۆتاییدا چی ڕوودەدات. بەڵام کەسانێکی کەم هەن کە بە پێچەوانەوە بن، بۆ نموونە کەم کەس هەیە کە سەرەتا بتوانێت ئەنجامی (کۆتایی) شتێک بزانێت و دواتریش بە بوونی ڕیزبەندی ڕووداوەکان بزانێت، مەبەستم لە "شیکردنەوەی پێچەوانە" ئەمەیە.

-ئێستا تێگەیشتم.

-ئەم دۆسیەیە لەو جۆرە بوو کە سەرەتا ئەنجامەکەی دەزانیت و دواتریش پێویستە ڕیزبەندی ڕووداوەکان بزانیت. ئێستا با بۆت باسی هەنگاوەکانی "شیکردنەوەی بیرسایی" بکەم. با لە سەرەتاوە دەست پێبکەین... وەکو بیرتە کە من بە پێ لە ماڵەکە نزیک بوومەوە، دواتر شەقامەکەم پشکنی و بۆم دەرکەوت کە شەو گالیسکەیەک لەوێ بووە، زانیم کە گالیسکەیەکی بەکرێگیراو بوو بەوەی کە مەودای نێوان تایەکان زۆر تەسک بوو، گالیسکە بەکرێگیراوەکان پانیان لە گالیسکە تایبەتەکان کەمترە. بەهەرحاڵ ئەمە یەکەم شت بوو کە زانیم، دواتر بە درێژایی ڕێڕەوی باخچەکەدا ڕۆیشتم و تێبینیم کرد کە زەمینەکە پێکهاتبوو لە "خۆڵی قوڕین"، قوڕێکە کە بە ئاسانی شوێن پێی خەڵکت نیشان دەدات. دڵنیام کە تۆ تەنیا

قوڕێکی ئاساییت بینی بوو، بەڵام بۆ من زۆر گرنگ بوو بەوەی کە شوێن پێیەکانی نیشان دەدەم، هونەری پشکنینی شوێن پێ یەکێکە لە گرنگترین جۆرەکانی پشکنین، کەچی پشتگوێ خراوە، بەڵام من گرنگییەکی تایبەتم پێیداوە، بۆیە ئێستا لەم بوارەدا زۆر شارەزام. لەوێ شوێن پێی پۆلیسەکەم بینی، بەڵام پێش ئەو دوو کەسی تریش بەوێدا هاتبوون، بۆیە ئەمەش دەڵێم چونکە شوێن پێی ئەوان بە تەواوی چەقێنرابوو، هەروەها شوێن پێی تریشیان بەسەردا هاتبوو. بەم شێوەیە زانیم کە دوو کەس بەوێدا هاتوون، یەکێکیان باڵای بەرز بوو (ئەمەم بە پێی درێژی هەنگاوەکانی زانی)، ئەوی تریش یەکێکی جوانپۆش بوو (ئەمەم لە ڕێگەی شوێن پێی پێڵاوەکانی زانی، دیاربوو کە پێڵاوەکانی گرانبەها بوون بەوەی کە پاشماوەکەی بریتی بوو لە نەخشێکی جوان). بەهەرحاڵ دوای ئەوەی کە پیاوە جوانپۆشەکەم بینی، ئەوا زانیم کە پیاوە باڵا بەرزەکە ئەوی کوشتووە. کوژراوەکە هیچ برینێکی نەبوو، بۆیە دەبێت هۆکارێکی تر هەبووبێت تاکو پێی بمرێت، کاتێک بۆنی لێوەکانم کرد، ئەوا بۆنێکی تیژیان لێوە هات، بۆیە زانیم ناچارکراوە کە ئەو ژەهرە بخوات، ئەوەشم لە ڕێگەی ئەوە زانی کە لە کاتی مەرگیدا ڕووخساری بە هۆی ترسەوە بە تەواوی تێک چووبوو. پێدانی ژەهر بە کەسی کوژراو بە شێوەیەکی ناچاری شتێکی تازە نییە، بۆ نموونە دۆسیەی (دۆلسی) لە "ئۆدیسا" و (لیترییە) لە "مۆنتبلییە" لای شارەزایانی بواری ژەهر زۆر بەناوبانگە. ئێستا با بچینە سەر پرسیارە گرنگەکە... ئەم تاوانی کوشتنە بۆچی ئەنجام دراوە؟ مەبەست لەم تاوانە دزی نەبوو، کەوایە بۆ مەبەستێکی سیاسی بووە؟ یاخود لەبەر ئافرەتێک بووە؟

ئەم دوو پرسیارەم لە خۆم کرد، هەر لە سەرەتاوە سەرنجم ڕۆیشتە سەر پرسیاری دووەم، چونکە ئەو تاوانانەی کە مەبەستی سیاسی لە پشتە خێرا ئەنجام دەدرێن، کەسی بکوژ کارەکەی ئەنجام دەدات و خێرا ڕادەکات، بەڵام ئەم تاوانە بە شێوەیەکی ورد پلانی بۆ داڕێژرابوو، هەروەها بکوژەکە شوێن پێی لە تەواوی ماڵەکەدا هەبوو، ئەوەش مانای ئەوەیە کە بۆ ماوەیەک لەوێ ماوەتەوە، کەوایە دەبێت مەبەست لەم تاوانە تۆڵەسەندنەوە بووبێت. کاتێکیش کە نووسراوی سەر دیوارەکەم بینی، ئەوا خێرا زانیم کە ئەوە تەنیا بۆ سەر لێشێواندنە. دواتر کە ئەڵقەکەمان دۆزییەوە، ئەوا زانیم کە ئەم تاوانە پەیوەندی بە ئافرەتێکی مردووەوە هەیە و بکوژەکە ویستوویەتی تۆڵەی بۆ بکاتەوە. دواتر ئەگەر بیرت بێت، ئەوا لە (گریگسن)م پرسی کە ئایا لە نامەکەی بۆ ئێستگەی پۆلیسی ئەمریکی پرسیاری دەربارەی هەندێک شتی ناڕوونی (دریبەر) کردووە؟ ئەویش گوتی نەخێر. بەهەرحاڵ دواتر دەستم کرد بە پشکنینی ژوورەکە، پاش لێکۆڵینەوەیەکی ورد توانیم بەرزی باڵای بکوژەکە بپێوم، هەروەها هەندێک زانیاری تریشم پەیدا کرد، بۆ نموونە جگەرە و نینۆکەکانی. دواتر تێبینی ئەوەم کرد کە هیچ ئاسەوارێکی لێدان لەسەر لاشە مردووەکە نییە، ئەوەش مانای ئەوە بوو کە ئەو و بکوژەکە شەڕیان نەکردووە، بە هۆی ئەمەشەوە زانیم کە ئەو خوێنەی ڕژابوو و

**ئەوەی کە نووسینەکەی پێ نووسرابوو خوێنی بکوژەکە بووە. لە ڕێگەی هەنگاوەکانیشی زانیم کە لەو کاتەدا زۆر توڕە بووە، هەروەها بە پێی پەستانی پاشماوەکەش دیاربوو کە کەسێکی بەهێزە، ئەمانە کۆمەڵە زانیارییەک بوون کە زوو دەستم کەوتن. دوای ئەوەی لە ماڵەکە ڕۆیشتین، ئەوا نامەیەکم بۆ ئێستگەی پۆلیسی "کلیڤلاند" نارد و تێیدا دەربارەی هاوسەرگیری (دریبەر)م پرسی، ئەوەیان وەڵام دامەوە کە چاوەڕێم دەکرد، گوتیان کە پێشووتر (دریبەر) داوای پاراستنی کردووە لە دەستی ڕکابەرێکی کۆن، ئەویش (جێفرسن هۆب)ە کە ئێستا لە "ئەوروپا"یە، بەم شێوەیە کۆتاییم بە هەموو شتێک هێنا و تەنیا مابوو کە بکوژەکە قۆڵبەست بکەم.**

**دەمزانی کە ئەوەی ئەو شەوە لەگەڵ (دریبەر)دا بۆ ماڵەکە ڕۆیشتبوو بریتی بوو لە شۆفێرەکە کە (هۆب)ە، چونکە ئاسەواری جووڵەی ئەسپەکە ئەوەی دەرخست کە لەو کاتەدا کەسی لا نەبووە تاکو گوریسەکەی بۆ بگرێت و نەهێڵێت بە ئازادی بجووڵێت، کەوایە شۆفێرەکە لە کوێ بووە ئەگەر لەناو ماڵەکەدا نەبوویێت؟ بۆیە زوو زانیم کە خۆی بووە. هەروەها چ کارێک لە کاری شۆفێری باشترە تاکو پێی ڕاوی کەسێک بنێیت یاخود چاودێری بکەیت؟ کاتێک بیرم لەوە کردەوە، ئەوا خێرا سەیری تۆماری شۆفێرەکانی "مێترۆپۆلێس"م کرد و بۆم دەرکەوت کە (جێفرسن هۆب) لەوێ وەکو شۆفێرێک کار دەکات. ئەگەر لەوێش کاری کردبێت، ئەوا ئێستا واز ناهێنێت، چونکە ئەگەر وایکردبا، ئەوا سەرنجی بۆ خۆی ڕادەکێشا، بۆیە لەسەر کارەکەی بەردەوام بوو، بە لایەنی کەمەوە تاکو بارودۆخەکە ئارام دەبۆوە. دواتر بیرم لەوە کردەوە کە هیچ هۆکارێک نییە تاکو ناوی خۆی بگۆڕێت، بۆچی ناوی خۆی لە شارێک دەگۆڕێت کە هیچ کەسێک نایناسێت؟ بۆیە ئەمە کاری منی ئاسانتر کرد کاتێک سواڵکەرە بچووکەکانم نارد تاکو ئەو بدۆزنەوە، بیریشت دێت کە ئەوان سەرکەوتوو بوون. ڕووداوی کوشتنی (ستانگرسن)یش شتێکی تەواو چاوەڕوان نەکراوبوو، بەڵام بە هۆی ئەوەوە زانیم کە ئەو حەبانە بوونیان هەیە کە پێشووتر لێیان گومانم هەبوو، بەم شێوەیە شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەکانم ئەنجام دا.**

**-بەڕاستی ناوازەیت! تۆ شایەنی ئەوەیت کە خەڵک بتناسێت، پەرتووکێک لەسەر چیرۆکەکانت بنووسە، ئەگەر ناشی نووسیت، ئەوا من دەینووسم!**

**-چۆنت پێ باشە وابکە دکتۆر، وەرە سەیری ئەمە بکە.**

ڕۆژنامەیەکی پێدام کە خۆی هێنابووی، دواتر ئاماژەی بە دۆسیەی ئێمە کرد، نووسرابوو:

**دوای لێکۆڵینەوەیەکی ورد دەرکەوت کە (جێفرسن هۆپ)ی شۆفێر بەرپرسیاری کوشتنی (ئینۆش دریبەر) و (جۆزف ستانگرسن) بووە، تەواوی زانیارییەکانمان لا نییە، بەڵام ئەوەندە دەزانین کە ئەوان پێشووتر ڕکابەرایەتییان لەسەر کچێک هەبووە، شایەنی باسیشە کە مەزهەبی "مۆرمۆن"یش دەستی لەو ڕکابەرایەتییەدا هەبووە، چونکە ئەو دوو پیاوە پێشووتر لە "سۆلت لەیک" سەر بە "مۆرمۆن"ییەکان بوونە و دوای کودەتایەکی ئایینی لەوێ ڕایانکردووە. باشترە کە کۆچبەران ئەم جۆرە کێشانە لە وڵاتی خۆیان چارەسەر بکەن، نەوەکو لە خاکی ئینگلیزیدا. بەهەرحاڵ ئاشکرایە کە ئەوانەی کۆتاییان بەم دۆسیەیە هێناوە، بریتین لە دوو لێکۆڵەری ئینگلیزی زیرەک بە ناوی لێکۆڵەر (لێستراد) و لێکۆڵەر (گرێگسن). شایەنی باسیشە کە تاوانبارەکە لە ماڵی (شێرلۆک هۆڵمز) قۆڵبەستکرابوو، بەڕێز (هۆڵمز) لێکۆڵەرێکی تازەکارە کە کەمێک توانای لێکۆڵینەوەی هەیە. وا چاوەڕوان دەکرێت کە لێکۆڵەر (لێستراد) و لێکۆڵەر (گرێگسن) خەڵات بکرێن بەوەی کە دۆسیەیەکی وا قورسیان چارەسەر کردووە.**

(هۆڵمز) بە پێکەنینەوە گوتی: خۆ پێم گوتیت کە تەواوی هەوڵ و کۆششەکان بۆ خۆیان دەبەن و ناوی ئێمە ناهێنن!

- گرنگی بەوە مەدە، من تەواوی ڕاستییەکان دەزانم، بەمزووانە خوێنەرانیش ڕاستییەکان دەزانن بەوەی کە لەسەر ئەم ڕووداوانە دەنووسم، لە ئێستادا تەنیا گرنگی بەوە بدە کە سەرکەوتنێکی گەورەت بەدەستهێناوە.

# کۆتایی